MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

706

علی اصغر احسانی

# بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

هەولێر - 2008

- **بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا**
- نووسینی: علی اصغر احسانی
- وەرگێڕانی: ئەبوبەکر سالّح ئیسماعیل
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- پیتچنین: گۆران جەمال
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: (2695) سالّی 2008
- نرخ: (2000) دینار
- چاپی یەکەم : 2008
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب** (345)

مالّپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک


ناوەڕۆك ..... 3
پێشەكی: ..... 5
پاشەكشێ بۆ كوردستان ..... 9
- لەگەڵ بارزانییەكاندا ..... 39
- هێرشی سوپا بۆ سەر بارزانییەكان ..... 48
- دواین ڕۆژانی ژیانی ئێمە لە نێو هۆزی بارزانیدا ..... 62
- مەلا مستەفا لە تاران ..... 67

پاشكۆكان و بەڵگەنامەكان ..... 89
پاشكۆی (1) ..... 91
- چەند رووپەڕێك لە بیرەوەرییەكانی سەرهەنگ بیگلەری: ..... 91
- ئامادەكارییەكان بۆ ئۆپەراسیۆنگەل دژی بارزانییەكان ..... 92
- بڵاوبوونەوەی هێزەكانی سوپای شاهەنشایی ..... 94
- ئۆپەراسیۆنەكانی كاروانەكانی باشوور ..... 98

داگیركردنی قەلعەخان و تاووس و وەزنێ ..... 101
گەمارۆدانی نەلوس و شەهید بوونی رائید كلاشی ..... 102
- شەهیدبوونی نەقیب قەرەباغی ..... 104
- گیرانی كەلات ماران و گارنە ..... 105
- گەیشتنی هێزی یاریدە و هێرشی گشتی ..... 106
- داگیركردنی شنۆ ..... 107

پاشكۆی (2) ..... 119
- هەندێك بەڵگەنامەی سوپا لە بارەی بارزانییەكانەوە: ..... 119
- ئەركانی هێزی كوردستان ..... 127
- ڕاگەیاندنی ژمارە (1) ..... 127
- قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆن ..... 132

## پێشەکی

پاش روخانی هەردوو کۆماری دیموکراتی کوردستان و ئازەربایجان، و هێرشی سوپای ناوەندیی دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی ئەو دوو هەرێمەو سەپاندنەوەی حوکمی ناوەندی، ژمارەیەك لەو ئەفسەرانەی کە کاتی خۆی لە پاشماوەکانی راپەڕینی چەکدارانەی ئەفسەرانی خوراسان بوون، یان ئەوانەی کە لە سوپاوە بە کۆماری ئازەربایجانەوە پەیوەست ببوون و لەریزەکانی سوپای میللی ئازەربایجاندا لە شەڕەکانی دژی دەوڵەتی ئێراندا بەشدارییان کردبوو، کەوتبوونە بەردەم زریانێکی رەشی چارەنووسیانەوە. ژمارەیەکیان، هەروەکو لە بیرەوەری ئەو ئەفسەرانەدا هاتووە، هەر زوو بەرەو سنوورەکانی ئەودیوی یەکێتی سۆڤێتی جاران، پەڕیبوونەوە. هەندێکیشیان کە لە بەرەکانی شەڕ لە سەنگەردا بوون، بەبڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆتایی هێنان بە بەرگریی لەلایەن رابەرانی ئازەربایجانەوە، بەرەو کوردستان دێن و پاشان بڕیاریان لەسەر ئەوە ساخ دەبێتەوە کەچارەنووسی خۆیان لەگەڵ چارەنووسی هۆزی بارزان، گرێ بدەن. ئەو ئەفسەرانە کە پلەو رشتەی جۆربەجۆریان هەبووە، دوای پاشەکشێی هۆزی بارزانی لە کوردستانی ئێران و دوایی هاتنی شەڕو لێکدانەکان. لەگەڵ سوپای ناوەندی ئێران، بەرەو سنوری عێراق دێن و ئینجا لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنەی کە لەلایەن کاربەدەستانی ئەوسای دەوڵەتی پاشایەتیی عێراقەوە پێیان درابوو کە مامەڵەی پەنابەری سیاسیان لەگەڵدا دەکرێ و قبوڵ دەکرێن، بڕیار دەدەن کە خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی عێراقیێ بکەن. دەوڵەتی پاشایەتی عێراق بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی و هاودژ بە هەموو رێورەسمێکی پەیمانەکانی نێودەوڵەتی و هەموو بنەمایەکی پەنابەری سیاسییەوە، یان هەروەکو ئەوەی ئەو پەناهێنەرانەکۆمەڵە گوناه و تاوانێکیان بەرامبەر دەوڵەت و گەل و سەروەریی عێراق ئەنجام دابێ، دەست بەسەریان دەکاو هەڵیان دەداتە نێو گرتوخانەکانی خۆیەوە و پاشان بەوەشەوە ناوەستن و پاش ئەوەی کە لە بەرواری (26ی فروردین ساڵی 1326) لە



خاڵی سنوری حاجی ئۆمەرانەوە خۆیان تەسلیمی عێراق کرد) لە بەرواری (1ی فروردین ساڵی 1329) لە خاڵی سنوری خانەقین - خسرەوی، تەسلیمی دەوڵەتی ئێران دەکرێنەوە. دەوڵەتی ئێرانیش دادگای سەربازییان بۆ دادەنێ و حوکمی جۆربەجۆریان بۆ دەبڕێتەوە.

پاش رووخانی رژێمی پاشایەتی و تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر ئەو رووداوانەدا، هەندێك لەو ئەفسەرانە بیرەوەری ژیان و تێکۆشانی ئەو قۆناغەیان نووسیوەتەوە و چاپ و بڵاویان کردۆتەوە لەوانە:

ئەبولحەسەنی تەفرەشیان: راپەڕینی ئەفسەرانی خوراسان.

نەجەف قولی پسیان: لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس.

مورتەزا زەربەخت: لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس.

(ئەم سێ کتێبەی سەرەوە لەلایەن بەڕێز خوالێخۆشبوو شەوکەت شێخ یەزدین، کراون بەکوردی)

سەفەری قەهرەمانیان: بیرەوەرییەکانی سەفەرخان: دیداری عەلی ئەشرەف دەروێشیان لەگەڵ سەفەری قەهرەمانی.

عەلی ئەسغەری ئیحسانی: بیرەوەرییەکانی ئێمە لە راپەرینی ئەفسەرانی خوراسان.

(ئەمەی دوایی ئەم کتێبەیە کە ئێستا لەبەر دەستی خوێنەر دایە).

عەلی ئەسغەری ئیحسانی بۆ یەکەم جار ئەم کتێبەی لە ساڵی 1378 بڵاوکردۆتەوە. ئیحسانی لە ساڵی (1300) لە شاری سەراب هاتۆتە دنیاوە. ئەو لەم کتێبەدا بیرەوەری ژیان و تێکۆشانی خۆی لە 475 لاپەڕەدا دەگێڕێتەوە کە لە بەشی یەکەمدا ساڵانی بەرایی ژیانی و پاشان چوونی بۆ کۆلێژی سەربازی و دەسپێکی بەشداربوونی لە چالاکی و هەڵسوڕانی سیاسی و بەدوای ئەودا راپەڕینی ئەفسەرانی خوراسان دەگێڕێتەوە. پاشان دەستگیر بوونیان و چۆنیەتی هەڵاتنیان لە زیندان و پەیوەست بوونیان بەسوپای میللی ئازەربایجانەوە، پاشەکشێی خۆیان بۆ کوردستان و هاوڕێ بوونیان لەگەڵ بارزانی و هۆزی بارزان، خۆ تەسلیم کردنیان بەعێراق و گرتوخانەکانی باشوری عێراق و دواجار تەسلیم

کردنەوەیان بە دەوڵەتی ئێران و ماوەی دادگایی کردن و پاشان ژیانی بەندیخانەو داستانی جزیرەی خارك، دەگێڕێتەوە.

ئێمە لە بارەی ئەم کتێبەوە تەنیا ئەو بەشانەمان وەرگێڕاوە کە تایبەتن بە بارزانی و پاشەکشێی بارزانییان، لەویشدا ئەوانەی کە خۆیان لەگەڵ رووداوەکاندا بوون و بەشدارییان تێدا کردووە.

نووسەر لە کۆتایی بیرەوەرییەکانی خۆیدا چەند بەڵگەنامە و قەباڵەی رەسمی وەزارەتی جەنگی ئێرانی وەکو کۆمەڵە پاشکۆیەك کردۆتە پاشبەندی کتێبەکە. ئەم بەڵگەنامانە لەپاشکۆی کتێبی بارزانی.. لە مەهابادەوە.. بۆ ئاراس) بڵاوکراونەتەوە.

ئێمە بە پێویستمان نەزانی جارێکی تریش لەگەڵ ئەم کتێبەدا بڵاوی بکەینەوە.

لە بارەی تۆمارکردنی بەروارەکان هەروەکو خۆی بەپێی بەرواری ساڵنامەی ئێرانی وەك لە دەقە فارسییەکەدایە هەر ئاوا نووسیومانەتەوە، خوێنەری بەڕێز لە رێگەی ئەم خشتەیەوە دەتوانێ بەروارەکان بگۆڕێ بۆ ساڵنامەی زایینی.

سەرەتا بۆ دۆزینەوەی ساڵی (شەمسی) بەرێگایەکی سادە ئەوەیە کە (621) ساڵ لە بەرواری زایینی کەم دەکەینەوە بۆ ئەوەی ساڵی (شەمسی) دەربچێت بۆ وێنە ساڵی 1947 وەردەگرین پاش دەرکردنی ژمارەی 621 دەبێتە 1326) (ئەگەر سێ مانگی یەکەمی ساڵی زایینی بوو 622 کەم دەکرێتەوە) و بۆ مانگەکان خشتەکە بەم ئاوایەیە:

1- فەروەردین (31 رۆژ): ای فروردین: 21ی مارت
2- اردیبهشت (31 رۆژ): ای اردیبهشت: 21ی نیسان
3- خرداد (31 رۆژ): ای خرداد: 22ی ئایار- مایس.
4- تیر (31 رۆژ): ای تیر: 22ی حوزەیران
5- مرداد (31 رۆژ): ای مرداد: 23ی تەموز
6- شەهریور (31 رۆژ): ای شهریور: 23ی ئاب.



7- مهر (30 رۆژ): ای مهر: 23ی ئەیلول.
8- ئابان (30 رۆژ): ای ئابان: 23ی تشرینی یەکەم.
9- ئازەر (30 رۆژ): ای ئازەر: 22ی تشرینی دووەم.
10- دی (30 رۆژ): ای دی: 22ی کانونی یەکەم.
11- بهمن (30 رۆژ): ای بهمن: 21ی کانونی دووەم.
12- اسفند (29 یان 30) ای اسفند: 20ی شوبات.

بە هیوای ئەوەم کە لەم کارەماندا توانیبمان تیشکێك بگوازینەوە نێو کتێبخانەی مێژووی خەباتی گەلەکەمان کە قۆناغێکی زۆر سەختی پاش رووخانی کۆماری کوردستانمان لە زمانی ئەفسەرێکی بێگانەوە بۆ دەگێڕێتەوە.

**ئەبو بەکر ساڵح ئیسماعیل**

## پاشەکشێ بۆ کوردستان

**خۆراوایەکی خەمبار:** ئێوارەی ڕۆژی (21ی ئازەر) لەگوندی (سەرا) ئەودەمەی کە چرا نەوتییەکان لەم کوخ و ئەو کوخ دادەگیرسان، یەکێك لە سەربازان چرا فانوسییەکەی ژوورەکەی منیشی داگیرساند. لەوەی کە هاکا خۆر لە ئاوا بووندا بوو دڵم توند بووبوو. بە مەبەستی هەوا گۆڕکێ، لەو ژوورە گچکە بەقوڕوکا سواخ دراوەی کە بارەگای فەرماندەیی (تابور) بوو، بەسەردانەواندنەوە لە دەرگای ژوورەکەوە چوومە دەرەوە. خۆراوای گوندی (سەرا) وەکو هەموو گوندەکانی دیکە پڕ لە جموجۆڵ و هەراو هەنگامەیە. دەستەیەك لە ژنان خۆیان سازکردووە و قۆڵی کارکردنیان هەڵماڵیوە، ئەوان پەلەوەرەکانیان وەپێش خۆیان داوەو بەدەم کوکو، کوکو، بەرەو کولانەی شەوانەیان دەبردن. گاکان و مەڕەکان لە لەوەڕ هاتوونەوە. ژنان سەرقاڵی دۆشینیانن.

دەنگی باعەباغی مەڕان و هۆڕە هۆڕی گەورەی گاکان بۆ بێچووەکانیان بانگەوازی ئەوەبوو کە پێیان بڵێن واهاتینەوە. بەرخۆلەکان، کاریلەکان و گوێرەکەکان لە نێو پشتیردا بەندکران و هێمان مۆڵەتی دیداری دایکیان نییە. دۆشینی ئاژەڵەکان تەواو دەبێ. بەرخۆلەکان، کاریلەکان، گوێرەکەکان ئازا دەبن و بەخێرایی خۆیان دەگەیەننە دایکەکانیان و خۆیان دەخەنە بن سکیانەوە. گوانی دایکەکانیان دەگرت و ئەو شیرەی کە دایکەکانیان لە کاتی دۆشیندا هەروەکو دەڵێن ((دزیویانەتەوە)) و بۆ ئەوانیان هەڵگرتووە، دیمەنێك بوو دڵی بنیادەمی دەخستە شین و زارییەوە.

ژنان تەنوورەکانیان داگیرساندووە و هەوا پڕ لە دوکەڵ و بۆنی شیاکەی سوتاوە. ئەوان هەویریان بە تەنورەوە دەداو نان و خۆراکی خێزانەکەیان ئامادە دەکرد. بۆنی برژانی نان لەگەڵ بۆنی دوکەڵ و تۆزو گەرد بەهەوادا دەسوڕایەوە. لە حاڵ و وەزعێکی ئاوادا لە پێش ژوورە قوڕەکەی خۆم لەسەر زەوییەکی کە درێژی و



پانییەکەی دوو مەتر یا کەمتر بوو، پیاسەم دەکرد. لە دوورەوە دەنگی هاوڕێی خۆشەویستم، (زەربەخت)م هاتە بەر گوێ. بە بینینی زەربەخت دڵم هاتە جۆش.

زەربەخت ئەفسەرێکی فرۆکەوان بوو. بیرم کردەوە ئەو لەو شەڕگەیە چ دەکا! ئێرە فڕۆکەی لێ نییە تا ئەو بۆ بۆردومان یان دۆزینەوەی دوژمن کەڵکی لێ وەربگرێ، ئەی کەوابێ لێرە چ دەکا!

زەربەخت نزیك بۆوە، باوەشمان بەیەکتریدا کرد. ئەو سەرو روخسارێکی غەمناکی هەبوو. زەربەخت زۆر رێك و راستەو بێ پەردە قسە دەکا. بێ پێشەکی گوتی: ئەسغەر! من لەلایەن پیشەوەری راسپێردراوم کە ئەفسەرانی هەڵاتووی بنکەکان و ئەفسەرانی سوپای حکومەتی ناوەندی کە حوکمی مردنیان بۆ دەرچووە، ئاگادار بکەمەوە کە دەسبەجێ بگەنە تەورێزو بەرەو سنوری سۆڤێت بەرێ بکەون. وەڵامیم دایەوە: زەربەخت! باشە ئەم سەربازو ئەفسەرانە چ لێبکەم؟ نا، نا هەرگیز، من ئەو فەرمانە قبوڵ ناکەم. ئەمە هەڵاتنەو هەڵاتنێکی سەرشۆڕانە، ترسنۆکانەو ریسوابونانەیە ئەمە هاوڕێیەتییەکی نیوە رێگایە. زەربەخت پرسی: ئەی باشە چ دەکەی؟ وەڵامیم دایەوە: من لەگەڵ تابورەکەی خۆمدا بەرێکوپێکییەوە بەرەو کوردستان پاشەکشێ دەکەم، و پاش ئەوەی سووپای ناوەندی دێتە ناوچەکەوە ئەوا مسۆگەر لە نێو ئێمەو ئەواندا لێکدان روودەدا. ئینجا یا دەمرین یا سەردەکەوین، هەر ئەوەندەو بەس. زەربەخت گوتی: منیش لەگەڵ تۆدام. ئینجا رۆیشت تا ئەو فەرمانە بە (تەفرەشیان) فەرماندەی (تابور)ی تۆپخانە، و ئەرتەشیار و باقی ئەفسەرانی دیکە کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە حوکمی مردنیان بەسەردا دراوە، رابگەیەنێ. هەڵبەتە لەو شەڕگەیەدا هیچ کام لە هاوڕێیانی ئێمە ئامادە نەبوون سەربازەکان و کەسەکانی خۆیان بەجێ بێڵن، و نەیانویست سەربازانی بێ تاوان لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا هەروا بەتەمای خوا بەجێ بێڵن و سەری خۆیان هەڵبگرن و بەرەو سۆڤێت هەڵبێن. ئاخر شەڕەف و رەوشت و مرۆڤدۆستی و باوەڕی سەربازیی بۆ کوێ چووبوو. هیچ کام لە ئەفسەرانی حوکمدراو بەمردن فەرمانی پیشەوەرییان قبوڵ

نەکرد. ئەوان نەچوونە ژێر باری هەڵاتنێکی ترسنۆکانەوە. هەموویان لە پەنای سەربازان و کەسانی ژێر سەرکردایەتی خۆیاندا مانەوەو بەرەو چارەنووسی نادیاری خۆیان ڕۆیشتن. تەنیا یەکێك لە ئەفسەرانی پێشکەوتوو بەموتورسکلی پۆستەبەری هەڵات و خۆی لەمەرگەسات دەرباز کرد.

من هەموو یەکەکانی (تابور)م، جگە لە دەستەی ریزهاوێژە قورسەکان کە لەبەر دەستدا نەبوون، کۆکردەوە و بەرەو پاشەکشێ ئامادەم کردن.

ئەم هەواڵەی زەربەخت هەموو هیوا و ئارەزووەکانی ئێمەی کردە بڵقی سەرئاو. ئێمە بیرمان لە چ دەکردەوەو دڵی خۆمان بە چ دەدایەوە و پاشان چیمان بەسەرهات! هەموو خەونە زێڕینەکانی ئێمە وەکو دوکەڵ، وەکو دوکەڵی نانەوای گوندەکە بە هەواداچوو. چ غەمناکی و پەرێشانحاڵییەك دەهێنێ کە لەیە ساتدا و بەیەك فەرمان و بەیەك پێڕاگەیاندن هەموو تەون و بەستەکانی هیوا ئینسانییەکان هەڵبوەشێنەوە. ئێمە بەئومێدی سەرکەوتن و وەرگرتنەوەی تۆڵە لە دوژمنانی گەلانی ئێران لە نێو سەنگەردا پشت گەرم بووین و پێمان داچەقاندبوو و بۆ دەرچوونی فەرمانی هێرشکردن چرکەمان بەدوا چرکەدا دەژمارد! ئێستا چ قەوما!

بە هەق دەبێ دان بەوەدا بنێم کە یەکێك لە سەختترین و ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەوەبوو کە گوێم لە راگەیاندنی پیشەوەری و خوێندنەوەی بەیاننامەی فیرقەی دیموکرات بوو کە لەلایەن رابەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانەوە دەرچووبوو و لەوێدا رایانگەیاندبوو کە بۆ پێشگیری کردن لە برا کوژی بڕیاری کۆتایی هێنان بە بەرهەڵستی دراوە هەروەها لەو بەیاننامەیەدا فەرمانێك هاتبوو کە دەبێ هەموو سەربازان بگەڕێنەوە بۆ نێو سەرباگەکانی خۆیان. ئەوەی کە مایەی داخ و خەمباری بوو! ئەو راگەیاندنە لە کوێ و (مردن هەیەو گەڕانەوە نییە)، لە کوێ؟

هەر چۆنێك بێت ئەم راگەیاندنە وەکو ئەوەی کەبە چەکوشێکی قورس لەسەری منیان دابێ وابوو، و تا چەند ساتێك بیرکردنەوە و بڕیاردانم نەبوو. ئیدی ئەژنۆکانم لە توانایاندا نەمابوو هاوسەنگیم رابگرن. من نووسەر نیم بۆیە ناتوانم



واژەگەلێکی وا کە تین و تاوی خەم و پەشۆکاویم ئاشکرا بکا، بدۆزمەوە و بینووسم. روخسارێکی خەمگین و پەرێشانم هەبوو. لەبەر باری کەسەرو غەمدا کۆم ببوومەوە.

ماوەیەك لەو حاڵەتی پەشۆکاوی و سەر لە گێژەوە چوونە تێپەڕی تا وردە وردە فەرماندەکانی یەکەکانی ئازەربایجان، ئەرتەشیارو زەربەخت بەمنەوە پەیوەست بوون. پەیامێکم بۆ (سەروان سغائی) نارد تا دەسبەجێ (سریە)ەکەی کۆبکاتەوە و لە (سەرا) بە ئێمەوە پەیوەست ببێ و ئێمەش باقی (سریە)کانی ترمان کۆکردەوە و بەپیادە بەرەو بۆکان بەرێ کەوتین. شەو داهاتبوو رێگایەکی درێژمان لە پێش بوو.

**لە ریزی یەکەمی ئەو کاروانەدا ئەفسەران:**

ئەرتەشیار، زەربەخت، تیوای، توکللی، قریب ئازەری، چنگیز (عەلی ئەسغەری) و من دەڕۆیشتین. شەوێکی نیوە مانگەشەو بوو، دەنگی هاوسەنگی پێی رێبوارانی پیادە بە ریتم و ئاهەنگێکی دیاریکراو کە ئاماژەی بۆ رێکوپێکی و دیسپلینی سەربازی دەکرد، نەیتوانی بیرو ئەندێشەکانی ئێمەی لاو لەو زەڕبەیەی کە پێمان کەوتبوو، دووربخاتەوە. هەر کام لە ئێمە لە نێو خەیاڵاتی خۆیدا نقوم بووبوو. خەمێکی گیان هەنگێو لە دڵی ئێمەدابوو. ئێمەی ئەفسەران کە لە ریزی پێشەوەی ئەو کاروانە بووین، هەر کاممان یەك دانە چەکی بەر کەمەر و یەك دانە (ئەفتومات)مان پێبوو. ئێمە پێمان وابوو هەموو گرفتارییەکانی ئێمە هەر ئەوەندە تا دەگەینە بۆکان و تا بە (تابور)ی سەرگورد خاکساری پەیوەست دەبین، دەبێ و ئینجا لەو حاڵەتەدا هێزێکی بەرچاومان بە ئاگرێکی قورس و چڕەوە دەبێ، و پاشان بە پەیوەست بوونمان بە (تابور)ی تەفرەشیانەوە دووبارە هێزی ئێمە زیاد دەبێ. لە دڵی خۆماندا بیرمان دەکردەوە کە (سەرهەنگ پیرزادە) کە لەلایەن سوپای ئازەربایجان بەرپرسیاری خزمەتگوزارییەکانی ئەو شەڕگەیەی لە ئەستۆدایە، ئێستا لە پەنا سەرگورد خاکساری دانیشتووە و چاوەڕێی چوونی (تابوری

تەفرەشیان) و منەو ئێستا چرکە بە دوو چرکەدا دەژمێرێ و پاشان کە هەمووان پێکەوە پەیوەست بووین کۆبوونەوەیەك سازدەدەین و بەتاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخێکی کە لەئارادایە بڕیارو نەخشەی پێویست دادەڕێژین. بە هیچ شێوەیەك بیرمان لەوە نەدەکردەوە هاوڕێیانی ئێمە پشتی ئێمە چۆڵ بکەن و ئێمە بە ئەمانەتی خوا بسپێرن. بەڵام بەداخەوە.

بەپێی دیسپلینی سەربازی، پەنجا دەقیقە دەڕۆیشتین و دە دەقیقە پشوومان دەدا. سەربازانی (تابور) تەواوی کەرەسەو ئەسپابی شەڕو پێداویستییە کەسییەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرت. ئەوان باریان گران و باری خەمیشیان گرانتر بوو.

گەیشتینە نزیکی بۆکان. لە گۆڕەپانێکی نزیك بۆکان راوەستاین. لەو دەمەدا کوردەکانی بۆکان پێیان راگەیاندین کە پیشەوەری و غولام یەحیاو هەر هەموو رابەرانی ئازەربایجان بەرەو سۆڤێت هەڵاتوون) و سوپای ناوەندیش لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوودا تەواوی ئازەربایجان و کوردستان داگیر دەکاتەوە. هەر لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداربووین کە سەرهەنگ پیرزادە سەرۆك ئەرکانی بەرەی شەڕ بەسەر پشتی هەمان مۆتۆرسیکلەوە کە بەیاننامەو پەیامی بارەگای گشتی پێ هێنابوو، خۆی لە مەرگەسات دەرباز کردووە و هەموو هێزەکانی سوپای ئازەربایجانی لە بەرەی شەڕی کوردستان بەتەمای خوا بەجێ هێشتووەو بە دوو سۆراخی ژن و منداڵەکانی خۆیدا رۆیشتووە. بەکورتی سەری خۆی هەڵگرتووەو هەڵاتووە. هەروەها سەرگورد خاکساری فەرماندەی (تابور)ی یەدەگ کە لە ریزی یەدەگدا دامەزرابوو، بنکەکەی بەتەواوی چەك و کەرەسەو تفاقەوە بەرەڵڵاکردووە و هەڵاتووە. ئافەرین بۆ هێزی یەدەگ و سەد سڵاو لە سەرۆکی ئەرکانی بەرەی شەڕ!!

لە هەمان کاتدا کوردەکان لە تەنیشتی چەپی کاروانەکەی ئێمەوە، لە نێو باخاتەکانی دەوروبەری بۆکانەوە لە نەفەرەکانی (تابور) نزیك کەوتنەوە بەزمانی ئازەربایجانی گوتیان بۆ کوێ دەچن؟ هەموو هەڵاتوون. پیشەوەری هەڵاتووە. سەرهەنگ پیرزادە هەڵاتووە. فەرماندەی ناوچە ژەنراڵ عەزیمی ئەویش رایکردووە.



بەو قسانەی کوردەکان هەڵڵاو هەنگامەو ژاوەژاوێك کەوتە ناو ریزەکانی نەفەرەکانی (تابور)ەوە. جگە لە بەکارهێنانی زەبرو زەنگ چارەیەك نەبوو: یەك ریز (ئەفتومات) بەرەو رووی کوردەکان تەقێنراو ریزی دووەم هەڵاتن. کوردەکان بەرەو پشتەوەی دیواری باخەکە کە نزیکەی سەدمەتر لەگەڵ جادە نێوانی هەبوو، پاشەکشێیان کرد.

من جگە لەوە کە راستییەکان بە ئەفسەران و سەربازانی ژێر فەرماندەیی خۆم رابگەیەنم، چارەیەکی دیکەم نەبوو. لەگەڵ باقی ئەفسەرانی تر کە هاوڕێمان بوون لەمبارەیەوە راوێژم کردو بڕیاردرا راستییەکان رێك و راست بە ئەفسەران و پلەداران و سەربازانی ((تابور)) رابگەیەنم. زەوییەکی پان و پۆڕ لە پەنای جادەکە، کە بەرەو ناوشاری بۆکان دوایی دەهات، هەبوو. بە یارمەتی سەربازەکان چوومە سەر بەردێکی گەورە کە لە نێو زەوییەکەدا بوو و داوام لە هەموو نەفەرەکانی ((تابور)) کرد کە بازنەیەك بە دەوری بەردەکەدا ببەستن و گوێ لە قسەکانم رابگرن. بە زمانی ئازەربایجانی گوتم: بولداشلار (هاوڕێیان) بەوپەڕی داخەوە پێتان رادەگەیەنم کە هەموو ئاواتەکانی ئێمە بە باداچوون، ئیتر نە ئارەبایجانێکی ئازادو دیموکرات بوونی هەیەو نە سوپایەکی میللی، هەموو رابەرانی ئازەربایجان جێگای بەرپرسیاریی خۆیان بە جێ هێشتووە و بەرەو ئەودیوی سنور هەڵاتوون. ئێستا ئێوە هەن و ئێمە هەین کە لە ناوچەی کوردستانداین. ئێمەی ئەفسەران بڕیارمان داوە کە خۆمان بە دەستەوە نادەین. ئێمە دەمانەوێ بەرەو کوردستان بڕۆین و ئەگەر دەرەتان بوو ئەوا دەستەی بەرگری چەکدارانە پێکدەهێنین و خەباتی پارتیزانی دەست پێ دەکەین. لە بەرامبەر سوپای ناوەندیدا درێژە بە جەنگ و خەبات دەدەین.

ئێوە هەر کامتان دەتوانن بە هەر شێوەیەك کە لە توانادایە بۆ شارو دێهاتەکانی خۆتان بگەڕێنەوە. هەر کەسێك ئارەزوو دەکا ئەوا بێ چەندو چوون دەتوانێ لە ئێمە جیا بێتەوە و هەر رێگایەك کە خۆی هەڵیدەبژێرێ، ئەو رێگایە بگرێتەبەر. بەڵام ئەوا بێ سێ و دوو دەبێ چەك و کەرەسەی سەربازی خۆی

تەسلیم بکاو بێ چەك بەرەو ماڵ و سەر ژیانی خۆی بگەڕێتەوە. لەم کات و ساتەدا هەڵگرتنی تەنانەت یەك تاکە فیشەکیش بە نرخی گیانی ئێوە تەواو دەبێ و کوردەکان ئێوە دەستگیر دەکەن و چەکەکانتان لێ دەکەنەوە و ئەگەر بچووکترین بەرهەڵستیش بکەن ئەوا دەتانکوژن. جا بۆ ئەوەی ئێوە لە هەڵبژاردنی ڕێگای خۆتاندا بە ئازادی بەجێ بهێڵین و نەبینە بایسی ئەوەی کە ئێوە لە شەرمی لە ڕوودامان دابن. ئێمەی ئەفسەر دەچینە ناو ئەو بنکەیە کە چەند هەنگاوێك لێرەوە دوورەو ئێوە لە وەرگرتنی بڕیاری خۆتاندا بە ئازادی بەجێ دەهێڵین ئینجا هەموو ئەفسەران بەرەو چوار دیواری بنکەکە ڕۆیشتین.

بەوپەڕی داخەوە لە نێو کەسەرو خەمێکدا کە لە وەسف کردن نایە بینیمان کە بنکەکە سەربازو کارمەندی تێدا نەماوەو هەموو چەك و پێداویستییەکانی بەتاڵان چووە و لێرەو لەوێ هەندێك پارچە پۆتینی کۆنەو بلوزی سەربازی کەوتووە. ئەوانە شتێك نەبوون کە نرخی ئەوەیان هەبێ بە تاڵان ببرێن. فایلەکان و بەڵگەنامەکانی (تابور)ی یەدەگ لە نێو حەوشەکەدا پەرت و بڵاوببوونەوە و بنکەکە دیمەنێکی غەمگینانەو بێزارهێنی هەبوو. چووینە ناو بینایەی بنکەکەوە. دەرگای هەموو ژوورەکان کرابوونەوە. لە کاتی تێپەڕینمان بە نێو داڵانی بنکەکە تووشی دەرگایەکی داخراو هاتین. دەرگای ژوورەکەمان کردەوە ئەویش بەتەواوی تاڵان کرابوو. هەڵبەتە بەهۆی ئەوەی کە دەرگاکە قفڵ درابوو، بەگوللە قفڵەکانمان شکاندو دەرگاکرایەوە. پاشان زانیمان کە کوردەکان بۆ شۆردنەوەی گوناهەکانی خۆیان و پاکانەی هاوکارییان لەگەڵ فیرقەی دیموکرات، ژمارەیەك لە هاوڕێیانی ئێمەیان بەو ڕستەو قسانە تەفرەدابوو: ((بە هەقیقەت هەواکەی تووشەو گیانی ئێوە لە مەترسییەکی مسۆگەر دایەو واباشترە کە ئێوە لە جێگایەك بشارینەوە تا سوپای ناوەندی. لێرەوە لە بۆکانەوە تێدەپەڕێ پاشان شەوانە ئێوە دەگەیەنینە سەقز تاکو لە وێوە بڕۆنە تاران یاخود جارێ تا ئەم گەردەلولە دەنیشێتەوە میوانی ئێمە بن!)) و ئینجا بە قۆڵ بەستراوی تەسلیمی بەرپرسانی سوپای ناوەندی یان کردن و هەموو ئەوانە لە مهاباد بەگروپی لە



سێدارەدان دەسپێرن و گوللەباران کران. ڕوحیان شادبێ! لە وانە سەرگورد خاکساری، سەروان زەهیری، ستوان حەقپەرست. (سەروان سغائی) ئەویش کە چەند کاتژمێرێك پاش ئێمە چووبووە نێو بۆکانەوە دووچاری هەمان چارەنووس بۆوە و لە مهاباد گوللەباران کرا. ڕوحی شادبێ!

بە هەرحاڵ ئێمەپاش بینینی وەزعی ناخۆشی بنکەکە، بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ شوێنی مۆڵگەی سەربازەکانی (تابور) لە نێو غەمی بنکەکە چووینە دەرەوە ئەو نۆزدە سەربازەی کە لە (تابور) مابوونەوە بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتن. ئەوانە کە بە ئێمەوە پەیوەست بوون خەڵکی سەراب و ماکۆ بوون. (تابور) کە پتر لە هەزار کەس بوو توابۆوەو شوێنەوارێکیان لێ بەجێ نەمابوو. ئەو نۆزدە کەسە گوتیان: نەفەرەکانی (تابور) چەکەکانی خۆیان تەسلیم کردو ڕێگای ((میاندواو)) یان گرتە پێش و ڕۆیشتن، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئێوەدا دەبین. لە نێو شورەی گۆڕەپانەکە یەك دانە کامیون بەبێ سویچ بەجێ مابوو. خۆشبەختانە من توانیم ئۆتۆمبیلەکە بخەمە ئیش و پاش ئەوەی یەك تەنەکە بەنزینمان دەستکەوت هەموو چەك و ئەسپابی سەربازەکانمان بە هاوکاری ئەفسەران و نۆزدە کەسەکەی کە لەسەرجەمی هەزارو سەدوپەنجا کەس مابوونەوە، خستە ناو کامیونەکەوە.

ئەفسەرەکان: زەربەخت، ئەرتەشیار، تیوای، تەوەکولی، چەنگیز، نیکلا و من. (ستوانی یەکەم قەریبی ئازەری لە هۆش خۆی چووبوو پاشان دەرکەوت کە لەگەڵ سەربازان بەرەو تەورێز چووە و خۆی گەیاندۆتە سنوری سۆڤێت. و نۆزدە لە سەربازەکان سواری کامیون بوون و بەرەو مهاباد کەوتینە ڕێ. لەگەروی بورهان کوردەکان بەمرخی چەك و ئەسپابەکان ڕێگایان لێگرتین. پاش تەقەو لێکدان و شەڕ، توانیمان لە گەروی بورهان دەربازبین و بەرەو مهاباد بکەوینەڕێ.

بەرە بەیانێکی غەمبار بوو. ماندوو شەکەت و تێکشکاو یان باشتر بڵێم گیرۆدەو گیرخواردوو بە ورەیەکی یەکجار پەرێشانەوە لە مەیدانی مهاباد کامیونەکەمان ڕاگرت و لە لێواری جادەکە دانیشتین. ئێمە دەمانزانی چارەنووسێکی شوم و نادیار چاوەڕێمان دەکا. لەڕێگای نێوان بۆکان و مهاباد،

جەنگیز و زەربەخت کە لەسەر تانکی بەنزینەکە لە پەنای شوفێر (من) دانیشتبوون، لە مهاباد سەرنجیاندا کە بەنزینەکە لە ژێر ئەوانەوە زاوەتەوە و بن نافەکیان هەموو سوتاوەتەوە و هەڵ تۆقیوە بەشێوەیەك کە توانای ئەوەیان نییە بە ڕێگادا بڕۆن.

لە مهاباد هەواڵی ماڵی قازی محەمەد رابەری کوردستانمان پرسی. ماڵەکەی ئەو هەر لەو نزیکانە بوو کە ئێمە لێی راوەستابووین. هەواڵمان دایە کە دەمانەوێ بچینە دیدەنی. قازی محەمەد بەمێزەرێکەوە و بەرەنگێکی مات و قەڵافەتێکی پاك و بێ وەی و خەمبار بە پێشوازیمانەوە هات و ئێمەی بەرەو هۆڵێك رێنوێنی کردو ئینجا خۆشی لە بەرامبەرمان دانیشت. شوێنەواری خەمێکی گیان هەنگێو و کەسەرێکی قوڵ لەسەر روخساری روحانیی وی دیار بوو. ئەو بەخێرهاتنی کردین و خۆشحاڵی لە بەرامبەر ئەو دیدارەی ئێمەدا دەربڕی، ئێمە لێمان پرسی: بە بیروڕای تۆ چاری ئێمە چییەو ئێمە دەبێ چ بکەین؟

قازی محەمەد دەستێکی بە سمێڵی خۆیدا هێناو پاش کەمێك بیرکردنەوە گوتی: دۆستانی زۆر ئازیزم، پیشەوەری هەڵاتووە و میللەتەکەی بێ سەرپەرشت بەجێ هێشتووە. هەموو رابەرانی فیرقە ئێستا لە سۆڤێتن. ئەمڕۆ یان سبەی سوپای ناوەندی دێتە ناو ئازەربایجان و مهابادەوە نازانرێ چ بەڵایەك بەسەر خەڵکی بێ پەنا دێنن. من لە نێو میللەتی خۆمدا دەمێنمەوە بۆ ئەوەی پێشگیری لە کوشتاری بێ هەژماری خەڵك بکەم. براکەشم سەیفی قازی کە وەزیری جەنگی کوردستانە لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە. ئێمە وامان بەلاوە پەسندە لە پەنای میللەتی خۆماندا بمرین و میللەتی خۆمان بێ پشت و پەنا بەجێ نەهێڵین. من پیشەوەری و غولام یەحیا نیم. پیشەوەری داوای لە من کرد کە لە نیشتمانی خۆم هەڵێم. نا. ئەوە نابێ. غیرەت و پیاوەتی ئێمە رێگامان نادا میللەتی خۆمان بەجێ بێڵین و سەری خۆمان هەڵبگرین و هەڵبێین. ژەنراڵ عەزیمیش هەڵاتووە نازانم دەتوانێ گیان خۆی دەرباز بکا یان نا.



بارەگای فەرماندەیی ژەنراڵ عەزیمی لە شاری (میاندواو) بوو و سەرۆك ئەرکانیشی سەرهەنگ پیرزادە بوو.

قازی محەمەد درێژەی پێداو گوتی: بەڵام ئێوە یەکەم جار پێم بڵێن ئامانجی ئێوە چییە؟

ئێمەش وەڵاممان دایەوە کە دەمانەوێ خۆمان بگەیەنینە شاری رەزاییە و لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە کە وەك زانیومانە لە بەرامبەر دژە شۆڕشدا ریزبەندییان کردووە و شەڕ دەکەن، درێژە بە خەباتی خۆمان لە دژی دوژمنانی گەل بدەین.

قازی محەمەد گوتی: هەڵبەتە ئەم بیرە، بیرێکی پیرۆزە. خۆزیا رابەرانی ئازەربایجانیش ئاوایان بیردەکردەوە، بەڵام ئەو بیرەی ئێوە لە هەلومەرجی ئێستادا کردەنی نییە. ئێمەش گوتمان: کەواتە بە بیروڕای تۆ چ بکەین؟ ئێمە ژمارەیەك سەربازمان لەگەڵە و هەروەها یەك کامیون چەك و ئەسپابیشمان پێیە.

قازی محەمەد فەرمانی کرد بەرچایی بێنن. لەسەر سینییەکی مس بەرچاییان هێنا. نان و پەنیری پێستەو چا کە یەکجار خۆش بوو و هەر خۆشی لەگەڵماندا بەرچایی خواردوو جگەرەی پێشکەش کردو بەم جۆرە درێژەی بە قسەکانیدا:

بە لێڕوانینی من چەك و ئەسپابەکانتان تەسلیمی مەلا مستەفا بارزانی بکەن و خۆشتان لەگەڵ هۆزی بارزانی پاشەکشە بکەن. هۆزی بارزان تەسلیم نابن، و ئێوە لە نێو هۆزی بارزاندا بەتەواوی هەست بە ئاسایش و ئارامی دەکەن. سەربازەکانیش ئیزن بدەن با بگەڕێنەوە بۆ ناوماڵ و حاڵی خۆیان. بە هەقیقەت واباشترە کە خۆتان لە جلوبەرگی ئەفسەری دابماڵن و جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن چونکە لەو حاڵەتەدا لە ئاسایشێکی زیاتر بەهرەمەند دەبن. هەر لەو ماڵە وامان کرد. لە بیرمە قازی محەمەد نامەیەکی نووسی و دایە ئێمە. ئەم نامەیە بۆ سەرۆك عەشیرەتان بوو کە لەوێدا ئێمەی بەناوی ئەفسەرانی نیشتمان پەروەر ئازادیخواز بەوان ناساندبوو. لە نامەکەدا نووسی بووی کە لە پێشکەشکردنی هەر جۆرە هاوکارییەك درێغی نەکەن. من داستانی ئەو نامەیەم لە بیر چۆبۆوە تا

زەربەخت بەبیری هێنامەوە. قازی محەمەد بۆ هەر یەکێك لە ئێمە (ئەوەی کە نەیبوو) یەك دانە چەکی بەرکەمەری دایێ. و هەروەها دووسەد تومان پارەی بۆ تویشوی رێگامان دایێ.

پاش دیداری قازی محەمەد ئەو مرۆڤە گەورەو سەربەستە کە دەبێ پیشەوەری و غولام یەحیاکان لە قوتابخانەی ئەودا دەرسی سەرفرازی و گەورەیی و پیاوەتی فێر بن بە حورمەتێکەوە کە لە وەسف کردن نایە، لە حزوری قازی، یادی بەرزو بەرێز بێ، خواحافیزیمان کردو کەوتینەرێ. لەو دیدارە کورتەدا، بەڵام پڕ مانا، و لەو ئاخاوتنە جوامێرانە و ئەو رەفتارە دوور لە روکەش کارییە کە ئێمەی خستەوە یادی (حەزرەتی عەلی-س). ئێمە لە کتێبەکاندا خوێندبوومانەوە و هەروەها لە باوك و دایکمانەوە گوێمان لێ ببوو کە (حەزرەتی عەلی - س) مرۆڤێکی گەورە، پیاوێکی بەهیمەت بوو، رەفتارێکی هاورێ بە ئازایەتی، خەڵك پەروەر و لاوچاك و جوامێری هەبوو.

قازی محەمەد لە نێو گەلی کورددا، کوردانی ئێران و عێراق و تورکیا.. لە خۆشەویستییەکی بێ سنور بەهرەمەند بوو. ئەو مرۆڤێکی لەسەرخۆو ئارام و رەنجکێش بوو. هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێمەدا کە یەکەمین و دوایەمین دیدارمان بوو، ئەوەندە هۆگری و پەیوەست بوونی وێرا بەرێز و حورمەتەوە لە ئێمەدا چاند کە هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. قازی محەمەد رابەرێکی هۆشیارو خوێندەواربوو. یادی بەخێرو بیرەوەری بەرز و نەمربێ!

بەرێزان بوزرگی عەلەوی، جیهانگیر تەفەزولی، شاهندەو کەریمی نوێنەری کوردستان و مهاباد چاوپێکەوتنیان لەگەڵ قازی محەمەددا بووە. قازی محەمەد بەوپەڕی پاکی و راستگۆییەوە بیروڕاکانی خۆی لە بارەی کوردستانەوە راگەیاندووە. باپێکەوە چاوپێکەوتن و بیروڕاکانی قازی محەمەد بخوێنینەوە:

قازی محەمەد بەزمانەکانی روسی و ئینگلیزی خوێندویەتی بەڵام زمانی ئینگلیزی باشتر دەزانێ.قازی محەمەد لە بارەی فیرقەی دیموکراتی کوردستان[1] دەڵێ:

[1] فیرقەی دیموکراتی کوردستان مەبەستی نووسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانە. (وەرگێڕ).



1- گەلی کورد لە ئێران لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ناوچەکەی خۆیدا، ئۆتۆنۆم و ئازادبێ، و لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد فەراهەم بکرێ.
2- بە زمانی کوردی خۆی دەرەتانی ئەوەی هەبێ بخوێنێ و کاروباری فەرمانگەکان بە زمانی کوردی بەرێوەببرێ.
3- بەپێی یاسای بنەڕەتی دەسبەجێ ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بە هەڵبژاردن پێك بێت و چاودێری تەواوی کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی بکا.
4- فەرمانبەرانی دەوڵەت دەبێ بەشێوەیەکی بنەبڕ خەڵکی ناوچەکە بن.
5- لە رێگای یاسایەکی نیشتمانییەوە هەماهەنگی کارگەو خاوەن کار رێك بخرێ و داهاتی ژیانی هەردوولایان دابین بکرێ.
6- حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا لە نێوان خەڵکی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجاندا دەژین (ئاسوری و ئەرمەنی و هی تر) یەکێتی وبرایەتی تەواو فەرمانڕەوا بێت.

لە (پێنجی تیری 1325) قازی محەمەد هاتە تاران، و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دکتۆر جاوید لە تاران بوو. دکتۆر جاوید پاش مانەوەی چەند رۆژە لە تاران و چاوپێکەوتن و دانوستاندن لەگەڵ دەستەڵات و بەرپرسانی وڵات و دیداری شا لە بەرواری (10ی تیری 1325) گەڕایەوە بۆ تەورێز.

قازی محەمەد پاش چەند رۆژێك مانەوە لە تاران و چاوپێکەوتن و دانوستاندن لەگەڵ سەرۆك وەزیران و باقی بەرپرسانی تری دەوڵەت لە بەرواری (19ی تیری 1325) گەڕایەوە بۆ کوردستان.

لە ماوەی مانەوەی قازی محەمەد لە تاران چاوپێکەتنێکی لەگەڵدا ئەنجام درا.. لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا کوردەکان چییان دەوێ، قازی محەمەد بەوپەڕی روخۆشییەوە وەڵامی دایەوە: ئێمە تەنیا دیموکراسی و پیادەکردنی واقیعییانەی دیموکراسیمان دەوێ. ئێمە تەنیا دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی لە رێگای گەشەکردن و پێشکەوتنی ئاشتیانە بۆ هەموو میللەتی ئێران دەخوازین

ئەمرۆ بمانەوێ و نەمانەوێ پێداویستییەکانی دنیا ئالۆگۆڕی بەسەرداهاتووەو خەڵکی جیهان لەگەڵ شێوازگەلی نوێدا ئاشنابوون. هەروەها خواست و داواکاری تازەیان هەیە کە دەبێ رەزامەندییان لەسەر پیشان بدرێ. ئەمە دوایین واژەکانی قازی محەمەد لە بارەی کوردستان، لە تاران بوون.

ئێمە پاش دیداری قازی محەمەد، کە بۆ ئێمە هەلێکی یەکجار لە باربوو، لەماڵەکەی ئەو هاتینە دەرێ. هەرگیز ئێمە سیماو روخساری فریشتەیی و پیاوانەی قازی محەمەدمان لە بیر ناچێتەوە. پاش دەرچوونمان لای قازی، مەلا مستەفا لە رێگاوە دەهات. مەلا مستەفا وەکو سەردارێکی گەورەی سوپایی و جەنگاوەر، لە حاڵێکدا کە روخسارێکی غەمگین و شێواو و لە هەمان حاڵیشدا تورەو پڕ لە خرۆشانی هەبوو. لە دەرەوەی ماڵی قازی لەگەڵ ئێمەدا چاك و خۆشی کردو یەکڕاست بۆ لای رابەری گەورە و نەمری کوردستانی سەرفراز، قازی محەمەدی قارەمان رۆیشت و پاش چەند دەقیقەیەك گەڕایەوە و فەرمانی بە یارانیدا ئەو چەك و پێداویستییانەی کە ئێمە لەگەڵ خۆماندا هێنابوومان وەربگرن. مەلا مستەفا بە ئێمەی گوت: ئێمە لە رێگەی شنۆو نەغەدەوە بەرەو سنوری عێراق پاشەکشێ دەکەین. ئێوەش میوانی ئازیز و هاوڕێی هۆزی ئێمە بن.

ئێستا ئێمە حەوت ئەفسەر لەگەڵ ئەو نۆزدە سەربازە، ئەو نۆزدە مرۆڤە خاوەن هیمەتانەی کە لە نێو زیاتر لە هەزار نەفەر کە رێگەی هەڵاتنیان گرت، بۆ هاودڵی و هاوڕێیەتی، خەباتکردنیان لەگەڵ ئێمەدا هەڵبژاردووە، بەیەکەوەین. ئێمە بەپێی راسپاردەی قازی محەمەد بەدڵێکی پڕ لە غەمەوە و بەچاوی گریانەوە خواحافیزیمان لە سەربازەکان کرد. ئێستا ئەوان لە هەر کوێ بن. پیاوانێکن تەمەنیان لەسەرووی شەستساڵییەوەیە. ئەگەر ئەم بیرەوەرییانەیان کەوتە بەردەست و خوێندیانەوە با بۆ هاوخەباتانی خۆیانی بگێڕنەوە و بزانن کە ناو و بیرەوەری ئەوان بۆ هەمیشە لەلای ئێمە ئازیز و بەرزە و هەرگیز دڵسۆزی و قارەمانی و وەفاداری ئەوان لە یاد ناکەین. بە هیوای ئەوە کە ئەوان ئێستا



خاوەنی ماڵ و ژیان و منداڵانی بەختەوەر بن و هەمیشە بیرەوەری پاڵەوانێتی ئەو رۆژە ترسناك و تاریکانەیان لە یاد بێ. یادیان بەخێر بێ!

ئەگەر پیشەوەری و باقی رابەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تۆسقاڵێك لە جوامێری قازی محەمەدیان تێدابووایە بە یەك ئاماژەی دەست وازیان لە بەرخودان نەدەهێناو بەهەڵە داوان بۆ رزگارکردنی گیانی خۆیان و منداڵەکانیان رێگای ئەو دیوی سنوریان نەدەگرتە بەرو وەکو قازی محەمەد پیاوانە لە سەنگەری خۆیاندا دەمانەوەو ئەگەر لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی سوپادا بەرهەڵستییەکی کەمیان بکردبایە، دەیانتوانی بە رێکوپێکی و هەماهەنگییەوە دوور لەسەر لێشێواوی و دەستەپاچەیی، بەشەڕو کشانەوە، پاشەکشێ بکەن و پاش بەدەست هێنانی متمانە و بەهاداری و شانازییەکی گەورە، ئەو هەموو لاوە بە هەڵمەت و شۆڕشگێڕو ئەفسەرە خەباتکارو گیانبازو بەنرخەیان لەبەر دەستی چنچڕوکی ترسناکی دوژمندا بەرەڵا نەدەکردو چارەنووسیان بە گوللە باران و داری سێدارە نەدەسپارد. ئەگەر هەروەکوو کە ژەنراڵ ئازەر، یادی بەرزو بەرێز بێ، بە پیشەوەری گوتبوو بە بەرنامە و رێکوپێکییەوە پاشەکشێ بکەن، ئەوا مسۆگەر سەردەستەو چەتەکانی شا نەیاندەتوانی پێش هاتنی سوپا بچنە ناو تەورێز و باقی شارەکانی دیکەوە، و دەست بەکوشتاری بێ بەزەییانەی دانیشتوانی بێ گوناه و بێ هەژماری لاوانی فیداکار بکەن کە بە مەرامێکی پاکەوە لە رێگەی سەرفرازیی ئێرانی خۆشەویستدا گیانبازییان کردووە.

ئاشکرایە لە شاری تەورێز لە نێو جۆگای ئاوی شەقامی (ستارخان) (پەهلەوی پێشوو)، خوێن رۆیشتبوو. هەر کەسێك وردە حسابێکی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەبوایە. لە پەنای تاڵانچییان و پیاوکوژانەوە ئەوا سەری لە لەشی جیادەکردەوە. هەر ئەوەندە بەس بوو کە بڵێن فلان کەس فیرقە چی بووە تا بێ بیرکردنەوە و گوت و بێژ و پرسیارو وەڵامێك ریزێك فیشەکی لێ بەتاڵ بکەنەوە. دەیانگوت لە پەنا دیواری قەڵای تەورێز یەکێك لە پلەدارانی سوپا، هەڵبەتە لە جلوبەرگی غەیرە سەربازیشدا، قاچی منداڵێکی دوو سێ ساڵ دەگرێ و لەبەرچاوی دایکی،

به هەموو هێزی خۆیەوە سەری منداڵەکە بە دیواری قەڵادا دەدا و مێشکی دێتە دەرەوە. کوشت و کوشتار تەنیا بەگوللە نەبوو. زۆر خەڵکیان سەربڕی و هەڵیاندایە نێو جۆگای ئاوەکە.

دەست درێژیی بۆ سەر ئافرەتانیش دیارییەکی دیکەی شا بۆ خەڵکی ئازەربایجان بوو. لە شاری رەزاییە لە گەڕەکی ئاسورییەکان کە لەگەڵ فیرقەدا بیروڕایان هاوچوون بوو، پیاوکوژانی دەرباری شا، دادو بێدادیان دەنایەوە. لە ساردو سەرمایەکی چەندین پلە لە خوارووی سفرەوە، خوێڕییەکان و چەتەکانی شا، ئافرەتانی گەنجی ئاسورییان لە ماڵەکانیان، کە بەزۆری لە دێهاتەکانی دەوروپشتی رەزاییە بوو، دەهێنایە دەرەوە، پاشان کە لەسەر گردەکانی دەوروپشتی ئاواییەکان روتیان دەکردنەوە، بەقامچی بەردەبوونە گیانیان و ئەوەندەیان ئەشکەنجە دەدان تا بەشێنەیی گیانیان لەدەست دەدا. لە بارەی ژمارەی دەستدرێژیی سێکس و کارو کردەوەی ناشیرین بەبەرچاوی باوك و مێردیانەوە، تا ئێرە و ئیتر لەمبارەیەوە شتێکی تر ناڵێم...

لە راستیدا رابەرانی فیرقە بەرپرسی هەموو ئەو تاوانانە بوون کاتێك دامەزراوەکانی سوپایی و حکومی و کارگێڕی، لە زەرفی یەك شەودا، تەنیا لە یەك شەودا هەمووی هەڵبوەشێتەوە و رابەرانی سەری خۆیان هەڵبگرن و دروشمی مردن هەیە گەڕانەوە نییە، بە قسەی خەڵکی ئازەربایجان بۆ دروشمی (هەڵاتن هەیەو راوەستان نییە) بگۆڕن، میللەتیش چارەنووسێکی لەوە باشتری نابێ کە سوپای ناوەندی دایڕشت و پیادەی کرد. مێژوو هەرگیز لەو تاوانەی فیرقە خۆش نابێ. هەڵاتنی ئەوان کە مایەی بێ سەروبەری و پاشاگەردانی و پشێوی بوو، بە هەر بەڵگەیەکەوە بێ لێخۆشبوونی بۆ نییە.

پاش سێ شەوورۆژ کوشتاری بێ پسانەوە. سوپای بەرواڵەت سەرکەوتووای شاهەنشاهی بەتەپڵ و کەرەناو مارشەوە هاتەوە ناو تەورێز و وەك دەیانگوت یاسای بەرقەرار کرد!



من نازانم لە دادگای دادپەروەری مرۆڤایەتیدا چ کاتێك و چ کەسێك دەبێ وەڵامی ئەو هەموو تاوانە بداتەوە. ئەو هەموو تاوان و مرۆڤ کوژییە کە بە دەستی بەکرێگیراوانی چەپەڵی دەربار قۆناغ بە قۆناغ پیادەکرا، چیرۆك نییە، ئەفسانە نییە، واقیعییەتێکی موتڵەقە، واقیعیەتێکی تاڵ و غەمناك.

ئێستا با لەم رووداوە غەمناکە دەر چین و داوەریی ئەمە بە حوکمی مێژوو بسپێرین و بچینە سەر درێژەی چارەنووسی خۆمان:

لە مهاباد پاش ماڵئاوایی لە مەلا مستەفا، بە پێچەوانەی راسپاردەی قازی محەمەد و پێشنیاری مەلا مستەفا مانای گرێدانی چارەنووسی خۆمان بە هۆزی بارزانەوە، بڕیارماندا بەپێی پیادە لە مهاباد بچینە دەرەوە و بەو گروپەوە پەیوەست ببین کە دەیانگوت لە رەزاییە بەرهەڵستی دەکەن. هەروەها دەنگۆ بڵاوببۆوە کە گروپێك لە فیداییان لە نێو بینایەی قەڵای تەورێزدا سەنگەری بەرگرییان گرتووە و لە بەرامبەر مرۆڤ کوژان و خوێڕییەکان و هەرچی و پەرچییەکانی سوپادا شەڕ دەکەن ئێمە دەمانویست لەو دنیا پڕاوپڕ لە شێواوییەی کوردستان و ئازەربایجان بەپێی پیادە لە مهابادەوە بەرەو رەزاییە و پاشان بەرەو تەورێز بچین و بەپێی توانا لەگەڵ دوژمنی زۆرداردا بجەنگین و بەلای کەمەوە تۆڵەی خوێنی ئازیزەکانمان، ئەسکەندەرانییەکان و نەجەفییەکان، قازی ئەسەد ئیلاهییەکان و یارانی تری شەهیدبومان بکەینەوە.

بەڵام ژمارەیەك لاو، لاوانی بێ تاقیکردنەوە چۆن دەیانتوانی بەسەر ئەو هەموو بەربەستانەدا کە لەسەر رێگایان بوو بپەڕنەوەو بەقسەی خۆیان بگەنە هاوڕێیانیان کە بەرگری دەکەن! خوا دەزانێ. من پاش راپەڕینی چەکدارانەی خوراسان ماوەیەکم لە زیندانی شادا گوزەراندبوو، ئیدی بە هیچ نرخێك ئامادە نەبووم خۆم تەسلیم بکەم. بەوردی لە بیرمە کە بەو هاوڕێیانەی خۆم کە لەگەڵمدا بوون گوت کە من هەمیشە یەك دانە فیشەك بۆ خۆم هەڵدەگرم، لە حاڵی تێکشکاندا یان ئەگەری دەستگیربوونماندا ئەو فیشەکە لە مێشکی خۆمدا دەتەقێنمەوە. هەڵبەتە پاشان دەبینین کە هەرگیز ئەو کارەم نەکرد. ژیان شیرینە بەتایبەتی بۆ کەسێك

که ئامانجێکی بەرزو ئینسانی لەسەردابێ و بەڵگەی ئەوەش کە ئەو گوللەیەم لە بەرامبەر ئەو بەڵێنەدا کە دابووم بەکار نەهێنا ئەم چەند دێڕانەی داهاتوون کە دووبارە هەلێکم هاتۆتە دەست تا لەگەڵ خوێنەرانی ئازیزدا دەردەدڵێکی دۆستانەو راستگۆیانە بکەم. بەڵێ ژیان شیرینە. دەستەیەك ژیانیان تەنیا بۆ خواردن و خەو و هەواو ئارەزوو و سامان پێکەوە نان و خۆشی دەوێ، دەستەیەکی دیکەش ئەنجامگیرییەکی تەواو جیاوازییان بۆ ژیان هەیە. ئەوان ژیانیان لە چوارچێوەی بەهرەبردنێکی شەریفانە لە خۆشییە سروشتی و ماقوڵەکان لە بەر خاتری تێکۆشان و خەبات لە رێگای دادپەروەری و رزگاری میللەتی خۆیان و گشت میللەتانی تر، خۆش دەوێ. لەو رێیەدا هەموو کوێرەوەرییەك و ناکامییەك بە نرخی گیانی خۆیان دەکڕن.

با بچینەوە سەر باسەکەمان. ئێمە تەنیا حەوت کەس لە هەموو هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان لە کوردستان، مابووینەوە، چەند کاتژمێرێکمان بەدیار هاتنی هاوڕێیان سغائی، تەفرەشیان و رەیس داناوە لە پەنا جۆگایەك کە نزیك جێگای دانیشتن و بارەگای فەرماندەیی قازی محەمەد، بوو بەسەربرد، بە لەش و بەدەنێکی شەکەت و هیلاك و بەورەیەکی تێکشکاوەوە بە حاڵێکەوە کە لە وەسف کردن نایە، بۆ پیادەکردنی نەخشەیەك کە بە بیروڕای قازی محەمەد لە تواناد ا نییەو بەبیروڕای ئێمەش لە توانادا بوو، بەپێی پیادە رێگای بیابانمان گرتەبەر. هەر بەو شێوەیە کە گێڕامەوە ئەو نەخشەیە لەو ژینگە پڕاوپڕ لە شێواوی ئەو رۆژگارەی ئازەربایجان و کوردستان نەخشەیەکی ئەوپەڕی کرچ و کاڵ بوو. ئەمڕۆ هەرگا کە بیر لە وەرگرتنی ئەو نەخشەیە دەکەمەوە بە هەزارو یەك بەڵگە منداڵانە، عاتیفییانە و ناشایان بەپیادە کردن دێتە بەرچاوم، بەڵام ئیتر، ئەوە لاوێتییە و هەزارو یەك هەرزەکاری و کرچ و کاڵی.

لە رێگای بەرەو پێش چوونمان بە ئاراستەی دەروازەی شارو بیابان، بەپێی راسپاردەی هاوڕێی خۆشەویستمان زەربەخت کە لەکاتی پاشەکشێی خۆی لە بەرەی شەڕی چارەنووسی خۆیەوە، بە چارەنووسی ئێمەوە پەیوەست ببوو، بڕێك کشمیش و



گوێزو چەند دانە نانمان کڕی و هەروەکو یەهودیانی سەرگەردان رێگای کێوو بیابانمان گرتە پێش. ئەو راوچی بوو و هەڵبەتە لە کێوو دەشت و بیاباندا خاوەن تاقیکردنەوە و لە ئێمە قاڵاوەتر بوو. تا رەزاییە رێگامان پرسی بوو و دەمانزانی پاش گەیشتن بە دووڕیانی رەزاییە نەغەدە دەبێ بە ئاراستەی رەزاییە بڕۆین و بەهێزە بەرگری کەرەکانەوە (هەڵبەتە وامان گومان دەکرد کە بەرگری کردن لە ئارادایە) پەیوەست ببین. پاش دوو شەو رێ کردن کە لە تاریکایی شەودا رووبەڕووی گیروگرفتی زۆر دەبووینەوە نیوەڕۆی رۆژی سێیەم گەیشتینە چایخانەیەکی نزیکی گوندی (ئیزە) کە لە دووری 36 کیلۆمەتری شاری رەزاییە بوو. هەمووومان زۆر زۆر برسیمان بوو پیاوێك لە عەشیرەتی هەرکی کە خەریکی خواردنی هەرشتە برنج بوو فەرمووی کردین و هەندێك هەرشتەی برنجی داینێ و بەو نان و پەنیرەش کە لە چایخانەکە کڕیمان خۆمان تێرکرد. کابرای خاوەن هەرشتەی برنج بە ئێمەی گوت: من دەزانم ئێوە لە ئەفسەرانی ئازەربایجانن. ئێمە نکوڵیمان دەکردو ئەویش پێداگری. ئێمە کە لە بەرگ و پۆشاکی ئەفسەری دەرچووبووین و لە بەژن و قەڵافەتی کوردانی پەرێشان و دەربەدەر دەچووین، وامان وێنا دەکرد ئیدی کەسێك نییە بەو دیقەتەوە ئێمە بناسێتەوە. ئێمە بە جلوبەرگی کوردی و پشتێنی بەرکەمەرمانەوە و بە مێزەری سەرمانەوە هەر تەواو وەکو کوردەکانمان لێ دەرچوبوو. بەڵام دیار بوو هەر کەسێك کە ئێمە ببینێ لە بەژن و قەڵافەتمانەوە تێدەگا کە ئێمە کورد نین و نە تەنیا هەر ئەوەندەش بەڵکو ئێمە ئەفسەرین، و ئەفسەری بێ پەناو دەربەدەرو سەرگەردان. خاوەنی هەرشتە برنج لە کوردەکانی هۆزی هەرکی بوو و پاشان زانیمان کە ناوی ((تەیمور))ە.

ئەو گوتی: ئێوە لەگەڵ من وەرن.

گوتمان ئێمە دەمانەوێ بچینە رەزاییە.

گوتی ئەوە دەرەتانی نییە. ئێوە ناتوانن بگەنە رەزاییە لە رێگا تووشی کەڵەکێك دەبنەوە، ئێوە لەگەڵ من وەرن بۆ لای تەها هەرکی سەرۆکی هۆزی هەرکی، ئەگەر بتانەوێ لە ماوەی چەند رۆژێکدا ئێوە دەگەیەنێتە سنوری سۆڤێت

(روباری ئاراس) بۆ ئەوەی بچنە سۆڤێت جگە لەمەش سەرۆک هۆزی ئێمە دەتوانێ هاوکاری ئێوە بکا تا دەگەنە رەزاییە یاخود تەورێز.

ئەو درێژەی پێداو گوتی: سەرۆک هۆزی ئێمە پیاوێکی یەکجار باشە. ئەگەر پێویست بێ لە ماڵەکەی خۆیدا ئێوە دەشارێتەوە. تا ئەو هەورو هەڵایە دەرەوێتەوە و ئینجا دوای ئەوە حەزتان لێبوو بۆ هەر کوێیەک دەتوانن برۆن.

ئێمە دووبارە پێداگریمان کردو گوتمان ئامانجی ئێمە ئەوەیە بگەینە رەزاییەو بەکەسانێکەوە پەیوەست بین کە لە بەرامبەر دژە شۆڕشدا دەجەنگن.

تەیمور دووبارە گوتی: وەزعی رەزاییە یەکجار ترسناکە. دژە شۆڕش بەربوونەتە گیانی ژن و منداڵی خەڵک و خەڵکی پارچە پارچە دەکەن. دژە شۆڕش بەزەیی بە عارەب و عەجەم دانایە. تەنانەت منداڵ و ساواش دەکو ژن. لە هەلومەرجی ئێستادا تاکە کەسێک کە بتوانێ بەهانای ئێوە بێت سەرۆک هۆزی ئێمە تەها هەرکییەو بەس.

ئێمە حەوت نەفەری لاوی بێ تاقیکردنەوە و ناشارەزا بە تایبەتمەندییەکانی کوردەکان و ناوچەی کوردستان کەوتینە ژێر کاریگەری خۆشەویستی برایانەی تەیمور. ئێمە دەمانزانی کوردەکان عاشقی چەکن و خۆشبەختانە هیچ یەکێک لە ئێمە چەکێکمان پێ نەبوو کە شایان بە تاڵانی ئەو بەرێزانە بێ. هەرکاممان یەک دانە چەکی بەرکەمەرمان پێبوو کە لە ژێر پشتێنی جلە کوردییەکانماندا بەستبوومان و بەرواڵەت دیار نەبوو. ئێمە لەگەڵ تەیمور لە چایخانەکە چووینە دەرەوە هەر لەو ساتەدا ئۆتۆمبیلێکی باریی بەکۆمەڵێک ژن و پیاو و منداڵی بارزانی و ژمارەیەک خێزانی ئاسوری دانیشتووی رەزاییە لە بەرامبەر چایخانەکە راوەستان. کاک ساڵح برای سەرهەنگ عزەت کە لە ئەفسەرانی سوپای عێراق بوو، چاوی بە ئێمە کەوت (سەرهەنگ عزەت لە ئەفسەرانی دەرچووی عێراق و پیاوێکی دنیادیدە و تێکۆشەر بوو) ئێمە کاک ساڵحمان لە شەرگەی سەقز لەلای سەرهەنگ عزەتی برای و مەلا مستەفا دیتبوو و پێکەوە ببووینە ئاشنا کاک



ساڵح بەتەواوی دەیزانی کە ئێمە ئەفسەرین و هەر کە چاوی پێمان کەوت پرسی بۆ کوێ؟ چ دەکەن؟ ئامانجی ئێوە چییە؟ ئایا بەرنامەیەکی تایبەتیتان هەیە؟

ئەو و هاوڕێکانی کە لە نێو هەراو دژوارییەکانی رەزاییە بەسەلامەتی گیانی خۆیان دەربازکردبوو، لە رێگای خۆیاندا بوون بەرەو پەیوەست بوون بەهۆزی بارزانەوە. ئەو بەوپەڕی دڵسۆزی و هەستی خۆمانەییەوە چەند پرسیاری لە ئێمە کرد ئێمەش مەبەستی خۆمان بەو راگەیاند و پێمان گوت کە دەمانەوێ بچینە رەزاییە و خۆمان بگەیەنینە ئەوێ و بەهاوڕێیانی بەرگری کەرەوە پەیوەست بین.

کاک ساڵح بە جیدی بوونێکی تەواوە وە گوتی: ئەگەر تەنیا یەک هەنگاو بەرەو رەزاییە برۆن مانای وایە یاری بە گیانی خۆتانەوە دەکەن. ئێوە دەگرن و پاشان گوللەبارانتان دەکەن. هەموو شاری رەزاییە لە ژێر دەستی ئاژاوەگێڕانی دژە شۆرش دایە. بەزەییان بەژن و منداڵی خەڵکدا نایە، بەشێوەیەک رەفتار لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن کە مرۆڤ موچرکی بە لەشدا دێ و لەسەرسامیدا خوێن لە بەدەنیدا وشک دەبێ. ئێستا پاش ئەو قسانە کە پێم گوتن، پێم بڵێن دەتانەوێ چ بکەن؟ پێم گوت لەگەڵ تەیمورخاندا دەچینە لای سەرۆکی هۆزی هەرکی.

ئەو بێ دواکەوتن و لێبڕاوانە گوتی: یاڵڵا بێ دواکەوتن خۆتان هەڵدەنە ناو کامیونەکە، ئێمە بۆ هەر کوێ چووین ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا وەرن. هەروەها گوتی لەم دنیا پڕ لە ئاژاوە و بێ نەزم و حیسابەدا ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بن زیاتر لە ئاسایشدا دەبن. ئێمە داستانی دیداری خۆمان لەگەڵ قازی محەمەدو راسپاردەی ئەو کە تەنیا رێگەی رزگاربوونمان پەیوەست بوونمانە بەهۆزی بارزان، بۆ گێڕایەوە.

ئەو گوتی: پەلە بکەن، پەلە بکەن خۆتان هەڵدەنە سەرەوە بۆ ناو کامیونەکە.

ئێمە بە لەش و لارێکی شەکەت و هیلاک و ئەعسابێکی وردوخاش و ورەیەکی کە لە ژێر کاریگەریی رووداوەکانی چەند رۆژی دوایی بەتەواوی تێکشابوو، لەسەر قسەی کاک ساڵح خۆمان هەڵدایە ناو ئۆتۆمبیلەکە و لە پەنا تێکشکاوان و بێ نازانی دیکە دانیشتین (من ئێستاش هەروا بەوردی بەژن و قەڵافەتی روو گرژ و بەیەکداچوو پڕ لە حەسرەتی هاوڕێکانم کە لە پشتەوەی

ئۆتۆمبیلی باریدا بوون دێتەوە بیرم) و ئەوەی کە لە زەرفی دوو سێ ڕۆژدا بەسەر ئێمە هاتبوو سەرەڕای ئەوەی کە گورزی هەقیقەت لە گیانی دابووم و دەی ئەنگاوتم هێشتا نەمدەتوانی قەناعەت بەخۆم بکەم کەچی ڕوویداوە و چ بووە؟

فەرماندەکانی سوپای میللی ئازەربایجان، ئەو لاوانەی کە بەیەك دنیا تاسەو شەوقەوە لە نێو سەنگەرەکانیانەوە چاوەڕوانی دەرچوونی فەرمانی هێرش بردنیان دەکرد تا بەگوللەی ئاگر حساب بۆ دوژمنی زۆردار بکەن و بەشمشێری هەڵکێشراوەوە هەڵکوتنە سەر سەنگەرە داتەپیوەکانی دوژمن، ئێستا لە نێو کۆمەڵێك بێبەش و بەمراد نەگەیشتوو نائومێد بەرەو چارەنووسی داهاتوو، داهاتوویەکی ئەوپەڕی تاریك و تەماوی دەڕۆن حەیف و مخابن!

کامیون بەرەو دوو ڕێیانی ڕەزاییە- نەغەدە دەڕۆیشت تەواوی ئەو ڕێگایە بۆ ئێمە پڕ لە بیرەوەری بوو. ئێمە ئەو ڕێگایەمان لە ماوەی چەند شەوو ڕۆژێکدا بەپێی پیادەو هەندێك جار بەپێی بلۆقاوییەوە کوتابۆوە.

یەکێك لە هاوڕێیان گوتی: کوڕینە، ئەو بەردە گەورەی لێواری جادەکە ئەو بەردەیە کە ئەو شەوە کاتێك کامیونێك هات، خۆمان لە پەنایدا شاردەوە، ئەها، ئەو چاڵەی تەنیشت جادەکە، ئەوە ئەو چاڵەیە کە کاتێك کۆمەڵێك سواری کورد بێرەدا هاتن، لەوێدا سەنگەرمان گرت و پاش ئەوەی سوارەکان ڕۆیشتن لە سەنگەرەکە هاتینە دەرێ و بەڕێی خۆماندا ڕۆیشتین. هاوڕێیەك گوتی: لە پەنا ئەو بەردە دوێنی نیوەڕۆ کشمیش و گوێزو نانمان خوارد.

هەوا تاریك بووبوو کاتژمێرێك لە ڕۆژئاوا تێپەڕیبوو. خۆر لەودیو چیاکانەوە نەدیو بووبوو، گەیشتینە شارۆچکەی نەغەدە (ئەمڕۆ شاری نەغەدەیە).

کامیونەکە لە نێو حەسارێکدا ڕاوەستا، هەموو نەفەرەکانی کامیونەکە دابەزین. هەر نەفەرە، یان هەر خێزانەی بەلایەکدا چون. ئێمە وێڵ و سەرگەردان شەکەت و ماندوو. بەدڵنیاییەوە لە هەمبەر ئاسایشی ناوچەکە بەرەو نێو چەقی نەغەدە ڕۆیشتین. بەپرسیارو سۆراخ قاوەخانەیەکمان دۆزییەوە و بۆ تێرکردنی سکی خۆمان و حەسانەوەمان پەنامان بۆ برد. کشمیش و گوێزی ئێمە دوێنی



بەیانی تەواوبووبوو. قاوەچییەکە نان و پەنیری بە چیای شیرینەوە بۆ هێنایین. ژەمە شیوێکی چاکمان خوارد. ئەوانەی کە جگەرەیان دەکێشا. جگەرەیان تێکردو خۆیان چونە جیهانی سەرمەستییەوە. بۆ دڵنیایی خۆمان لەوەی پێشهاتێکمان بۆ نەیەتە پێشەوە دەبوایە هۆشیاربین، و بڕیارمان دا هەر نەفەرەی ماوەی یەك کاتژمێر کێشك بگرێ و ئەوانی دیکە هەموو پشوو بدەن. ئێمە هێشتا چەکداربووین و دەمانتوانی لەکاتی پێویستیدا کەڵك لە چەکەکانمان وەربگرین. لەو دەمەدا یەکێك لە ئاسوریانی ڕەزاییە کە پاشان زانیمان بەرگدرووەو ناوی فلادیمیرە لەگەڵ ژن و منداڵەکەی هاتە نێو چایخانەکەوە. ئێمە لە ڕێگا لە قاوەخانەی ئیزە تا نەغەدە لە نێو کامیونەکەدا لەگەڵ ئەو خێزانەدا ببووینە ئاشنا. ئەو دەیزانی ئێمە ئەفسەرین و ئێمەش دەمانزانی کە ئەو لەگەڵ ژن و منداڵەکانی لە کوشت و کوشتاری ڕەزاییە هەڵاتووە. پاش شیوخواردن و چا خواردنەوە بۆ بەهێزبوونەوەی لەش و لاری خۆمان بڕێك کشمیشمان کڕی و خواردمان.

ئێمە بەرزگاربومان لەسەرماو سۆڵەی دەشت و دەرو، گەرمایی خۆش و بەتامی قاوەخانەکەو تێر خواردنمان وردە وردە لە پەل و پۆ کەوتین و پرسی کێشك گرتنمان لەبیر چۆوە و خەوێکی قوڵمان لێ کەوت. نیوەشەو بوو گوێمان لە هات و هاوارێك بوو کە جنێویان دەداو دەیانگوت: هەی دایك قەحپەینە! بێ ناموسینە و چی و چی نەجوڵێن. دەستتان بۆ سەرەوە بەرز بکەنەوە. بچوکترین بەرهەڵستی بکەن کوژراون. بەچاوی خەواڵوەوە بەرهەڵستییەکی کورتمان کرد بەڵام بە قۆنداغە تفەنگ و دارگۆپاڵی درێژو ئەستوری هێرش هێنەران ناچاربووین تەسلیم بووین.

پرسیمان ئێوە کێن؟ چیتان لە ئێمە دەوێ؟ وەڵامیان ئەوەبوو: وس بن. یاڵڵا پێشمان کەون. سەرەتا لە هەمان قاوەخانە هەموو جلەکانیان پشکنی و و هەرچی هەمانبوو بەتاڵان بردیان. تاڵانچییان هەر لەوێ لەوجێیە لەسەر دابەشکردنی ماڵی تاڵانی کەوتنە دەمەقاڵێ. یەکێکیان دەیگوت، کێ بوو یەکەمجار جنێوی بەخوشك و دایکی ئەوان دا؟ من بووم، کەوابوو فلان شتەی ئەو ماڵی منە. ئەوی تر دەیگوت: لەو ئاوا و ئاوا لێکراوە ((ئاماژەی بۆ یەکێك لە هاوڕێیانی ئێمە

کرد)) بپرسن کێ بوو بەگۆپاڵ لە دەستی داو چەکەکەی لە دەستی خستە خوارێ و کەوتە سەر زەوییەکە، من بووم، کەوابوو فلاّن و فیسار شتەی ئەو بۆ منە. ئێمە هەرکاممان لەلای خۆیەوە وای بیر دەرکردەوە کە ئەوان کۆمەڵێك دزو تالاّن چین و پاش ئەوەی دارو نەداری ئێمەیان بەتالاّن برد، ئێمە بەرەڵلاّ دەکەن و دەڕۆن. لەو هەلومەرجانەدا گونجاوترین وێناکردن هەر ئەوەبوو. بەلاّم بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئێمەوە پاش ئەوەی کە دەسکەوتی تالاّنییان کە بریتی بوون لە چەك، پاندان، کەمێك پارە، چەقۆی بچووك، نینۆك بڕو شتی تر، لە بەینی خۆیاندا دابەشیان، کرد یەکێك لەوان هاواری کرد، دەسبەجێ یەك بەدوای یەکدا بڕۆنە دەرێ. ئێمە یەك یەك لە قاوەخانەکە چووینە دەرێ: دەستتان بۆ سەر سەرتان بەرزبکەنەوە و بەیەك ریز بەرێ کەون. ئێستا دەبوایە بۆ کوێ بڕۆین. نازانم ئایا مانای ئاسایش لە نێو هۆزی بارزاندا کە باسیان لێ دەکرد ئەوەبوو! هەرچی چۆنێك بوو لەو سەرما سەختەدا کەوتینە رێ پاش ئەوەی مەودایەکمان رێگا بڕی کە مەودایەکی زۆریش نەبوو گەیشتینە مزگەوتێك فەرمانیان کرد بچنە ژورێ بەرەیەکی کۆنە و ریس هەڵوەشاوە پڕ لە خاك و خۆڵ لە ژێرەوەی رایەخێکی دیکە هەر بەو جۆرە بووە روپۆشی ئێمە. لە گۆشەیەکی مزگەوت لەبەر روناکی چرادا هەموو ئەو دزو تالاّنچییانە دانیشتبوون و باسیان لە ئازایەتی و پاڵەوانی خۆیان دەکردو جارجاریش داوای پشتگیری و سەلماندیان لە ئێمە دەکرد کە ئایا من نەبووم لەسەری تۆمدا! هەڵبەتە ئێمەش ئەومان دەناسییەوە بەلاّم بۆ ئەوەی دوبەرەکی و ناڵێکی بخەینە نێوانیانەوە وەلاّممان دەدانەوە کە نا ئەوە تۆ نەبووی ئەوی تر بوو کە یەکەم جار جنێوی داو هاواری کردو داری راوەشاندوو..

تا بەری بەیانی حەوت نەفەر لەو مزگەوتەدا ماینەوە و لە چارەنووسی خۆمان بێ ئاگابووین. هەر لەگەڵ هەوا روناکی کرد، هاواریان کرد یاللاّ هەستن، یەك یەك وەرنە دەرێ، بەڕیز بەرەو خانوویەك رێنوێنی کراین کە پاشان زانیمان خانووی (قایمقامیەتی نەغەدە)یە. تالاّنچییان بە زمانی ئازەری قسەیان دەکرد.



بەو پێیە تێگەیشتین کە کورد نین و کەسانی هۆزی قەرە پاپاخن ناوچەی تورك زمانان لە نێو کوردستاندا (ناوچەی سولدوز کە مەڵبەندی قەرەپاپاخ بوو، هەروەکو دورگەیەك لە نێو کوردستان وابوو).

سەرۆکی هۆزی قەرەپاپاخ، (سەرهەنگ بورچالو) یاریدەدەری وەزیری رۆشنبیری ئازەربایجان بوو. ئێمە ئەومان لە تەورێزێ دی بوو و دەماننناسی، ئەو ماوەی چەندین رۆژ لە بەرەی شەڕی کوردستان هۆزی خۆی لە ریزی هێزەکانی رەوانەکراو لە تەورێز دامەزراندبوو. ئێمە هاموشۆو ئاشنایەتیمان پێکەوە هەبوو. ئێستا جەنابی ئەو سەرهەنگ! بورچالوە بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانی خۆی لە هاوکاری کردنی فیرقەی دیموکرات و پێکهێنانی پێگەیەکی گونجاو لە بەرامبەر سوپای ناوەندی بۆ هۆزی قەرەپاپاخ، فەرمانی بە یاریدەدەری خۆی جەعفەرخان، کە چەکداریش بوو وە ناونیشانی: (قایمقامیەتی نەغەدە)، شی بۆ خۆی بەکاردەهێنا، کردبوو کە بکوژێ و ببڕێ و هەروەها ئەفسەرانی ئازەربایجان دەستگیر بکا. ئێمە نازانین لەوانەیە ئەو سەرهەنگە پێشتر سیخوڕی حکومەتی ناوەندی و لە بەکرێگیراوانی سوپای ناوەندی ئێران بووبێ لە نێو ئازەربایجاندا. ئەو فەرمانی بە جەعفەرخان کردبوو کە ئەفسەران دەستگیربکاو بچێت بۆ پێشوازی سوپای ناوەندی و سەرتیپ هومایونی فەرماندەی هێزەکانی سوپای رەوانەکراو بۆ کوردستان، لەبەر پێی ئەواندا سەریان ببڕێ و پێ و قدومی پیرۆزی هومایونی بەرژتنی خوێنی ئەو ناپاکانە پیرۆز بکا! چ گۆڕانێك و ئاڵوگۆڕێکی سەرسامهێنەر و شایان بەباوەڕ نەکردنە لە ماوەی چەند رۆژدا! ئەوانە چتۆ هاوسەنگەرێکی بێ ئابڕوو بوون کە تا دوێنێ لە پەنای یەك و لە نێو یەك سەنگەردا بووین و ئەمڕۆ بۆ خۆ فرۆشێکی پەست و سوك گۆڕان! تف لەو بێ غیرەتییە!.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامەیە ئێمەیان بردە خانوی (قامقامییەت). لە تەنیشت دەرگای چوونە ژوورەوەی خانوی قایەقامیەت حەوشەیەکی بچوك هەبوو کە پشتیری ئەسپەکانی لێبوو، و لەسەر فەرمانی جەعفەرخان، پێشکارەکەی ئەو، یەك بەیەکی ئێمەی هێناو ناونیشان و وردەکارییەکانی ئێمەی پرسی و

لەکاتی پرسیارکردن لە ئێمەو لە بارەی خێزانمانەوە توانجێکی دەخستە سەر، بۆ نموونە دەیگوت: ئەرتەشیار تۆ یاری کام ئەرتەش بووی؟ ها، زەربەخت، تۆ زەڕت دەبەخشییەوە؟ ئیحسانی تۆ چت ئیحسان دەکرد؟ تەوەکولی، تەوەکولی تۆ بەکێ بوو؟ جا ئاوا پێدا برۆ، تف!!

ئەسپەکانیان زین کردن و بەداوی قەند دەستی ئێمەیان لە پشتەوە بەستەوە. بەو سەرما کوشندەیەی زستان ئێمەیان بەگوریس بە زینی ئەسپەکانەوە بەستەوە. رێك و راست پێیان گوتین زۆر نیگەران مەبن تا بەردەمی سوپا دووکاتژمێر زیاتر نابێ. پاش ئەو دوو کاتژمێرە دەحەسێنەوە!

ئێمە ئێوە بۆ پێشوازی سوپای ناوەندی دەبەین و هەر لەو جێیە سەرتان دەبڕین! تێگەیشتن! نارەحەت مەبن!

یەکێك لە هاوسەنگەرانی دوێنیی ئێمەو تالانچییان و مرۆڤ کوژانی ئەمڕۆ، سواری ئەسپ بوو تا بکەوێتە رێ و فەرمانیدا: لە پشت منەوە بەرێ کەون. هەر لەو ساتەدا کە ئێمە چەند هەنگاوێك زیاتر لە مردنێکی مسۆگەر و بێ سێ و دوو، دوورتر نەبووین، لاوێکی چواردە ساڵەی کوڕی یەکێك لە شێخانی بارزانی لەگەڵ تەنیا یەك نەفەری بارزانی لە بەرامبەر حەوشەکەوە تێپەڕی و هاتە نێو حەوشەی ((قایمقامیەتەوە))، ئەو کوڕی شێخ محەمەد سدیق بوو کوڕی کەسێك بوو کە لە نەغەدە حوکم، حوکمی ئەو بوو. بەهاتنی ئەو لاوە چواردە ساڵە هەموو نەخشەکانی جەنابە پیاوکوژو خوێڕییەکان بوونە بلقی سەرئاو. دەستەکانی ئێمەیان کردنەوە.

فەرماندار (قایمقام) ئێمەی بۆ ژوورەکەی خۆی کە هۆڵێکی گەورەبوو بانگ کرد. هەموو کەلوپەلەکانی ئێمەیان کە بەتالان بردبوویان، دایەوە. ئێمە پرسیمان فەرمانداری ئێرە کێیە؟ جەعفەرخان سەرشۆڕو چارەڕەش سەری تا ئەژنۆ دانەواندو گوتی: فەرمانداری ئێرە بەندەیە هەر ئەمرێکتان هەیە بفەرموون ئێمە لە خزمەت داین. ئێمە ئێوەمان نەناسی دەبێ بمانبورن!!! داوای لێبوردن دەکەم.. پاش وەرگرتنەوەی هەموو شتەکان و چەکەکانمان لە دەرگا شکاوەکەی ئەم خانووە



شومەی فەرمانداری چووینە دەرەوەو بەوپێیە بەهاتنی ئەو لاوە چواردە ساڵەی کوڕی شێخ محەمەد سدیق بارزانی هەموومان تەمەنێکی نوێمان دەست پێکردەوە.

بۆ رونکردنەوە لە بارەی هۆکاری دەستگیرکردنی ئێمە دەبێ بڵێین کە لە نێو هۆزی بارزاندا نەریت وایە کە چوونە ناو هەر ناوچەیەکەوە لە رێگەی جاڕدانەوە (بڵندگۆ)وە جاڕ دەدەن کە لەم ناوچەیەدا حکومەت، حکومەتی فلانە شێخی بارزانییە، و ئیدی گوێڕایەڵی بۆ بارزانییەکان دەبێتە ئەرکی پێویست و هیچ جۆرە گومان و ڕاڕایی یان گوتوبێژێك لەمبارەیەوە بوونی نابێ.

شەو بەرلەوەی بگەینە نەغەدە هەر لەو جێیە کە کامیونەکەی ئێمە راوەستا، ئەم راگەیاندنە بەهۆی جاڕچییەوە بۆ دانیشتوانی نەغەدە بڵاوکرابۆوە. بەڵام بەشێك لەم شارۆکەیە کە قاوەخانەی ناوبراو لەو بەشەدا بوو و ئێمە بۆ حەسانەوە چووبووینە ئەوێ، لە نێو ئەو ناوچەیەدا نەبوو، بەو پێیە ئەو ناوچەیە هێشتا لە دەستی هۆزی قەرەپاپاخ دابوو و هەر بۆیە حکومەتی ئەوان هێشتا لەو ناوچەیەدا بەرقەرار بوو. باشترە کە بڵێم ئەو شەوەی کە ئێمە دەستگیرکراین حکومەتی دوولایەنە لە نەغەدە هەبوو.

ئێستا بارزانییەکان لە کوێ وە زانیبوویان کە ئەفسەرانی دۆستیان بە مانای ئێمە، دەستگیرکراوین، پێشتر گوتم کە لە بەینی پشوودانمان لەو قاوەخانەیە دۆستی ئاسوری هاوسەفەرمان، فلادیمیر، کە یادی ئەو بۆ ئێمە هەمیشە زیندوو بەڕێز دەمێنێتەوە، ئەو شەوە لە کاتی بەسەرهات و دەستگیرکران و تێهەڵدانی ئێمە لە قاوەخانەکە بوو، بەیانی زوو دەچێ سۆراخی بارزانییەکان دەکاو بەسەرهاتیان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر بەو ئاوایە کوڕی چواردە ساڵەی شێخ محەمەد سدیق لەگەڵ تەنیا یەك نەفەر چەکداری بارزانی هاتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی قەرەپاپاخ و فەرمانی ئازادی ئێمەو هەروەها حوکمی شێخ محەمەد سدیق بارزانی لە بەشەکەی تری نەغەدەدا راگەیاندو بەو پێیە حوکمی بارزانییەکان لە تەواوی شارۆکەی نەغەدەدا دامەزارو ئێمەش رزگارمان بوو.

جێی خۆیەتی ئەوە بەبیربهێنمەوە کە ئەگەر تەنیا چەند دەقیقەیەك، بەڵێ تەنیا چەند دەقیقەیەك درەنگ تر، بە هاواری ئێمەوە هاتبان، ئەوا مسۆگەر ئێمەیان بەرەو پێشوازی سوپا دەبرد و سەریان دەبڕین، مانای وەکو ئاژەڵ سەریان دەبڕین. هەر بەو شێوەیە کە سەید محەمەد کە پیاوێکی روحانی بوو دەستگیریان کردو دوور لە چاوی بارزانییەکان لە جێیەکی دوور شاردبوویانەوە و بەدەستی بەستراوەوە و بەمێزەری سەوزەوە بۆ پێشواری سوپایان بردو لە ژێر پێی سەرتیپ هومایونی بەزەوییان داداو بە هوتاف کێشانی بژی شاهەنشا وەکو مەڕ سەریان بڕی!

هەڵەی گەورەی ئەو تاوانبارانە لە بارەی ئێمەوە ئەوەبوو کە هەمان ئەو شەوە ئێمەیان لە نەغەدە نەبردە دەرێ بۆ گوندێك کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بارزانییەکان بێت، لەوێ زیندانیمان بکەن و تەنانەت ئەگەر بهاتبایە تەنیا یەك خولەك زووتر ئێمەیان بردبایە دەرێ کاری ئێمە تەواو بوو.

بەو پێیە ئێمە لە مەرگەساتێکی مسۆگەری بێ ئەم لاو ئەولا رزگارمان بوو و بەرەو کۆڵان و شەقامەکانی نەغەدە بەڕێ کەوتین. ئیدی دەبوایە بەپێی نەریتی بارزانییەکان بۆ جێگای حەوانەوە و تێرکردنی سکی خۆمان، بۆ خۆمان هەوڵ بدەین. نەریتی بارزانییەکان وابوو کە هەر کامیان بەپێی سەلیقە و ئەو دەرەتانەی کە لەبەر دەستدا بوو، دەبوایە جێگایەك بۆ خۆی و ژن و منداڵەکان پەیدا بکا. شێوەی کار بەو ئاوایە بوو کە لە دەرگایماڵێکیان دەداو ئینجا دەچوونە ناوماڵەکەوە و لە یەکێك لە ژوورەکاندا نیشتەجێ دەبوون. خاوەن ماڵ بەرکار بوو کەرەسەو رێ و شوێنی حەوانەوەی ئەوان بەپێی تواناو دەسەڵاتی خۆی دابین بکا. و هەرچی کە هەیانە لە بابەتی نان، رۆن، دانەوێڵە و گەنم و شتی تر بە هاوبەشی بەکاری بهێنن. کاتی نیوەرۆژەو ناشتا، پاش نیوەرۆۆ شەو، هەموو خەڵکی ماڵەکە دەبوایە لە ژورێکی ماڵەکەدا کۆببنەوە و هیچ کام لە خاوەن ماڵەکان مافی ئەوەیان نەبوو لە ژوورەکە بچنە دەرەوە و بەجۆرێکی نهێنی خواردنێك بخۆن و شتێك بە نسیبی میوانانی ناوەخت واتا بارزانییەکان، نەبێ. کەسانی هۆزی بارزانی لەم جۆرە بۆنانەدا یەکجار خاوەن رەوشت و خاوەن شەرەف



بوون و پیاوانی ئەوان لە پاك ترین و خاوێنترین پیاوانن. تائێستا بەدرێژایی مێژووی هۆزی بارزان نەبینراوە کە تاکە پیاوێك لە هۆزی بارزان دەستدرێژی کردبێتە سەر ناموسی خەڵکی یاخود رەفتارێکی ناشەریفانەی نواندبێ.

هەر چۆنێك بێ ئێمە ئازادبووین و دەبوایە جێگاو پەنایەك بۆ خۆمان پەیدا بکەین سەری خۆمانی تێدا کز بکەین و بۆ پەیدا کردنی خواردن و خۆراکێك دەبوایە دەست بەکاربین. باشە ئێستا دەبوایە چ بکەین! پاش راوێژو بیروڕا گۆڕینەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە یەکسەر بەرەو ماڵی جەعفەرخان کە تا یەك کاتژمێر بەر لە ئێستا فەرماندارای نەغەدە بوو و ئێستا نینۆکەکانی کرابوون و ببوە مرۆڤێکی ئاسایی بەڵام فێڵباز و کەڵەکباز.

شارۆکەی نەغەدە جێگایەکی زۆر گەورە نەبوو. لەسەر شەقامی سەرەکی ماڵەکەی ئەومان دۆزییەوە. لە دەرگاماندا. دیسان لە دەرگاماندا. دەنگی پێیەك لە ژووری ماڵەکە هات بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. چەند پێلەقەی قایمان لە دەرگادا. لەوانەبوو ئەگەر کەمێك درەنگ تر دەرگایان کردبایەوە لەسەر شێوازی بارزانییەکان بە گوللە کیلۆنی دەرگاکەمان دەکردەوە. خۆشبەختانە ژنێك لە ژوورەوەی ماڵەکەوە وەڵامی دایەوە. داوامان لێکرد دەرگاکە بکاتەوە. ژنەکە دەرگاکەی کردەوە. دەترسا، دەلەرزی... ئێمە لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان پێمان گوت کە هەرچی ژن و کچی نێو ئەم ماڵەیە لە دڵنیاییەکی تەواو دایە و هەموو خوشکی ئێمەن کوا جەعفەرخان لە کۆییە؟ هاوسەرەکەی ئێمەی بۆ ژووی میوان لە نهۆمی سەرەوە رێنوێنی کرد و گوتی جەعفەرخان هەر ئێستا دێتەوە.

ژووری میوان بە فەرشی بچووك راخرابوو. پشتی مافوریی کە بە چواردەوری ژوورەکەوە بوون، جێگایەکی یەکجار لەبار بوو بۆ پاڵدانەوە و ماندووحەسانەوە. دوودانە چرای نەوتی لەو سەر و ئەمسەری رەفەیەك دانرابوون. پەنجەرەکانی ژوورەکە کە روو بە شەقام و حەوشەکە بوون بە پەردە داپۆشرابوون. کۆمەڵە وێنەیەکیش کە خزم و خوێشانی جەعفەرخان بوون دیمەنێکی خێزانی بە ژووەکە دابوو.

پاش سەعاتێك جەعفەرخان، پیاوكوژی یەك سەعات پێش ئێستا سوك و پەست و هەیبەت شكاو بە وتەی خۆی خزمەتكاری تەواو، لە دەرگا هاتە ژوورەوە.

خەعفەرخان، بە تەعزیم و ڕێزلێنان و كڕنوش بردنێكی پڕ لە زەحمەتەوە لە حاڵێكدا كە سەری تا سەر ئەژنۆ چەماندبۆوە، دەست لە سەرسنگ بەرامبەر ئێمە، بەخێرهاتنی ئێمەی ئەفسەران و میوانانی پایەبەرز (بە وتەی جەعفەرخان) كە یەك سەعات پێشتر خاین و دز و شەڕەنگێز بووین، كرد. ئێمە هەموومان لەو زەلامە ناپیاوە دڵمان پڕ ببوو. جەعفەرخان گوتی: ئاغایان بۆ شیو حەزتان لە چییە؟ ئێرە ماڵی خۆتانە. ئەگەر هەر فەرمانێكی دیكەشتان هەیە بفەرموون. من جەعفەر خزمەتكاری ئێوەم. گوێ بە فەرمان ڕاوەستاوم. پێمان گوت: سەرەتا مەسینەو دەست شۆرو سابوون و هەندێك ئاوی گەرم بێنە تا دەستمان بشۆین و بۆ شیویش مریشك و پڵاو ئامادە بكەن. هاوڕێیەك گوتی: ماستیشتان بیر نەچێ.

جەعفەرخان داوای مۆڵەتی لە ئێمە خواست تاكو بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكانی ئێمە ڕاسپاردەی پێویست دەربكا.

بەرلەوەی ئەو لە ژوورەكە بچێتە دەرەوە، یەكێك لە هاوڕێیان گوتی: هەرچی چەك، تفەنگ و چەكی بەركەمەر و هەرچی كە پەیوەندی بە شتی سەربازییەوە هەیە تەسلیمی بكە هەڵبەتە ئێمە پاشان بەوردی ماڵەكە دەپشكنین. ئەگەر چەكێك یا تەنانەت ئەگەر فیشەكێكیش بدۆزینەوە گوللە بارانت دەكەین.

جەعفەرخان ڕۆیشت و پاش چەند دەقیقەیەك، چەكی بەركەمەرو ریزە فیشەكدان و هەتا كیفی دووربین و چەند پارچە شتێكی پێویستی سەربازیی هێناو تەسلیمی كرد.

ئێمە هەڕەشەمان لە جەعفەرخان كرد كە هەر ئێستا ناو ماڵ و هەموو كون و كەلەبەری ماڵەكە، ژێر زەمین، پشتیر و هەموو ژوورەكان دەگەڕێین و ئەگەر چەك یان هەر شتێكی سەربازی بدۆزینەوە كارت تەواوە.

جەعفەرخان پێداگری كرد كە فەرموون هەموو جێیەك بپشكنن. دیارە ئێمە ئەو كارەمان نەكرد. ئێمە دەمانزانی كە ئێستا نەغەدە هەر هەمووی لە ژێر



دەسەڵاتی بارزانییان دایەو هیچ كەسێك زاتی ئەوە ناكا كارێك ئەنجامدا كە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا ناڵێك بێت.

دەست شۆرو مەسینەو سابوون هات. جەعفەرخان بۆ خۆی ئاوی بەدەستماندا كرد، و پاشان بەو پەشتەماڵەی كە بەسەر شانی خۆیدا دابوو دەستی خۆمان وشك كردەوە. پاش دەست شۆردن، سفرەیەكی سپی گەورە ڕاخرا. بڕێك نان و ماست لە نێو قاپی بچووك و چەندین پیاڵە ترشیات و پاشان مریشك و برنج سفرەكەی ڕازاندەوە. پاش شیوخواردن بڕیارماندا لە ماڵی جەعفەرخان بچینە دەرێ و لە نێو چایخانەی شارۆكەكە سەری خۆمان كز بكەین.

ئیدی ئێمە جەعفەرخانی فەرماندار یان بەڕێوەبەرمان نەدیتەوە. ئەو كە تا دوێنێ وەكو سەركردەی سەركەوتوو دەستی لە بەركەمەری خۆی نابوو و یاری بەچەكەكەی بەر كەمەرییەوە دەكردو بیری دەكردەوە كە بەگرتن و تەسلیم كردنەوەی ئێمە بە سوپای ئێران بەناونیشانی دیارییەكی گەورەو گرانبەها دەتوانێ ببێتە هۆكاری ئەوەی لێبوردن بۆ هۆزی قەرەپاپاخ لە بەرامبەر تاوانی هاوكارییان لەگەڵ دیموكراتەكاندا، وەربگرێ، ئێستا پاش ئازادبوونی ئێمە، لە نێو ماڵەكەی خۆیدا بەوپەڕی كڕنوش و ملكەچییەوە، ئاماژەی بۆ میدالیای 21ی ئازەر كە بەسەر سنگییەوە هەڵواسرابوو، دەكردو بە ئێمەی دەگوت: من شانازیی بەوەوە دەكەم كە بەبۆنەی هاوكاری دڵسۆزانەم لەگەڵ فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان ئەو میدالیایەم وەرگرتووە.

لەوەو پاش ئێمە چاوەڕێی هاتنی تەفرەشیان و ڕەیس دانا، ئەفسەرانی فەوجی تۆپخانە و سغائی فەرماندەی دەستەی چەكە ریز هاوێژەكانی فەوجی پیادە بووین. دوو ڕۆژ پاش مانەوەی ئێمە لە نەغەدە، تەفرەشیان و ڕەیس دانا بە تۆپەكان و ژمارەیەك سەربازی تابوورو تۆپخانە هاتنە نێو نەغەدە. دیداری دوو كەس لە ئازیزانی ئێمە لە نەغەدە گەرموگوڕییەكی تایبەتی بەكۆمەڵەكەمان بەخشی و هەر كام لە ئێمە بەسەرهاتی ڕابردووی خۆی لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا كە لەبەرەی كوردستان پاشەكشێمان كردبوو بۆ یەكتری گێڕایەوە و

سەرەنجام لەوەی کە (سەرگورد خاکسازی) و (سەروان سغائی) و (ستوان حەقپەرست) هەواڵێك و سۆراخێكی تازەیان نەبوو غەمبارو دڵتەنگ بووین. بەتاسەوە بووین ئەگەر بەرەو تەوریز چووبن دەربازیان بووبێ. بەهاتنی تەفرەشیان، رەیس داناو حەمید دەباغ زادە کە لە ئەفسەرانی نوێی ئازەربایجان بوون ژمارەی ئێمە بوو بە دە کەس. ژیانی بەکۆمەڵی ئێمە وێرا بەدەردە سەری و رەنج و زەحمەتی بێ برانەوەو بێبەشییەکی هاوبەش دەستی پێکرد.

## لەگەڵ بارزانییەکاندا

رۆژێك لە نەغەدە چاومان بەیەکێك لە ئەفسەرانی پلەبەرزی سوپای ئێرانی کەوت. ئەو (سەرهەنگ غەفاری) بوو کە لەلایەن سوپاوە بۆ دانوستاندن لەگەڵ بارزانییەکاندا هاتبووە نەغەدە، ئەو هەر رۆژ بەیانیان بۆ دیدەنی شێخ ئەحمەد بارزانی سەرۆکی هۆز، لەگەڵ وەرگێرێکدا، دەرۆیشت و دانوستاندنی لەگەڵدا دەکرد.

بارەگای شێخ ئەحمەد بارزانی ژورێکی تەسك و تاریك و تارادەیەك بچووکیش بوو. شێخ ئەحمەد هەموو رۆژێك دەهاتە ئەو ژوورەو لەسەر چوارپایەك کە پێچکەکانی کورت بوون، دادەنیشت و بەچەقۆیەکی تیژو تەنك خەریکی تراشکردنی تەختەیەك بوو وردی دەکرد. ئەمە سەرگەرمی شێخ ئەحمەد بوو. شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا و سەرۆکی مەزهەبی و روحانی و خودانی بارزان بوو.

رۆژێك بە جلی کوردییەوە لەو ژوورەدا لە حزوری شێخ ئەحمەد بووین. سەرهەنگ غەفاری بە شێخ ئەحمەدی گوت: جەنابی شێخ فەرمان بدە ئەو ئەفسەرانە کە لای ئێوەن تەسلیمی ئێمە بکرێن. ئەو نەیدەزانی چەند نەفەر لە ئامادەبووان لەو دانیشتنەدا هەمان ئەو ئەفسەرانەن کە ئەو داوای تەسلیم کردنەوەیان دەکا.

شێخ ئەحمەد سەرۆکی روحانی هۆزی بارزانییەکان، مرۆڤێك بوو بە پاکی و بێگەردی منداڵێك. ئەو، بەهیچ رەنگێك ئەهلی درۆو دەسەلەو کەلەکبازی و



سیاسەت و سیاسەتبازی نەبوو. ئەوەی بیری لێ دەکردەوە هەر ئەوەشی بەسەر زماندا دەهات.

شێخ ئەحمەد لە وەڵامی سەرهەنگ غەفاری گوتی: ئەو ئەفسەرە میوانانە، پەنابەرو روناکی چاوی هۆزی ئێمەن. من ئامادەم چەند کەس لە کوڕان و برایانی خۆم لە بەرامبەر ئەواندا تەسلیمی دەوڵەتی ئێران بکەم. بەڵام تەسلیمکردنەوەی ئەوانە ئیمکانی نییە. شێخ ئەحمەد پاش ئەوە بە ئاماژەکردن بۆ ئێمە، بەسەرهەنگ غەفاری گوت:

- ئەمانە ئەو ئەفسەرانەن کە لەگەڵ ئێمەدا دەژین و ئەگەر قەرار بێت بمرین ئەوا پێکەوە دەمرین.

پاش چەند رۆژ مانەوە لە نەغەدە، ئێمە بەرەو شنۆ بەڕێ کەوتین و رۆژی (1ی دی 1325) گەیشتینە شنۆ.

شنۆ لە ناوچە ساردو بەفراوییەکانی ئێرانە کە کەوتۆتە باشوری رەزاییەو باکوری رۆژئاوای نەغەدە. ئێمە چەند مانگێك لە شنۆ بووین. شنۆ شایەت و شانۆی دەربەدەری و ئاوارەیی ئێمە بوو. چارەنووسی ئێمە دیار نەبوو. مانای ئێمە نەمان دەزانی کە سوپای ناوەندی چ کاتێك جەنگ لە دژی بارزانییەکان دەست پێدەکا. ئێستا ئیتر مەهاباد بەتەواوی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی سوپاوە. سەرداران و رابەرانی کوردستان، کەمێك دواتر لە سێدارە دران. قازی محەمەد، سەیفی قازی و سەدری قازی پاش هاتنەکایەی کەش و هەوایەکی ئارام و بێ کوشت و کوشتار لە کوردستان تەنانەت بەشداری کردن لە نمایشی سەربازی لە مەهاباد، لە بەرەبەیانێکدا بەرەو داری سێدارە بران و پەتی خنکاندنیان کرایە مل ئەفسەرانی ئازەربایجانیش کە لە بەرەکانی شەڕدا دەستگیرکران هەر لە مەهاباد گوللە باران کران.

ئێستا سوپا لە بیری پاکسازی کردنی ناوچەی شنۆ، دەشتە بێڵ و مەرگەوەڕ و هەموو ناوچەکانی تر کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی بارزانییەکانەوە، بوو.

ئێمە بۆ گوزەرانی ژیانی خۆمان ناچاربووین ئەنوایەك پەیدا بکەین بۆ ئەوەی بۆ زستان سەری خۆمانی تێدا کز بکەین. ئیدی ئێمە بەباشی فێربووین کە بۆ درێژەدان بەژیانی خۆمان لەسەر پێی خۆمان رابوەستین و ئومێدی هاوکاری و یاریدەمان لە هیچ کەسێکەوە نەبێ. باشتر بڵێم لەو رۆژگارە سەخت و تاقەت پروکێنانەدا کەس نەیدەتوانی چاوەڕێی کۆمەك و یاریدەی لە کەسێکی دیکەوە هەبێ.

ئێمە هەر بە پرسیار سۆراخی ژورێکمان کردو سەرەنجام دەرگای ژورێکی قوڕمان کردەوە وبەدەم سەر نەوی کردنەوە لە دەرگایەکی تەختەی کورت و کەمێك رزیوەوە، تێپەڕین و بە یا ئەڵڵا گوتنەوە چووینە نێو حەوشەیەکی بچووکەوە. ژنێك بەجلوبەرگی ناوچەییەوە لە بەردەمی ئەمبارێك یان پشتیرێك خەریکی هەڵکردنی تەنوربوو. سڵاومان لێکردو تکامان لێکرد کە بەپێی توانا رێگامان بدا لە ژێر نوایەکی ئەو جێگایەدا کە پێی دەگوترا خانوو! سەری خۆمانی تێدا کز بکەین.ماڵە ناچیزەکەی ئەو تەنیا دوو ژوری گچکە بوو. یەکێکیان لەلای چەپی حەوشەکە بوو کە دیاربوو جێی دانیشتنی خێزانەکەیە. لە بەشی پاشەوەی لای راستی حەوشەکەش چەند پلەیەکی لێ بوو کە بەرەو ئەو ژوورە گچەکەی دیکەیان دەچوو. ئەو ژنە ئێمەی بەرەو ئەو ژوورە رێنوێنی کرد و رەزامەندی لەسەر نیشتەجێ بوونی ئێمەدا. ئێرە بە رواڵەت باشترین ژوری ماڵەکە بوو. ئەمبارو پشتیر بە ژوورەکەوە نوساببوون و تەنوریش لە ناوەڕاستیدا بوو. ئێمە هەموومان هاتینە ناو ئەو ماڵە نوێیەوە. ئێمە نە پێخەوێکمان هەبوو نەراخەرێك. خۆشبەختانە لە نێو ژوورەکەدا لێفە کورسی لێ بوو، بۆ ئێمە کە تامی سەرماو سۆڵەی زستانمان چێشتبوو، نیعمەتێکی گەورەبوو. ئەو رۆژانە سەرما دادو بێدادی بوو. ئەو ژنە ناوی ((دوڕا)) بوو ئێمە هەموو، ئەومان بە (دوڕاباجی) بانگ دەکرد. ئەو جارێك خواردنی بۆ لێ دەناین و جارێك نانی بۆ ئامادە دەکردین. بەرنامەی رۆژانەی ئێمە گەڕان و پیاسەیەکی بێ ئامانج یان راستر بڵێم وەخت گوزەراندن و کات کوشتن بوو. جاروبار دەچووینە لێواری روبارێك کە لە پەنا شنۆ بوو، پیاسەمان دەکردو ئەگەر شتێکمان بخواردبایە



تواناو تاقەتی ئەوەمان هەبوو وەرزش بکەین. عەسران لە دەوری تەنورەکەی (دوڕا باجی) کۆ دەبووینەوە تا هەم خۆشی لەگەرمای تەنورەکە وەربگرین و هەم جلەکانمان دادەنا تا بۆ ئەسپێ تەکاندن بەنۆرە جلەکان بەسەر مەشخەڵی ئاگری تەنورەکە، دادەتەکێنین. تەقەتەقی هەڵتۆقینی ئەسپێ کان بەسەر ئاگرەکەوە دەبیسترا، کاری ئەسپی دۆزی هەر بەوەندە نەدەبڕایەوە. هەموو شەوانیش کە بەدەوری چوارلای کورسییەکەدا دادەنیشتین هەڵبەتە لە تەنیا (لێفەیەکی کورسی) کە دیاری دوراباجی بوو، کەڵکمان وەدەگرت و سەرگەرمی ئەسپێ دۆزی دەبووین.

هەندێك جار کراسەکانمان دەدایە یەکتری تا لە ژماردنی ئەسپێی گەورەو رەش و قەڵەو، کە من لە ژیانی خۆمدا نەمدیبوو، هەڵەیەك روونەدا و پاڵەوانی خاوەن ئەسپێی گەورە دیاربێ. بە زۆری کراسەکەی (تیوای) لەوانی دیکە زیاتر ئەسپێی هەبوو. لە راستیدا نازانم ئەو هەموو ئەسپێیە لە کوێوەی ئەو لێفەیەوە دەهات. هەرچی زۆرتر دەگەڕاین دیسانەوە هەر هەبوو. ماوەیەك بوو سەر مەچەکی دەستی چەپم دەخوراو سور دەبۆوە. سەرەنجام دوای گەڕانێکی زۆر دەرکەوت کە لە ژێر ئەڵقەبەندی قایشی سەعاتەکەمدا، ئەسپێیەك جێگای خۆی خۆش کردبوو و لەسەر خوێنی مەچەکی دەستم دەلەوەرا بەکورتی ئەسپێی بێ بڕانەوە کەوتبوونە گیانی ئێمەوە. ژمارەیەکمان دەکوشت، کۆمەڵێکی دیکە بێ دواکەوتن جێگای ئەوانیان دەگرتەوە.

بەیانیانی هەموو رۆژێك، بۆ دیداری شێخ ئەحمەد کە لە پشتیرێکدابوو. و بەتایبەتی بۆ جێگای دانیشتنی ئەو پاك کرابۆوە، دەچووین. یەك دوو کاتژمێر وەختمان بەسەر دەبردو دەگەڕاینەوە. شێخ ئەحمەد بە زۆری لە بارەی بارزانەوە دەدوا و هەر لەوکاتەشدا بەسەر کاروبارەکانی هۆزدا رادەگەیشت و ئەگەر کەسێك پێداویستییەکی هەبوایە یا شتێکی داوا بکردبایە ئەوا رەزامەندی دەدا.

لاوێکی کورد، قارەمان و ئازا بەناوی سەعید، ئەندامی ((حیزبی رزگاری)) و گرێی پەیوەندی بوو لەگەڵ مەلا مستەفا رابەری حیزب. سەعید بەجۆرێکی بەردەوام لە نێوان کوردستانی عێراق و ئێراندا لە هاتوچۆدا بوو. ئەو بەنێو بەفری

ئەستوری چیاکان، مانگی دووجار دەهاتە ئێران و دەگەڕایەوە. ئەو ڕۆژنامەشی بۆ ئێمە دەهێنا. وەکو ئەو باسی دەکرد و ئێمەش ئەوەمان دەسەلماند کە بەهەق حیزبی ڕزگاری خاوەنی ڕێکخراوو ڕێکخستنی ڕێکوپێک بوو. بەپێچەوانەی کوردستانی ئێران کە لە حیزبێکی خاوەن دیسپلین و ڕێکخستن بێبەش بوو. قازی محەمەد ڕابەری سیاسی - مەزهەبی کوردستانی ئێران، بەهاوکاری سەرۆك عەشیرەتەکان حکومەتی کوردستانی بەڕێوە دەبرد. هەڵبەتە بەڕەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەبوو، بەڵام ڕێکخراو و ئۆرگانی سیاسی نەبوو، نە ڕێکخراوێك پێکدەهێنراو نە ڕێنوێنییەك لە کەناڵی ڕێکخستنەوە دەهات. و هەڵبەتە زنجیرەی پلە حیزبییەکان سەرو سۆراخێکی نەبوو لە واقیعدا وەزیفەگەلێك کە دەبێ بە ئەستۆی حیزبێکی سیاسییەوە بێ، لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوونی نەبوو.

سەرهەنگ غەفاری کە بۆ یەکەم جار لە نەغەدە دیتبومان، پاش چۆڵ کردنی نەغەدەو پاشەکشەی هۆزی بارزان بەرەو شنۆ و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و برایانی وە جێگیربوونی سوپا لە مەهاباد، سەفەرێکی دیکەی بۆ کوردستان کرد. ئەمجارەیان ئەومان لە شنۆ بینی. ئەو گوتی: لە سێدارەدان کۆتایی هات و پاش قازی محەمەدو سەیفی قازی، ئیتر کەسی دیکە لە سێدارە نادرێ و داوای لە ئێمە کرد کە ئێستا کاتی ئەوەیە ئێوەش خۆتان تەسلیم بکەن و لە دەربەدەری و ئاوارەیی ڕزگارتان بێت.

ئاشکرابوو کە ئێمە بەبێ زەمانەتێکی تەواو کەگیانی ئێمە بپارێزێ، نەماندەتوانی ئەو ریسك بازییە بکەین و خۆمان تەسلیم بکەین.

داوامان لە سەرهەنگ غەفاری کرد کە بەر لەوەی خۆمان تەسلیم بکەین شا فەرمانی لێبوردنی ئێمە دەربکاو رایبگەیەنێ. ئەو لەوە خۆی دەبواردو پێداگری دەکردو بەلێبڕاوییەکی تەواوە داوای لە ئێمە دەکرد کە خۆمان تەسلیم بکەین سەرهەنگ غەفاری کە لەگەڵ مل نەدانی ئێمە بۆ تەسلیم بوون ڕووبەڕووببوو گوتی:



- مەلا مستەفا لە تاران بەڵێنی بەدەوڵەت داوە کە ئێوە تەسلیم بکا.

مەلا مستەفا بە ئاوازێکی توندو لێبڕاوانە ئەوی بە درۆزن تاوانبار کردو پێی گوت:

- من بەشام گوتووە ئامادەین لە جیاتی ئەو شەش ئەفسەرە لاوە کە پەنابەرو میوانی هۆزی بارزانن، هەژدە کەس لە کوڕانی خۆمان تەسلیم بکەین. پاشان زێدەتر لە سەری ڕۆیشت و پێی گوت: ئاغای سەرهەنگ هۆزی بارزان ناتوانێ بچێتە ژێر باری شورەیی تەسلیم کردنەوەی شەش ئەفسەری لاو. هۆزی بارزان، هەمیشە بەسەر بڵندی و شانازییەوە ژیاوە و لێرەش بەدواوە هەر ئاوا دەژی.

سەرهەنگ غەفاری بە نائومێدی و شەرمەزارییەوە خوا حافیزیی کردو بەرەو شێخ ئەحمەد سەرۆکی هۆز ڕۆیشت و شێخ ئەحمەدیش نەچووە ژێر باری ئەو نالەبارییەوە راشکاوانە ترو لێبڕاوانەتر لە مەلا مستەفا ڕەتی کردەوە کە ئێمە تەسلیم بکاتەوە.

پێویستە ئەوە وەبیر بێنمەوە کە پاش پاشەکشەی هۆزی بارزان لە نەغەدەوە بەرەو شنۆ، مەلا مستەفا یان بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی بۆ تاران بانگهێشت کردو لەو سەفەرەدا سەرهەنگ غەفاری میواندارو ڕێبەری مەلا مستەفا بوو.

پاشان لەلایەن سوپاوە (سەرهەنگ بیگلەری) فەرماندەی ئەو کاروانەی کە ئەرکی سەرکوتکردنی بارزانییەکانی پێسپێردرابوو، و لە لەشکری 8ی خوراسان، لەگەڵ من و تەفرەشیان ببووە ئاشناو ئێستا لەگەڵ ئەو هێزەدا کە لە ژێر فەرماندەیی ئەودا بوو و لە نەغەدە دامەزرابوو، بە تەلەفۆن لەگەڵ تەفرەشیاندا کەوتە دانوستاندن. ئەو پێشنیاری کرد کە ئێمە خۆمان تەسلیم بکەین. من لە مەشهەد لەگەڵ سەرهەنگ بیگلەری ببوومە ئاشنا. لەو کاتیدا کە راسپێری چەککردنی عەشیرەتە تورکمەنەکان لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ بیگلەری کە یاریدەدەری فەرماندەی لەشکری مەشهەد بوو، بەڕێوەدەچوو من بە ناونیشانی فەرماندەی (کاروانی ئامێرەکان)ی هێزی ڕەوانەکراو، خزمەتم دەکردو هەڵبەتە بەدرێژایی ئەو ماوەی راسپێرییە لەگەڵ سەرهەنگ بیگلەری لە پەیوەندییەکی بەردەوام دابووم.

سەرهەنگ بیگلەری هەمان وتەکانی (سەرهەنگ غەفاری) دووبارە کردەوە. هەڵبەتە لە دوایین ئاخاوتنی تەلەفۆنیدا پێی راگەیەنرا کە راگەیاندنی فەرمانی لێبوردن لەلایەن شاوە دەتوانێ وابکا کە ئێمە خۆمان تەسلیم بکەین و ئێوە دەبێ دڵنیابن کە ئەگەر شەڕ هاتە پێشەوە ئەوا پەنجەکانمان لەسەر پەلاپیتکەی چەك نالەرزێ و لەو دوو کەتیبە تۆپەی کە لەبەر دەستمان دان ئەوپەڕی کەڵك وەردەگرین. سەرهەنگ بیگلەری بەڵێنی دەداو بە شەرەفی سەربازی خۆی سوێندی دەخوارد کە هاوکاری ئێمە دەکا. و ئەگەر بێتوو گوێ بە قسەکانی ئەو نەدەین ئەوا دەرفەت لە دەستدا نامێنێ. ئەو گوتی کە ئەوە ئاخرین دەرفەتە بۆ ئێوە. هەڵبەتە ئێمە ئەوەمان بەدوایین دەرفەت قبوڵ نەکردو ئەو منەتەمان نەدەویست ساڵانێك پاش ئەوە کە ئێمەیان لە عێراقەوە بە قۆڵبەستراوی تەسلیمی ئێران کردەوە، زانیمان کە سەرهەنگ بیگلەری لە قسەکانیدا راستگۆ بووە.

شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بە جیدی لە تەسلیم کردنەوەی ئێمە ناڕازی بوون و ئێمەش هەروا لەناو هۆزی ئەوانداماینەوە. لێرەدا بێ جێ نابێ جیاوازییەکانی بەینی شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفا و شێخ محەمەد سدیق و شێخ سلێمان و باقی سەرۆکەکانی هۆزی بارزان لەگەڵ سەرۆکەکانی هۆزەکانی ئێران ناسرو خەسرەو قەشقائی لەڕووی تایبەتمەندی رەوشت و داوێنپاکی بارزانییەکان و بێ رەوشتی قەشقاییەکان وەبیر بهێنمەوە.

رۆژنامەی ئێران - دوو شەممە 24 اردیبهشت ساڵی 1324 لەم بارەوە بابەتێکی نووسیوە، خانەکانی قەشقاییەکان چ یارییەك دەکەن، هاوبەشی ئەڵمان، هاوڕێی ئینگلیز.

(سیاسەتی ئینگلیز لە باشوری ئێران بە ئازادی هێشتنەوەی خەسرەو خانی هاوکاری شولتزی ئەڵمانی، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. مانای لە خەڵکی گەیاند کە ئەم جۆرە خانانە کە ماوەیەکی زۆر دوژمنی ئینگلستان و بەخەیاڵی تەسکی خۆیان نیشتمانپەروەر خۆیان رادەنا. ئێستاکە چۆن لە بەرامبەر پارەدا کەمەری خزمەتکارییان لێ بەستووە، تەنانەت میوانەکان و هانا



پێبردووەکانی خۆشیان ئەسیر کردووە و بەڕیسواییەوە بە دەست و پێ بەستراوی تەسلیمیان کردوون. لەحاڵێکدا کە لە نێو عەشیرەتاندا نەریت وایە کە عەشیرەت تا دوایین دڵۆپە خوێنی خۆی بەرگری لە میوانەکانی خۆی بکا ئەگەرچی ئەو میوانە باوکی ئەوانیشی کوشتبێ.

بە هەرحاڵ هێشتا هێرشی هەمەلایەنە لەلایەن سوپاوە بۆ سەر هۆزی بارزان دەستی پێ نەکردبوو. وا وێنا دەکەم کە لە چەند رۆژێك زیاتری بۆ دەرچوونی فەرمانی هەمەلایەنە، نەمابوو. بەڵام بەتەواوی ئاشکرا بوو کە سوپا خۆی بۆ هێرش ئامادە دەکاو لە بەرامبەر بارزانییەکاندا ریزەکانی خۆی رێك دەخات و سەرقاڵی هێنان و گواستنەوە و رێکوپێك کردنی هێزەکانی دەبێ، و دەبێ ئەوەش بڵێین کە بارزانییەکانیش لە خەودا نەبوون و بۆ هێرشی مسۆگەری سوپا، لەسەر ئەو بەرزاییانەی کە کاریگەربوون دادەمەزران. چاویان رووبە دوژمن و دەستیان لەسەر پەلە پیتکەی تفەنگەکانیان بوو.

بارزانییەکان هەرگیز مەرامیان پێك هەڵپژان و جەنگ لەگەڵ سوپادا نەبوو. ئەوان چاوەڕێی خۆش بوونی کەش و هەواو توانەوەی بەفری چیاکان بوون و دەیانویست بەرەو عێراق، بەرەو خاکی خۆیان پاشەکشێ بکەن. مەلا مستەفا چەندان جار گوتبووی کە ئێمە بەرژەوەندێکمان لە ئێراندا نییە تا لە پێناویدا بجەنگین. نیشتمانی ئێمە عێراقە و ئەگەر سوپا دەرفەت بدات بەبێ شەڕو لێکدان و تەنانەت بێ تەقاندنی یەك گوللەش، ئێمە بەرەو عێراق دەڕۆین.

کوردەکان بە دڵ هەواداری یەك بوون و هۆگری بارزانییەکان بوون و بە هۆی ئازایەتی و قارەمانی بارزانییەکانەوە لێ یان دەترسان. بەو پێیە بەهاندانی حکومەتی ناوەندی لە هەوڵی هەلێك دابوون کە زەڕبەیەك لە بارزانییەکان بدەن و لە نفوزو دەسەڵاتی ئەوان کەم بکەنەوە تا لەو رێگایەوە متمانەی حکومەتی ناوەندی بۆ خۆیان بە دەست بێنن و پاکانەی خۆیان لە بەرامبەر هاوکاری کردنیان لەگەڵ کۆماری کوردستاندا بکەن.

هەڵبەتە بارزانییەکانیش لەگەڵ ئاکارو خووی کوردەکانی ئێران ئاشنابوون و دەیانزانی کە لە نێو هۆزو عەشیرەتەکاندا سەرانێك کەم نین کە کوڕی ڕۆژگارن و لەهەر لایەکەوە با هەڵبکا روو لەو لایە دەکەن.

لەو سەروبەندانەدا هەواڵ هات کە سەرانی هۆزی مامەش و مەنگوڕ لە گوندی (سوفیان) ناوەندی ناحیەی (لاجان) لە کۆبوونەوەدا سەرقاڵی گوتوبێژو باس و خواسن تا لە بارەی هاوکاری کردنی سوپا (کە کاتی هێرش کردنەکەی نزیك ببۆوە) بڕیارێك بدەن. مەلا مستەفا یەکەمیان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەو گوێ بادانی سەرانی هۆزی مامەش و مەنگوڕ، دووەمیان بۆ پاکسازیی جادەو خولْقاندنی ترس و تۆقاندن لە نێو باقی عەشیرەتەکاندا، بڕیار دەدا کە زەڕبەیەکی لە ناکاو و گورچکبڕ لە سەرانی پیلانگێڕ بوەشێنێ. بۆیە لەگەڵ چەند نەفەرێك لە شەڕوانانی دەچێتە (سوفیان)و غافڵگیرانە لە یەك چاوتروکاندندا دەچێتە ناو کۆبوونەوەی سەرانی هۆزی مامەش و مەنگوڕ و هەموویانی بەدەست درێژی ئوتوماتیك بەسەریەکدا گێڕا. دەشیانگوت دوو نەفەری لە سەرانی عەشیرەتەکان بردۆتە حەوشەکەو لە پەنا باخچەیەك سەری لەشیان جیاکردۆتەوە و هەڵبەتە بڕێك چەك و کەرەسەی جەنگیشی دەستکەوتبوو. پاش ئەو زەڕبە لە ناکاوەو ئەو کارە سەرچڵیانە، باقی سەرانی عەشیرەتەکانی دیکە ترسان و پەیمانی شەرەفیاندا کە لە دژی بارزانییەکان هاوکاری سوپا نەکەن و نەچنە شەڕەوە (هەڵبەتە واشیان کرد) سوپای ئێران عەشیرەتەکانی کوردی لە ریزەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕدا داناو هێزە نیزامییەکانیش لە ریزی دوای ئەوانەوە چوونە نێو شەڕی بارزانییەکانەوە. بەڵام ئەوان بە بۆنەی هاوبەندییان بە کوردەکانەوە، بەهەر شێوەیەك کە ببوایە، شەوانە، بە حوکمی شارەزاییان لە ڕێگە شاخاوییەکان کاتی دەستپێکردنی هێرشی سوپاو هەژماری نەفەرەکانی هێرشبەریان دەگەیاندە بارزانییەکان و لەکاتی هێرشکردندا تا ئەو جێگایە کە دەرەتان ببوایە، ورەی هێزە نیزامییەکانیان دەڕوخاند. و تەنانەت لە هەندێك جێگادا داوایان لە



بارزانییەکان، دەکرد کە لە فلانە کاتژمێردا (کاتی پێش هێرش کردنەکە) بە تەقاندنی یەك گوللە تۆپ، فلانە جێیە بخەنە بەر هێرشی خۆیان تا دەرفەتی هەڵاتن و پاشەکشێ بۆ ئەوان فەراهەم ببێ. هەڵبەتە ترس و زارەترەك بوون لە بارزانییەکان و خولْقاندنی هەلومەرجی هەڵاتن نە تەنیا هەر ئەوەندە دەبوە مایەی رزگاربوونی گیانی کوردە ئێرانییەکان لە هێرشی سوپا، بەڵکو لە نێو خودی هێزەکانی سوپاشدا بێ سەروبەری و لێك ترازان و گەڕەلاوژێی دەنایەوە.

## هێرشی سوپا بۆ سەر بارزانییەکان

دروست لە بەرەبەیانی (24 اسفند) تۆپبارانی سوپا بۆ سەر بارزانییەکان، هەواڵی دەسپێکی شەڕی راگەیاند. لە بەرامبەر یەکەمین تۆپی سوپا، تۆپەکانی ئێمە لەسەر بەرزاییەکانی (سنگان) توانییان ئاگری تۆپخانەکانی سوپا بێدەنگ بکەن و سەربازان و عەشیرەتەکان کە دەیانویست لە پەنا ئاگری تۆپخانەوە دەست بە هێرشی خۆیان بکەن، ناچاربوون هەڵ بێن و پاشەکشێ بکەن.

دەست پێکردنی جەنگ، کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ورەی ئێمە دانا، چونکە ئەگەر لەو شەڕەدا سەر بکەوتینایە- کە سەریش نەدەکەوتین- ئەوا گیانی خۆمان رزگارکردبوو و ئەگەر شکستیشمان هێنابا و بکوژرابایین ئەوا دیسانەوە لە کوێرەوەری رزگارمان بووبوو و لەو سەرگەردانییەو لەو گەڕان و هاتووچوونە بێ هودەیەی دەشت و چیا و چۆلان رزگارمان دەبوو. دنیای بێ چارەی ئێمە پڕ لە رەنج و کوێرەوەرییەکی فراوان بوو.

سوپای ئێران لە یەکەمین هێرشی خۆیدا تامی تاڵاوی شکست و نائومێدی چێشت. تۆخانەو (گوردانی) پیادە گواستیەوە بۆ گوندی (نەلۆس) و لەوێ جێگیربوو.

تەفرەشیان کە بینی (گوردان)ی تۆپخانە لە (نەلۆس) جێگیر بووە، یەکەکەی خۆی بردە بەرزترین نوختەی گردەکە کە بەسەر (نەلۆس)دا دەیڕوانی ئەو، شەوەکی تۆپەکانی دادەمەزراندو ئینجا پێش بەرەبەیان جێ گۆڕکێی دەکرد. بەیانی زوو کە خۆرهەڵات کەرەسەو کەلوپەلی گوردان و تۆپخانەی سوپا لەبەر

تیشکی بەرەبەیان شەوقی دەدایەوە و هاموشۆی نەفەرەکانی گوردانەکە بەدووربین دەبینرا. تەفرەشیان ئاگری تۆپەکانی ئاراستەی ئەو گردە کە گوردان لەوێ جێگیر بوو، کرد. پاش تەقاندنی یەك دوو گوللە تۆپ گوردانی تۆپخانە لێك بلاوبوو فەرماندەی گوردان (سەرگورد کلاشی) کە لە ئاکامی ئەو تێکشکانەدا هەموو ورەی خۆی لە دەستدا بوو، نەیتوانی بەرگەی ئەو تێکشکانە بگرێ و یەك فیشەکی بەسەری خۆیەوە ناو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. هەموو نەفەرەکان و چەك و تەقەمەنی، چەندین ولاخ چواردانە چەکی ریزهاوێژی قورس و شەش دانە هاوەن و ئازوخەی گوردانەکە کەوتە بەردەستی هێزەکانی بارزانی.

لەو پۆپەراسیونەدا ژمارەیەکی کەم کە نزیکەی بیست کەس دەبوون، بەشدارییان کرد. ئەوان لە رێگەی تاکتیکێکی جەنگییەوە: گوللەباران کردن لەلایەن یەك کەسەوە، ئینجا گوللە باران کردن لەلایەن نەفەرێکی تر بۆ سەر لایەکی دیکەوە و بەم شێوەیە لە هەر چوارلاوە بە ئاراستەی گوردانەکە، پیاوەکانی گوردانەکەیان بە گومانی ئەوەی کە لەلایەن هێرشێکی یەکجار زۆرەوە گەمارۆدراون و گومڕابوون و خۆیان تەسلیم کردو لە دەوروبەری ئەو پێگەیە کەگوردانەکەی لێ دامەزرابوو، بە پەرت و بلاوی و سەرلێشێواوی دەستیان بەهەلاتن کرد.

پاشان یەکێك لە هاوڕێیان: مەحمود تەوەکولی) بەرەو گوردانەکە رۆیشت و نەفەرەکان، پلەدارو ئەفسەرەکانی ریزکردو بەدیسپلینی سەربازییەوە هەموو ئەسیرەکانی بۆ شنۆ گواستەوە.

بە تێکوپێك شکانی گوردان و تۆپخانەو وەگیرکەوتنی دەسکەوتی زۆری کەرەسەی جەنگی، ورەی بارزانییەکان زیاتر سەرکەوتە سەرێ و لەوەو بەدوا تەفرەشیانیان وەکو نوێنەری خوا دەبینی کە بەفەرمانی خوا بۆ یاریدەی هۆزی بارزان هاتووە.

لە هێرشی نەلۆس و تێکشکاندنی گورداندا هاوڕێیان رەیس دانا، زەربەخت و تەوەکولی بەشدارییان کرد. بە گواستنەوەی ئەسیرەکان بۆ شنۆ، وەزیفەی ئەرتەشیار، تیوای و من کە چاودێری کردنی ئەسپەکان بوو، دەستی پێکرد.



ئەسیرەکانمان بردە مزگەوت، ئەفسەرەکان و پلەداران و سەربازەکان لەوێ ئاشنا دەرچوون. ژمارەی تەواوی ئەسیرەکان، بە ئەفسەرو پلەدارو سەربازەوە تا ئەو جێیە کە لە بیرم ماوە 140 نەفەربوون. 24 نەفەریان پلەدار و 6 نەفەریان ئەفسەربوون. لە نێو ئەفسەرانی ئەسیردا (ستوانی یەکەم یەعقوبی) بوو کە لەگەل ئەرتەشیار و من یەك خول بووین و لە دانیشگای ئەفسەری پێکەوە ئاشنابووین. (ستوانی یەکەم یەعقوبی)م، کە پاشان ببوە (سەرگورد) لە نێو ئەفسەرانی زیندانی رێکخراوی سەربازی حیزبی تودەی ئێراندا بینی- ئەو پیاوێکی زۆر شەرم بەخۆو ئارام و کەم دوو بوو. هەروەها (ستوانی یەکەم کەمالیان ئەویش هاوخولی تەفرەشیان بوو.

یەکێك لەو ئەفسەرانەی کە حەتمەن دەبێ ناوێکی بێنین (سەروان خودا دوست)، نازانم دکتۆربوو یان یاریدەر، ئەو بەدبەختە رۆژگار رەشە خۆی بە (غولامت خودا دوست)، دەناساند. ئەو زەلامە پەست و زەلیلە چەندان جار خۆی بەسەر پێکانی مەلا مستەفا دادا و داوای بەزەیی و سۆزی لێدەکرد: جەنابی ژەنراڵ من ژن و منداڵم هەیە من بەدبەختم، لێم ببورە. هەر ئەو زەلامە بەدبەخت و چارەڕەشە پاش گەڕانەوەی ئێمە لە عێراق بۆ تاران، لە دادگایی ئێمەدا کە لەسەر لێواری سێدارەبووین شایەتیدا. هەلبەت لە دژی ئێمە. لە بەرامبەری ئەودا (سەرلەشکر بیگلەری کە فەرماندەی کاروانی رەوانەکراو بۆ جەنگی بارزانییەکان بوو، بەوپەڕی گەورەییەوە شایەتی بەزیانی ئێمە نەدا. ئەو گوتی: من ئەو ئەفسەرانەم لە بەرەی جەنگ نەدیوە تەنیا بیستبووم کە ژمارەیەك ئەفسەری سوپا لە نێو بارزانییەکان دان ئەگەر سەرلەشکر بیگلەری ماوە یادی بەخێربێ و ئەگەر کۆچی دوایی کردووە رەوانی شادبێ! ئێستا سەیرکە جیاوازی نێوان (غولامت خودا دوست) لە کوێ و مرۆڤێکی گەورەی وەکو سەرلەشکر بیگلەری لە کوێ؟

پاش یەك دوو رۆژ بە هۆی کەم بوونی ئازوخەو بەهۆی ئەوەی کە بارزانییەکان نەیاندەتوانی تەنانەت سکی خۆیان و ژن و منداڵەکانیان تێر بکەن و لەلایەکی

ترەوە زۆربوونی سەربازانی سوپاو بێ غیرەتی ئەوان بۆ شەڕکردن لەگەڵ بارزانییەکان. بە رەزامەندی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا سەربازەکانمان ئازادکردو ئەفسەرەکان و پلەدارەکانمان هێشتەوە.

پاش مانەوەیەکی کەم لە شنۆ بڕیاردرا ئەو دوو تۆپەی کە بەردەست کەوتووە تێك بدەین بۆ ئەوەی بۆ کەڵك وەرگرتن نەشێ و لەکاربکەون. و تەنیا ئەو دوو تۆپەی خۆمان بۆ ناوچەی (مەرگەوەڕ) بگوازینەوە. ئێمە لەگەڵ نەفەرەکانی هۆزی بارزان و ئەسیرەکان لە شنۆ هاتینە دەرەوە و بەرەو (مەرگەوەڕ)، کەوتینە رێ. قۆناغی پڕ لە رەنج و کارەساتباری ئێمە لەو سەرماو سۆڵەی زستاندا یان راستر بڵێم قۆناغی گیانی کێشانی ئێمە پلە بەپلە دەستی پێکرد.

شەوی پاشتر لە ((گیلاس)) دواین گوندی مەرگەوەڕ، نزیکی شاخەکان بووین، وا وێنا دەکەم ناوی گوندەکە (زێوە) بوو. ئێستا سوپا بەداگیرکردنی شنۆ کە ئێمە چۆڵمان کردبوو، ورەیەکی تازەی بەبەرداهاتبوو بە سازدانی تەکتیکی تەواو سەربازییانە و ریزبەندییەکی رێکوپێکەوە هێرشی هێنایە سەر بارزانییەکان. سەرەتا فڕۆکەکانی سوپا پێگەکانی ئێمەیان بۆمباباران کرد پاشان ئاگری بێ ئامان و ترسناکی بۆردومانی تۆپخانە لە پێگەکانی ئێمەدا، ژن و منداڵ و نەفەری بێ پشت و پەنای هۆزی بارزانییەکانی قەتڵ و عام دەکرد. فڕۆکەکان وەك نوقڵ و شیرینی لە ئاسمانەوە گوللەیان بەسەر ژن و منداڵی بارزانیاندا هەڵدەڕشت.

ئێمە لەگەڵ 24 پلەدارو 6 ئەفسەری ئەسیر شەومان لە گوندی (زێوە) بەسەربرد. ئەسیرەکان لە نێو کۆڵێتێکدا و خۆشمان لە خانووچکەیەکی نزیکی ئەسیرەکان ماینەوە. ئەرتەشیارو هاوڕێیەکی تر و من سەرقاڵی پاسەوانی ئەسیرەکان بووین. من و ئەرتەشیار ئێشکی دوو سەعاتمان لە 2 تا 6ی بەیانی هەبوو. ئەرتەشیار دەیوایە ئێشکی لە سەعات 6ی بەیانییەوە بدابایە دەستی هاوڕێیەکی تر، و ئەو، بە پەشۆکاوییەوە منی لە خەو هەستاند و گوتی هەموو رۆیشتوون و جموجۆڵێك لە نێو گوندا نییە. ئێمە لە خەو هەستاین.. خۆری بەرەبەیان تیشکی بەسەر سەرتاسەری دەشتەکەدا پەخش کردبوو. سەرنجماندا کە



لە نێو گونددا، کە شەوی رابردوو پر لە بارزانی و خاووخێزان و وڵاخ و هەروەها خەڵکی گوندەکە بوو، ئێستا تەنانەت یەك نەفەریش دیار نییە. ئاوایی بێ هەست و خوست بوو. تەنانەت بەرەبەیان دەنگی باعەباعی مەڕان و دەنگی ئاژەڵەکان نەدەکەوتە بەر گوێ. دەتگوت ئێمە لە جێگایەك داین کە تەنانەت جموجوڵی گیانلەبەرێکیشی تێدا نییە. بارزانییەکان لە نزیکبوونەوەی سوپا ترسابوون و بە کەڵك وەرگرتن لە تاریکی شەو گوندەکەیان چۆڵ کردبوو و ئەو دەشتەی نێوان گوندەکەو شاخەکانیان بڕی بوو و گەیشتبوونە بناری بەرزاییەکان.

ئەرتەشیار پرسی: ئەسغەر دەبێ چ بکەین؟ هەموو رۆیشتوون و ئێمەیان ئاگادار نەکردۆتەوە. ئەو راستی دەگوت هێرشەکانی سوپا لە رۆژی پێشوو ئەوەندە سەخت و توندبوو کە ئیدی بارزانییەکان توانای بەرهەڵستی و شەڕکردنیان نەمابوو. هەقیشیان بوو. بۆچی شەڕ بکەن! ئێستاکە تەنیا ئامانجێکی ئەوان چوونە دەرەوە لە گۆڕایی دەشتەکان و سەرکەوتنی شاخ و لوتکەیەك بە دوا لوتکەیەکی دیکەداو تێپەڕین لە شاخە پڕ لە بەفرەکان و گەیشتنەوە بە سنوری عێراق بوو، و لە ماوەی رێگادا تەنیا شتێك کە بیریان لێدەکردەوە چاودێری ژن و منداڵەکانیان و بەدەست هێنانی پاروە نانێك بوو بۆ تێرکردنی ئەوان و هەر بەو بەڵگەیە شەوەکی لە گوند هاتبوونە دەرەوە و بەکەڵك وەرگرتن لە تاریکی شەو لە دەشت پەڕیبوونەوە و بەرەو بەرزایی شاخەکان، پاشەکشەیان کردبوو.

ئێستا ئێمە لەگەڵ 24 پلەداری ئەسیر لە هەوایەکی تەواو ساف و ساماڵ و هەتاوی داین و دەشتێکی تەخت لە پێش دەمماندایە. ئەرتەشیارو من پاش راوێژ گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە ئەگەر لە یەك ساتە زەمەنی کورتدا بچووکترین غافڵ بوون یاخود هەڵەمان لێ رووبدا، پلەداران ئێمە چەك دەکەن و بەدەستی بەستراوەوە ئێمە تەسلیمی سوپا دەکەن. ئەرتەشیار بەتفەنگ و چەکی بەرکەمەریەوە لە پێشەوە، ئەسیرەکان لە ناوەڕاست و من بەدوای ئەواندا لە ژێر هەتاوێکی درەوشاوە و دەشتێکی تەخت و هەموار لە گوند هاتینە دەرو رێگەی

چیامان گرتۆتەبەر. لەڕێگا دوو فڕۆکەی جەنگی سوپا لەسەر سەرمانەوە وەدیار کەوتن ئەوەندەمان بەس بوو بە تەنیا یەك دەست ریزمان لێ بکەن و بمان ئەنگێون. فەرمانمان بەپلەداران، کە جلی سەربازییان لەبەردابوو، کرد، کە درێژ بن تاکو فڕۆکەکان بەسەر سەرماندا تێدەپەڕن.

فڕینی فڕۆکەکان بە ئاستێك لە زەوییەوە نزم بوو کە سەرنشینانی فڕۆکەکانمان بە باشی دەبینی یەکێك لە ئەسیرەکان بە مەبەستی داوای یارمەتی لە فڕۆکەوانەکان دەستی بەرەو ئەوان رادەوەشاند. فڕۆکەوان بەو وێناکردنەی خۆی کە ئێمە هێزی دەوڵەتین و سوپا لە شەوی پێشوودا ئەو گوندەی داگیرکردووە و هێزی دەوڵەت لەو دەشتە ساف و تەختاییەدا بە مەبەستی بەدواکەوتنی دوژمن بەرەو چیاکان دەڕۆن، لولەی جاڕدانی بەرەو خوارەوە داگرت و لەلایەن فەرماندەی کاروانەوە ئەم فەتح و سەرکەوتنەی، مانای داگیرکردنی!!! ئەو ناوچەیەی لە فەرماندەی یەکە هێرشبەرەکان پیرۆز کردو پاش دوو سێ جار سوڕانەوە بەسەر سەری هێزی خۆیی!یەوە لە دەشتی مەرگەوەڕ دوورکەوتەوە لەو دەرفەتەدا ئێمە توانیمان خۆمان بگەیەنینە دواین نەفەری هۆزی بارزان کە لە بناری چیاکان خەریکی بەسەرکەوتن بوون.

لە چیاکان ماوەی سێزدە شەووڕۆژ بەنێو بەفرو سەرماو باوبۆراندا رێگامان تەی کردو بەدەم سەرکەوتنەوە لەم لوتکەوە بۆ ئەو لوتکەیە دەڕۆیشتین. شەوانمان لە بەرزایی چوار هەزار مەتردا، بە حاڵێکی پڕ لە کارەسات و رەنجکێشانێکی کە لە وەسفکردن بە دەرە، رۆژ دەکردەوە و هەرگیز بەبیرماندا نەدەهات بەیانی ببینین. سەرماو بەفرو بۆران دادو بێدادی دەکرد. تینی سەرما تا سەر ئێسقان دەچووە نێو لە شمانەوە.

ئەسیرەکانیش ئەوا بووبوونە سەربار و بن بار نە گەنم و نە نان هیچمان نەبوو بیدەینە ئەوان. نەخێوەت و نە سەرپەنایەك هەبوو کە پێکەوە لە ژێریدا بخەوین هەر بەو بەڵگەیە لەسەر رەزامەندی شێخ ئەحمەد ئەسیرانی پلەدارمان ئازادکردو تەنیا ئەسیرانی ئەفسەر مانەوە.



ئێستا بە واقیعی ئەفسەرە ئەسیرەکان ببوونە بار بەسەر شانمانەوە. لە حاڵێکدا کە خۆمان نانێکمان نەبوو کە خۆمانی پێ تێر بکەین، لەڕووی پایەبەرزی رەوشتییەوە خۆمان بە بەرپرس دەزانی کە ئەگەر جاروبارە لەتە نانێکمان دەست بکەوێ، یەکەمجار بیدەینە ئەفسەرانی ئەسیر، بەزۆریش وا رێك دەکەوت کە بە هەزار زەحمەت دەمانتوانی نانێکی نیوەسك بدەینە ئەسیرەکان و بەزۆری وادەبوو بۆ خۆمان بەبرسێتی دەماینەوە.

ئەو رۆژانە هۆزی بارزان کە لە حاڵی پاشەکشێ دابوون، هەروەکو رێچکە مێروو بەرەو شارەکانیان، خەتێکی رەش و درێژیان بەنێو بەفری سپی چیاکاندا پێکهێنابوو کە بەهەق ئامانجێکی روون و بێ سەر ئێشەی فڕۆکەکان بوون. هەڵبەت فڕۆکەوانەکانیش بەردەوام ئەوانیان دەدایە بەر دەستڕێژ و هەروەکو نوقڵ و نەبات لە ئاسمانەوە گوللە دەباری. دواجار بەفڕێدانە خوارەوەی چەند بۆمبایەك خواحافیزییان لە ئێمەو هۆزی بارزان دەکردو بۆ هێرشێکی تر بەڵێنیان دەداینێ کەبێنەوە سەر سەرمان! زیانی بارزانییەکان لەو پاشەکشێیەی نێو چیاکان یەکجار زۆربوو.

هۆزی بارزان لە رێرەوی جولانەوەیدا لەو چیا بۆ ئەو چیا بە ئاراستەی سنوری عێراق بوو. بەو پێیە بۆمبارانی بێ پسانەوەی ئەوان پێویستییەکی تێدا نەبوو بەڵام فڕۆکەوانانی شا بەرژدو شەیداییەوە هەر رۆژ هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر ئەم هێڵی قەتارەی مێروولەیە زیادی دەکرد. ورەی پیاوانی بارزانی بێ ئەندازە لاوازببوو. ئەوان نەیاندەزانی چۆن لە بەرامبەر دەستڕێژی چەکە شەستیرەکانی فڕۆکەکان کە لە بەرزاییەکی زۆر کەمەوە دەفڕین، بەرگری بکەن. ئەو بۆمبابارانە پەیتاپەیتایەو ئەو دەستڕێژە بێ هەژمارەی ریزهاوێژەکان ترس و تۆقانێکی سەیری لە نێو هۆزدا خولقاندبوو.

ئێمە لە کاتی هێرشی فڕۆکەکان و دەستدرێژی بێ پسانەوەی ریزهاوێژەکاندا خۆمان دەگەیاندە بن تاشە بەردێك و بەسەرنجدان لە ئاراستەی فڕینی فڕۆکەکان بە دەوری بەردەکەدا دەسوڕاین. بەڵام پاش هەر دەستڕێژی رێز هاوێژ و بۆمبارانێك، ژمارەیەك دەکوژران و بریندار دەبوون. یەکێك لە هاوڕێیانی ئێمەش (چنگیز) لە تەقینەوەی بۆمبایەکدا بە ساغی دەرنەچوو و برینداربوو.

شەڕوانانی هۆزی بارزان کەم و زۆر، لەگەڵ چۆنیەتی داهاتنە خوارەوەی فڕۆکەکان ئاشنابوون و ئیدی وایان لێهات دەیانتوانی لە بەرامبەر هێرشی هەر رۆژو هەر سەعاتەی فڕۆکەکاندا خۆیان بپارێزن. بەو پێیە زیانی زۆر لە ژن و مندالان، پیرەمێردان، ئەسپ و گاو مەڕەکان دەکەوت.

لەکاتی هێرشی فڕۆکەکاندا، ژنان منداڵەکانی خۆیان لە پشتی خۆیان دەبەست و بە پەشۆکاوی و بە سەر لێشێواوییەوە و بێ ئامانج بۆ هەر لایەك هەڵدەهاتن یاخود دەستی منداڵەکانیان دەگرت و راکێش راکێش بەدوو خۆیاندا بەرەو ناو شیوێك رایاندەکێشان کە بە زۆری وا رێك دەکەوت گیانیان بە ساغی دەرباز نەدەبوو. کوڕان بە بەرچاوی باوك و دایکیانەوە گیانیان لە دەست دەدا یان باوك و دایك بە بەرچاوی کوڕەکانیانەوە گیانیان دەدا.

جارێك پاش نیوەڕۆیەك، پێش هێرشی فڕۆکەکان، ئێمە بۆ تێرکردنی سکی خۆمان و ئەفسەرانی ئەسیر چووینە لای یەکێك لە ژنانی عەشایەر کەنان ساجی دروست دەکرد، داوامان لێکرد چەند نانێکمان بداتێ، ئەو و مێردەکەشی رازی نەبوون. مێردەکەی گوتی: یەك نان بەیەك فیشەك. لەبەرئەوەی لەو جۆرە هەلومەرجانەدا نرخی فیشەك لە نان زیاتر بوو مامەڵەکە سەری نەگرت. هەر لەو کاتەدا فڕۆکەکان لە بەرزایی چیاکانەوە بەدەرکەوتن. ئیدی هەروەکو دابی خۆیان ئاگرباران دەستی پێکرد. هەڵبەت هەرکەسە پەنای بۆ گۆشەیەك برد. پاش ئاگرباران و بۆمباباران، فڕۆکەکان لە ئاسمانی ئەم ئوردوگایە دوورکەوتنەوە. ژنە نان کەرو مێردەکەی سۆراخێکیان نەما. ئەوان کوژرابوون. ئێمە توانیمان سێ چوار پارچە نان ساجی کە ژنەکە دروستی کردبوون و لەسەریەکی دانابوون بەدەست بێنین و سکی خۆمان و ئەفسەران نیوەتێر بکەین. ئومێدەوارم لە بەرامبەر هەقی نانەکانیان گەردنمان ئازاد بکەن.

بۆمبارانی فڕۆکەکان و گوللە بارانی دەستڕێژی ریز هاوێژەکان بەسەرسەری کۆمەڵەیەکدا کە بە ئامانجێکی دیارەوە بەرەو سنوری عێراق دەڕۆیشتن هەروا بەتوندی و بەوپەڕی تەواوییەوە درێژەی هەبوو. لە دێڕەکانی پێشوودا ئەوەمان



وەبیر هێنایەوە کە یەکێك لە هاوڕێیان لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە ساچمەی بۆمبا کە بەر رانی کەوتبوو و بریندار ببوو و لەسەر زەوی کەوتبوو ساچمەکە لە نێو رانیدا گیرببوو. ئەو بە دەست ئازارێکی سەختەوە دەینالاند. ئەو مەسەلەیە لەو هەلومەرجەدا بەهەق کێشەیەکی دیکەی خستە سەرباری کێشەکانی دیکە، ئێمە لەگەڵ بەفرو سەرماو بۆرانی سەخت و پێداهەڵگەڕانی پەیتا پەیتا بۆ سەر لوتکەی چیاکان لە راستیدا پرزەمان لێ بڕابوو و بەتەواوی لە پەلوپۆ کەوتبووین ئێمە دەبوایە هاوڕێی بریندارمان بەهەر زەحمەتیك کە بووە لەسەر پشتی وڵاخ دامەزرێنین. ئێسترێکمان هێناو خستمانە سەر پشتی ئێسترەکە. ئازاری برینەکە ئەوەندە سەخت بوو، کە توانای بەرگەگرتنی نەبوو و چنگیز نەیتوانی لەسەر پشتی وڵاخەکە بمێنێتەوە. بەپەتوو و تفەنگ داربەستمان بۆ دروستکرد. بەڵام دیسانەوە نەیتوانی لەسەر داربەستیش خۆی رابگرێ. دەیانگوت جەڕاحێك! لە نێو هۆزی بارزان دایە دەتوانێ گوللە لە لەشی برینداردا دەربێنێ و چارەسەری برین بکا. ئەو پیاوێکی عەشایربوو. ئێمە هەواڵی مەلا مستەفامان پرسی و پاشان چووینە لای جەڕاح! ئەومان هێنایە سەر سەری بریندار. لە هەموو کەرەسەیەکی مۆدێرنی نەشتەرگەری، ئەو تەنیا یەك دانە گیرە (گاز)ی ژەنگاوی لە کەڵك کەوتووی پێبوو. ئەلکول و مادەی دژەژاراوی بوون هەواڵێکیان نەبوو. باندیج و چەقۆ و ئەو شتانەشی نەبوو. ئەو، ئەو ئەڵقە مەعدەنییە ژەنگاوییە کە کە وەك گیرە دەچوو، لە نێو کیسەی توتنەکەی خۆی دەرهێناو بەئاوی نێو دەم و تف نوکی گیرەکەی تەڕکردو بە ئێمەی گوت: ئێوە دەبێ دەست و پێی بریندارەکە بەتوندی بگرن و ئەو هەرچەندێك حەزبکا دەتوانێ دادو هاوار بکا. ناڵەناڵیش بەدەنگی بەرز هەر ئازادە (جەنابی دکتۆر! بەگیرە لە نێو برینەکەدا دەستی بەگەڕان و پشکنین کردو رەنگ لە روخساری بریندارەکەدا نەماو دوای چەند ئاهو فریادێك لە هۆش خۆی چوو. کاری نەشتەرگەری تەواوبوو، بەڵام گوللە نەهاتە دەرەوە دکتۆر گیرەی خوێناوی لەنێو برینەکە هێنایە دەرێ و رۆیشت. چەند سەعاتێك پاش ئەوە رانی برینداره‌کە بەشێوەیەکی سەیر هەڵئاوساو شین دەگەڕا.

بەبێ سێ و دوو کەمێك بێباکی و خەمساردی زیاتر بۆی هەبوو. ئاکامێکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە.

ئێمە پاش راوێژێکی زۆر تەنیا رێگاچارەیەکی کە بینیمان تەسلیم کردنی ئەو بەعێراق بوو. ئەومان بەسەر پشتی داربەستەوە گەیاندە سنوری عێراق و تەسلیمی بەرپرسانی سنورپارێزی عێراقیمان کرد کە هەڵبەتە پاش چاك بوونەوەی لە زیندانی ((ئەبو غرێب)) لە عێراق بە ئێمەوە پەیوەست بۆوە رۆژی ماڵئاوایمان لەگەڵ هاورێی بریندارمان دیمەنێکی یەکجار غەمباربوو. ئەو بەچاوی فرمێسکاوییەوە بە ئێمەی گوت بە ئومێدی دیدار، و ئیدی بردیان.

لە نێو ئەو کەسانەی کە لە ئێرانەوە لەو پاشەکشێیەدا بەشداربوون و لەواقیعدا هەڵدەهاتن دەستەیەك لە عەشیرەتەکانی کوردی ئێران بوون. ئەوان لەگەڵ حکومەتی دیموکراتی کوردستان هاوکارییان هەبوو لە ترسی گیانی خۆیان بەرەو عێراق پاشەکشێیان دەکرد.

لەلاپەڕەکانی پێشوودا چەند جارێك باسی ((تەیمور)) ناوم هێنایە ناوەوە ئێستا ئەمە بەسەرهاتی ئێمە بوو لەگەڵ تەیمور:

یەکێك لەو بەرێزانەی کە لە نێو هۆزی بارزاندا بەرەو سنوری عێراق پاشەکشێیان دەکرد تەیموربوو. ئێمە کاتێك کە دەمانویست بەپێی پیادە بەمەبەستی پەیوەست بوون بەشۆڕشگێڕانی رەزاییە بڕۆین و لە رێگا، لە قاوەخانەی (دیزە) شەو مابووینەوە، لەگەڵ تەیموردا ببووینە ئاشنا- ئەو دەرگای باغی سەوزی پیشانی ئێمە دەدا، و ئێمەی بەیاریدەو هاوکاری ئاغای خۆی (تەها هەرکی) ئومێدەوار دەکردو بەڵێنی دەدا کە تەها هەموو کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەکا. ئەوەبوو لە هەمان کاتدا کاکە سالح گەیشتە ئەوێ و ئێمەی لەگەڵ خۆیدا برد.

ئێستا هەقیقەتی رووداوەکە لە زمانی تەیمورو نزیکەکانی ئەوەوە دەبیستین: تەیمور دەیویست ئێمە فریوبداو لە قاوەخانەکەمان بباتە دەرێ و بەرەو گوندەکەی ئەو بڕۆین. ئەو گوتی: لە پشت یەکەمین گرد لە یەکەم چاڵدا یەك بەیەکی ئێوەم



سەر دەبڕی و هەرچی چەك و هەرچی شتی کە پێتان بوو دەمبردو بەتەسلیم کردنەوەی سەری ئێوە بە بەرپرسانی سوپا مسۆگەر دەمتوانی هەموو گوناهەکانی خۆم لە بارەی هاوکاریم لەگەڵ دیموکراتەکان بشۆمەوە و ئێستا لەو دەربەدەری و بێ ژن و منداڵییەدا لەگەڵ ئێوەو ئەم هۆزەدا نەدەبووم.

تەها هەرکی سەرۆکی هۆزی هەرکییە کە یەکێکە لە عەشیرەکانی ئێران و خۆشی لە نێو کاروانەکەدایە کە بەرەو عێراق پاشەکشێ دەکا. هۆزی هەرکی لە نێوکوردەکانی عێراقیشدا (ریشەو بناوانێك)ی هەیە و لەرێگای سنورەوە ساڵەهابوو کە پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەبوو. دەیانگوت تەها هەرکی پیاوێکی باشەو لە هاوکارانی راستگۆی قازی محەمەد بووەو رەفتاری شەڕەنگێزانەو سوك و چروکی تەیمور پەیوەندییەکی بەوییەوە نەبوو.

کەسێکی تر بەناوی (زیرۆبەگ) کە لە نێو ئەو پاشەکشێ و هەڵاتنەدا بەرەو عێراق بەشداربوو، (زیرۆ)، نۆکەری یەکێك لە خانانی هەرکی بوو. ئاغای ئەو لە نوێنەرانی ئەنجومەنی عێراق بوو و یەکێك بوو لە فیوداڵە ناسراوەکان کە ئەویش لە ئێران کۆمەڵە موڵکێکی هەبوو بەناوی شێخ فەتاح. ئەو زێڕوبەگە پیاوێکی دڵڕەق و لە رێگرە ناسراوەکان بوو. ئەو هەر لەسەر نەریتی ئاغاکەی لە ناوچەی (باڵانوش) لە نزیك رەزاییە ناوچەیەکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو وە لەوێ باجی رێگاو هەقی تێپەڕبوونی رێگای لەو رێبوارانە وەردەگرت. ئەو چەند نەفەرێکی لە دەوری خۆی خڕکردبۆوە و هۆزێکی بۆ خۆی بەناوی هۆزی (بەهادر) پێکەوەنابوو لە ماوەی حکومەتی دیموکراتی کوردستاندا، زێڕوبەگ بەکەڵك وەرگرتن لە شێواوییەکان توانی بووی سامانێك بۆ خۆی پێکەوە بنێ و لەڕووی (ماڵ و منداڵەوە) شان لە شانی خانەکان بدا. ئەو سێ ژنی هەبوو دەیانگوت ژنی سێیەمی کە لەو پاشەکشێیەدا لەگەڵیدا بوو یەکجار لاو و جوانە. کوردەکان دەیانگوت کاتێك ئەو ژنە ئاو دەخواتەوە لەبەر ئەوەی پێستی لەشی یەکجار روون و تەنکە، مرۆڤ دەتوانێ چونە خوارەوەی ئاو بەگەروویدا ببینێ!

ئەم زیرۆبەگە باج ئەستێن و مرۆڤ کوژە، لە زیندانی ئەبوغرێب بە ئێمەوە پەیوەست بوو. ئەو لەکاتی ئازادیدا هەرگیز خوای نەدەناسی و دەستی لە هیچ تاوانێك نەدەگێڕایەوە کاتێك بۆ ئەبو غرێب بۆ نزیکی ئێمەیان گواستەوە، بە ڕێکەوت ژوری زیندانەکەی لە نزیکی بن میچەکەدا پەنجەرەیەکی بچوکی لەسەر ژوورەکەی ئێمە هەبوو. من چوومە سەر دەست و شانی هاوڕێیان و لە پەنجەرەکەوە سەلام و عەلەیکومم بە زیرۆ بەگ گوت. باشە، دواجار بە ناخێری ببووە هاو زنجیر، پێم گوت زیرۆ بەگ سلاو، ئەو زۆرەزۆر گریاو گوتی: سولتان ئەسغەر (سەروان ئەسغەر) خەریکە روحم لەو پەنجەرەیەوە هەڵدەفڕێ. ئەو ئەوەندە داهێزراو و شل و کوت و بەدبەخت ببوو کە وەکو کرم بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد. ئەو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئێمە زیندانی بوو. پاش ئەوەی کە ئێمە گوازراینەوە بۆ زیندانی سامەڕا لە ڕێگەی پێگەو نفوزی ئاغاکەی کە سەرۆکی هۆزی هەرکی عێراق بوو لە زیندان ئازادکرا. زیرۆ بەگ لەسەردەمی حکومەتی کوردستان لە بازاڕی شێواوو بێ حسێب و کیتابیدا، لە باقی عەشیرەتەکانی دیکە وەدوا نەکەوت و پلەی (سەرهەنگ)ی لەسەرشانی خۆی دانابوو، ئەو بەجلی سەرهەنگییەوە ڕێگری و تالانی دەکرد، باجی دەستاند، کەسانێکی حەپس دەکردو تەنانەت دەکوشت. زیرۆ بەگ بەبێ بەزەیی و دلڕەق ناسرابوو. ئێستا کە هەمان جەنابی سەرهەنگ! زیرۆ بەگ بەڕادەیەك قەدو بالای خۆی لە دەست دابوو کە بۆ رزگاربوون لە زیندان ملی بۆ هەر چەشنە سوکایەتی و پەستییەك دەدا. ئەو کلکەلەقێ و مامەحەمەیی بۆ سەربازانی پاسەوان و بەرپرسی زیندان دەکردو بە دەستی بەستراوەوە بە درۆ نوێژی دەکرد، دوعای دەخوێندو سەری بەسەر بەرماڵەوەو دوعای دەکردو وێردی دەخوێند. لە حاڵێکدا هەمووومان و خۆشی دەیزانی کە تۆسقاڵێك ئیمانی تێدا نییەو تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پاسەوانانی زیندان تا بەڵکو بەزەییان پێدا بێتەوە و چەند دەقیقەیەك زیاتر بۆ هەوا گۆڕکێ بیبەنە دەرەوە، نوێژی دەکرد.

زیرۆ بەگ سەرەنجام لە شەڕێکدا لەگەڵ مەلا مستەفا کە چەندین ساڵ پاش ئەم ڕووداوانە قەوما، کوژرا.



کاروانی هۆزی بارزان وردە وردە لە (20ی فروردین ساڵی 1326 تا 25ی فروردین) گەیشتە سنوری عێراق.

ئێمە هاوڕێی برینداری خۆمان بۆ ئەودیو سنور، مانای بۆ عێراق، ناردبوو. تەنیا یەك مەسەلە بەشێوەیەکی جیدی لەبەرامبەر ئێمەدا ڕاوەستابوو ئەویش مەسەلەی چارەنووسی خۆمان بوو. ئەگەر دەڕۆیشتینە تورکیا گومانی تێدا نەبوو کە لە هەمان سنورەوە ئێمەیان تەسلیمی پاسەوانانی سنوری ئێران دەکردەوە. پاشانیش شتێکی زانراوبوو کە لە سێدارە دەدراین. ئەگەر لە عێراق دەبووینە پەنابەر نەمان دەزانی حکومەتی عێراق کە لەسەداسەد کۆنەپەرست و پاشبەندی سیاسەتی ئینگلیز بوو، لەگەڵ ئێمەدا کە چەند کەسانێکی دژە ئیمپریالیست و هەروەکو دەیانگوت کۆمۆنیست، چ جۆرە مامەڵەیەکمان لەگەڵدا دەکا.

هۆزی بارزان بڕیاریاندا پاش تەسلیم کردنەوەی نەخۆشان و بەساڵ داچووەکان، بەدەوڵەتی عێراق، هێزە شەڕوانەکان و حوکم دراوان بەسێدارە، بەشێوەی چەکدارانە بچنە نێو خاکی عێراقەوە و هەروەکو جارانی پێشووتر، بەشەڕو لێکدان لەگەڵ سوپای عێراقدا بتوانن لێبوردن بۆ خۆیان بەدەست بێنن.

لە بارەی ئێمە، ئەو چەند نەفەر. ئەفسەرە، تەنیا ڕێگایەك کە رزگاربوونی گیانی ئێمەی زامن دەکرد، پەنا بردن بۆ یەکێتی سۆڤێت بوو. بۆ گەیشتن بە سنورەکانی یەکێتی سۆڤێت دەبوایە شەوان و ڕۆژانێکی زۆر بە نێو چیاکانی نزیك سنوری تورکیاو ئێراندا ببڕین و خۆمان بگەیەنینە ڕوباری ئاراس و پاش پەڕینەوە لە ڕوبار پەنامان بۆ یەکێتی سۆڤێت ببردبایە.

ئێمە ماوەی سێزدە شەوو ڕۆژ لە هەلومەرجێکی یەکجار سەخت و کە لەسەرووی توانای بەرگەگرتندا بوو، لە نێو چیاکان بووین، و لەو ماوەیەدا باقی وزەو توانای خۆمان لە دەستدابوو. ئێستا من و تەفرەشیان هەردووکمان نەخۆش بووین و لە نێو تایەکی سوتێنەردا، دایسابوین. نە پشوودانێك نە جلوبەرگێکی گەرم، نە پێڵاو، نە خۆراك و دەرمانێك، هیچ شتێکمان لە بەر دەستدا نەبوو.

تەنانەت گریمان ئەگەر نەخۆشیش نەبونایە، دیسانەوە لێمان مسۆگەر بوو کە هێزو توانای بە سەرکەوتنی ئەو چیا سەخت و پڕ لە بەفرو بۆرانەمان نەبوو، بەڵام بە روانینی خۆشمان، ڕێگای رزگاربوونیشمان بە تەنیا لە پەنا بردن بۆ یەکێتی سۆڤیێتدا بوو. لەگەڵ سەعید، ئەو لاوە کوردە عێراقییە، گوت و بێژمان کردو ئەو ڕەزامەندی پیشاندا کە ببێتە هاوڕێی ئێمە و وێڕای ڕێنوێنیٔ ئێمە، بۆ خۆشی لە یەکێتی سۆڤیێت ببێتە پەنابەر. ئەو نەخشەیەمان لەمبارەیەوە کارێکی پێویست و بەجێ بوو کە بەتەواوی لەوە گەیشتبووین کە ئیدی لێرە بەدواوە ڕێگای ئێمەی ئەو چەند ئەفسەرە، لەگەڵ ڕێگای هۆزی بارزان لە یەکتری جیابۆتەوە.

شێخ ئەحمەد بارزانی تەنیا لە بیری چوونەوە بۆ عێراق و نیشتەجێ بوون لە بارزان، بوو. هەر لە مبارەیەوە بڕیاردرابوو کە پاش تەسلیم کردنەوەی بەساڵداچووان و خێزانەکانی بارزانییەکان بە عێراق، لاوانی جەنگاوەری بارزانییەکان، هەروەکو ساڵانی پێشوو، بە شەڕو لێکدانەوە بچنە نێو خاکی عێراقەوە. لە ماوەی لێکدان و شەڕ لەگەڵ سوپای عێراقدا، داخوازی دەرچوونی لێبوردن بۆ هۆزی بارزان بەسەر دەوڵەتی عێراقدا، بسەپێنن. ئەم کارە پێشینەی خۆی هەبوو و هەر جار پاش تەسلیم کردنەوەی پیران، مندالآن و ژنان، پیاوانی جەنگاوەر بەشێوەی جەنگی پارتیزانی لە لێکدان لەگەڵ سوپای عیراقیدا پێکیان دادابوو و بۆ کۆتایی هێنان بەو لێکدانانە داخوازی لێبوردن و بەخشینیان بۆ هۆزی بارزان دەخستەڕوو ئەمەش دەبووە جێگای ڕەزامەندی و قبوڵکردنی دەوڵەتی عێراق.

مەلا مستەفا و ژمارەی حەوت سەد کەس لە چەکدارانی بارزانی، و ژمارەیەك لە سەرۆکەکانی هۆزو چەند کەس لە ئەفسەرانی سوپای عیراقی لە نێو هۆزی بارزاندا کە بەسزای سێدارە حوکم درابوون، ناچاربوون بەهەر ڕێگەیەك کە بووە لە هەمان سنوری عێراقەوە پاش تەسلیم کردنەوەی ماڵ و منداڵی هۆزی بارزان بە عێراق، بدەنە چیاو چۆلان و بەزاراوەی ئەوان ببنە (ئەشقیا) مانای



(یاخی) و لەگەڵ سوپای عیراقیدا تووشی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوە ببن و ئەگەر هاتوو سەرکەوتووش نەبوون، بەرەو سنوری یەکێتی سۆڤیێت پاشەکشێ بکەن. هەمان ئەو دەست پێشکەرییە پاشان لەلایەن مەلا مستەفا و شەڕوانانی بارزانییەوە جێبەجێ کراو پاش تێکشکان لەگەڵ سوپای عیراقی لە ڕێگەی سنورە شاخاوییەکانی تورکیاو ئێرانەوە گەیشتنە یەکێتی سۆڤیێت. بەتەواوی دیاربوو کە ئێمە ئەو چەند کەسەمان توانای ئەوەمان نەبوو هاوپێی شەڕوانانی بارزانییەکان کە تەمەنێك بوو لە چیاو چۆلاندا ژیانیان دەبردە سەر، و بە جۆرەها نالەباری و ناهەمواری ئاشنایی تەواویان هەبوو، دەربچین.

لەلایەکی ترەوە سنور پارێزانی عێراق لە چەندین پەیوەندی جیاجیا لەگەڵ ئێمەدا بەمەبەستی پەنابەریی لە عێراق و جیابوونەوە لە هۆزی بارزان ئێمەیان هان دەداو دنەیان دەداین و لە ماوەی دانوستاندنەکاندا بە ئێمەیان دەگوت کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێراندا ڕێککەوتن بۆ تەسلیم کردنەوەی تاوانبارانی ئاسایی هەیە، بەڵام پەنابەرانی سیاسی ناتوانرێ و نابێ تەسلیم بکرێنەوە.

دەوڵەتی عێراق، ئێمەی ئەفسەرانی بە (لاجئون سیاسیون عسكريون) واتە (پەنابەرانی سیاسی سەربازی دەزانی و بە ئێمەیان دەگوت: (انتم خطاءنا العزيز)[2] (ئێوە میوانانی ئازیزی ئێمەن).

## دواین ڕۆژانی ژیانی ئێمە لە نێو هۆزی بارزانیدا

هەر بەو شێوەیە کە باسمان کرد لە دواین ڕۆژەکانی برسێتی، گیرۆدەیی و سەرگەردانی لە سنوری ئێران و عێراق لەگەڵ هاوڕێیەکدا بەناوی سەعید پەیکی حیزبی کۆمۆنیست و ئەڵقەی پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفادا، ڕاوێژمان کردو سەرەنجام نەخشەمان دانا بۆ ئەوەی ئیتر ئەرك و سەرباری هۆزی مەینەت دیتوو ڕەنج چێشتووی بارزانییەکان نەبین (لە نێو هۆزدا جگە لە شەڕوانان و جەنگاوەرانی

[2] نازانرێ ئەم ڕستە عەرەبییە بەهۆی تێگەیشتنێکی هەڵەوەیە یاخود هەڵەیەکی چاپەمەنی بووە ڕاستییەکەی: (انتم خطارنا العزيز)ە."وەرگێڕ"

بارزان، هەموو ئەوانەی بە تەمەن بوون، لەگەڵ ژن و منداڵانی ئەوان کە لە عێراق حوکمی سێدارەیان نەبوو، بڕیاریان دابوو تەسلیمی عێراق بن) و بتوانین ئەگەر دەرەتان هەبوو بە یاریدەی ئەو هێزو برستە یەکجار کەمەی کە تێماندا مابوو گیانی خۆمان دەرباز بکەین. بەسەرنج دان لە تەنیا رێگای دەربازبوونمان مانای سەرکەوتنمان بەسەر بەرزایی چیاکاندا و گەیشتن بە سنوری سۆڤێت بەرەو یەکێتی سۆڤێت بکەوینە ڕێ.

پێشتر ئاماژەم بەوەدا مەلا مستەفا لە رێگای سەعیدەوە ئاگاداری ئەو نەخشەیەمان بوو. لە دیدارێکدا کە پێم وایە دوا دیداری ئێمە بوو لەگەڵ ئەودا، گوتی:

**((دەتانەوێ بچنە کوێ! ئێوە کەسی لە من))**

**((باشترتان دەست ناکەوێ. لەگەڵ مندا))**

**((بمێننەوە. ئەگەر لە برسان مردین))**

**((یەکەمجار من دەمرم پاشان ئێوە!))**

**((ئەگەر بەگوللە کوژراین یەکەمجار من))**

**((دەکوژرێم پاشان ئێوە، بمێننەوە))**

**((لە پەنای ئێمەدا بمێننەوە، سەرمان))**

**((پێکەوە دەخەینە سەر یەك بەردو چارەنووسمان))**

**پێکەوە دەبەستین، مردین))**

**((پێکەوە دەمرین، زیندوومانەوە پێکەوە))**

**((زیندوو دەمێنینەوە))**

خوێنەری ئازیز بڕوانە لە نێو ئەم وشانەدا چ پاکێتی و راستگۆییەك هەیە. راگەیاندنی ئەوەی کە سەرمان دەخەینە سەر یەك بەردو پێکەوە دەمرین، چەند جوان، بێ ریایی و ئازایانەو دڵسۆزانە، دەگوترێ. من لە هەموو ژیانی خۆمدا هەرگیز ئەو هاو دەردییەم لە هیچ کەسێکەوە کەخۆشی لەگەڵ هەزاران ناکامیدا رووبەڕووبووە و لە نێو سەرماو بەفرو برسێتیدا ژیانی بەسەر دەبرد، گوێ لێ نەبوە. ئێوە دەبێ لەو هەڵوێستەی



ئێمە و مەلا مستەفادا بن تا مەزنی و گەورەیی قسەکانی سەرەوە درك بکەن ئەو دەڵێ ئەگەر لە برسان بمرین یەکەمجار من دەمرم ئینجا ئێوە. ئەو هەمیشە دەیگوت:

**- هەموو شتێکی من ئەو تفەنگەمە، تا ئەو تفەنگەم هەبێ هەرگیزاو هەرگیز زەلیل نابم. من تەسلیم نابم. تێدەکۆشم. شەڕ دەکەم. دوژمن دەکوژم و دەکوژرێم ئێستاش روخساری پیاوانەی ئەوم هەر دێتەوە یاد.**

ئەم قارەمانی و پاکی و شەرەفی رەوشت و مەزنییەی مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد و باقی کەسان و رابەرانی هۆزی بارزان لەگەڵ رەفتاری (سەروان خودا دوست) کەیەکێك بوو لە ئەفسەرانی ئەسیر، بەراورد بکەن. ئەم (سەروانە) بەدبەخت و زەلیلە پاش ئەسیربوون لە وەڵامی پرسیارێك کە دەگوترا ناوت چییە؟ دەیگوت: من غولامی تۆ سەروان خودا دوست! تف لە غیرەتی ئەوانە، و سڵاو لە شەرەف و غیرەتی تێکۆشەرانی بارزانی!

ئێستا کە قسە لە بارەی زەلیلی و بێچارەیی هەندێك لە ئەفسەرانی ئەسیر هاتە بەینەوە، دەبێ قسە لە بارەی شەهامەت و ئازایەتی (ستوانی دووەم حەمیدی جهانبانی) کوڕی تیسمار سەر لەشکر ئەمان!.. جهانبانیش بکرێ، ئەم ئەفسەرە لاوە تەواو هەروەکو سەردارێکی بچووك، قارەمان و ئازابوو. ئەو هەرگیز بەسەر پێی مەلا مستەفادا نەکەوت و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە داوای بەزەیی نەکرد. ئەو تادواین دەقیقەکانی ئەسیری خۆی، کە ماوەی ئەو لەوەی ئەوانی تر درێژتریش بوو، سەربەرزو مەغرور ژیا، یادی بەرزو بەڕێز بێ!

ئەفسەرانی ئەسیر دەیانبینی کە ئێمە سەر پەنایەك و خێوەتکێمان نییە و شەوان و رۆژان لە نێو بەفرێکی ئەستوری چیاکاندا بەسەر دەبەین و تەنانەت نانێکمان بۆ تێرکردنی سکی خۆمان نییە و بەزۆری بە رەگ و ریشاڵی (گوێنی)[3] یاخود نۆکی کرمێ بوو کە بارزانییەکان فڕێیان دابوو، یان جاری وا هەبوو بە گەنم سکی خۆمان تێر دەکرد. بەڵام جاری وا هەبوو ئەگەر بە هەزار زەحمەت پاروە نانێکمان دەست بکەوتبایە، بێ

[3] گیایەکە هەروەکو دەوەن لەبنەوە کۆل دەکاو هەروا نێزیکەی یەك بست لە زەوی بەرزدەبێتەوە تەنیا لە ناوچە کوێستانییەکان هەیە و خۆڕسکە."وەرگێڕ"

دواکەوتن دەماندایە ئەفسەرانی ئەسیر یان ئەگەر لاگۆشەیەکی خێوەتێکمان دەست بکەوتبایە ئەفسەرانی ئەسیرمان لەو جێیە دادەنا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە دیسانەوە (سەروان خودا دوست) بەوپەڕی بەدبەختییەوە داوای بەزەیی دەکرد.

لە یەکێك لە دواین ڕۆژەکانی ئێمە لە لوتکە پڕ لە بەفرەکانی چیاکانی سنور، دیسانەوە (سەروان خودا دوست) بەسەر پێی مەلا مستەفادا کەوت و داوای لێبوردنی کرد. مەلا گوتی: خەجاڵەت بی، مەگەر ئەمانە (بە ئاماژە بۆ ئێمە) لە ئەفسەرانی هەمان سوپا نەبوون! سەیری ئەمانە بکە. ئاخر خەجاڵەتیش کارێکی باشە. لانی کەم دڵۆپێك لە دەریای قارەمانی و ئەخلاقی ئەو هاوڕێیانەی خۆتت هەبێ.

ئێمە لەو ڕۆژانەی لەگەڵ مەلا مستەفادا دانوستاندنمان هەبوو ئەو دواین قسەی خۆی گوت: مەلا مستەفا هەرگیز خۆی تەسلیم ناکا. چونکە ئەگەر خۆم تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق بکەم بێ دواکەوتن گوللەباران دەکرێم و لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: ئێوەش ئەگەر لەگەڵ مندا بن دەبێ بەتەواوی دڵتان ئاسوودەبێ.

ئێمە بەکاریگەری قسە جوامێرییەکانی مەلا مستەفا خۆمان بۆ ڕۆیشتن بۆ سنوری سۆڤێت (گەرچی دەمانزانی کە دەرەتانی ئەم ڕێپوانە دورودرێژە بەنێو بەفرو سەرماو بۆران و سەهۆڵبەندانەی چیاکاندا کارێکی کردەنی نییە) گوڕی و هەروا بێ چارەو سەرگەردان بووین.

**هەر لەو ڕۆژانە شێخ ئەحمەد گوتی:**

- من لە هەموو تەمەنی خۆمدا پیاوی ئازاو پاکی وەکو ئێوەم نەدیوە، ئارەزووم بوو خۆزگە دەمتوانی لە نێو هۆزی بارزاندا پێشوازی لە ئێوە بکەم... شێخ ئەحمەد لە کۆتایی قسەکانیدا خۆشەویستی و هەست و حورمەتی خۆی لە بەرامبەر ئێمەدا بە زمانێکی یەکجار سادەو بە ئەدەبەوە بەیان کردو ئینجا زێدەتر گوتی: من دەزانم ئێوە لە تورکیاو ئێران لە ئاماندا نابن. وا بیر دەکەمەوە تەنیا ڕێگای رزگاربوونی ئێوە پەنابردنە بۆ عێراق.



شێخ ئەحمەد بەو پێیە بەڕێزەوە داوای لێکردین کە بۆ سوکترکردنی وەزع و هەڵوێستی هۆزی بارزان لەلای دەوڵەتی عێراق، ئێمە لە هۆزی بارزان جیا ببینەوە و بەشێوەیەکی جیا خۆمان تەسلیمی عێراق بکەین.

هۆزی بارزان و شێخانی ئەوان، ئێمەیان بە شیوعی (کۆمۆنیست) دەزانی و لە بارەی وەزع و هەڵوێستی ئێمە، بۆ وێنە لە پەیوەندی لەگەڵ کومنترین یا (حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی) چیرۆکیان بەسەریەکەوە دەناو ئەمەش کارێکی یەکجار سروشتی بوو وابیر بکەنەوە کە بوونی ئێمە لە نێو هۆزی بارزان مایەی کێشەی زۆرتر بۆ ئەوان پێکیدەهێنێ و کێشەو دەردەسەرییەکانیان زیاتر دەبێ. لەو هەلومەرجەدا دوورکەوتنەوەی بەرواڵەتی ئێمە بەپێی ڕوانینی ئێمەش کارێکی مەنتیقییانە دەهاتە بەر چاو و ئەمە مافێکی سروشتی ئەوان بوو. ئێمە بە شێخ ئەحمەد مان گوت: بڕیارمان داوە لەگەڵ مەلا مستەفا ببینە (ئەشقیا) (یاخی). شێخ ئەحمەد وەڵامی نەدایەوە و بە بێدەنگی خۆی بیروڕای ئێمەی تەئید کرد.

ئەو شەوە کەسانی هۆزی بارزان لە پیران و نەخۆشەکان و ژنان و منداڵان لەگەڵ خزم و نزیکانی خۆیان بە کەلوپەلی ناچیزی ژیان و زۆر کەمی خۆیانەوە لە سنور تێپەڕین و بوونە پەنابەری دەوڵەتی عێراق. ژمارەی پەنابەران و تەسلیم بووان گەیشتە یازدە هەزار کەس. شێخ ئەحمەد و هەموو ئەفسەرانی عێراق جگە لە (سەرهەنگ میرحاج) پەنایان بە عێراق برد.

ئێمە بە دوا پیادەکردنی بەرنامەی (یاخی) بوون لە سنور گەڕاینەوە و بەرەو لوتکەی شاخێك کە شەڕوانانی بارزانی لێ دامەزرابوون، ڕۆیشتین.

لەسەر لوتکەی چوار هەزار مەتری پڕاوپڕ لە بەفرو سەهۆڵبەندان، جێگەیکمان بۆ نوستن نەبوو. ڕۆژی پێشتر بڕێك خۆراکمان لەوانە کە بۆ عێراق دەگەڕانەوە وەرگرتبوو. ئەو شەوە بە هەر جۆرێك کە بووە توانیمان خۆمان تێر بکەین و بە هەزار مەینەتی لە نێو ئەو چەند خێوەتەدا (سێ یان چوار) کە لەلایەن یاخییانەوە لە لوتکەی چیاکەدا بەرپایان کردبوو توانیمان تەنیا بەشی سەری تەفرەشیان کە لە نێو تادا دەسوتا، سەرپەنایەك بۆ خۆمان پەیدا بکەین، ئەو شەوەمان تا ڕۆژ بۆوە لە پەنا لەشی تەفرەشیان

کە لە دەرەوەی خێوەتەکەبوو، لەسەر بەفری لوتکەی چیاکە بەسەر برد. هەمان شەو ژمارەیەك ئەسپ و چەند سەگێك لە سەرمان رەق بوونەوە. زەربەخت کۆلکەدارێکی نیوەسوتاوی لە باوەشی خۆی گرتبوو، کاتێك بەرەبەیان لەبەر روناکیدا قەلافەتی سوتاوی ئەومان دی بەڕاستی پێکەنیناوی و غەمبارانە بوو. بەشێك لە روخسار و لوت و نێوچاوانی رەش و سوتابوو.

لە ئاکامی رووداوەکانی سێزدە شەوو رۆژی کە لە لوتکەی چیاکاندا لە نێو سەرماو بۆران و سەهۆڵبەنداندا بووین، بەو وەزعە جێی بەزەییە کە شەوی رابردوو هەمان بوو، بە باشی تێگەیشتین کە ئێمە ئەو چەند کەسە ناتوانین وەکو جەنگاوەرانی بارزانی شەوان و رۆژانێکی داهاتووی تر لەنێو سەرماو بەفرو باو بۆراندا لەو لوتکەیە بۆ ئەو لوتکەیە بچین و پێ بەپێی بارزانییەکان سەرەتا بەرەو عێراق و پاشان بەرەو سۆڤێت بڕۆین. ئێمە یەقینمان لا پەیدا بوو کەلە حاڵی چوون بۆ سۆڤێت ئەگەرێکی بەهێز هەیە لە رێگا لە سەرمان و لە برسێتی و لە برست لێبڕان، لە بەین بچین. بەکورتی ئێمە سەرنجمان دا کە پیاوی ئەو مەیدانە نین. لەو کاتەدا تەنیا یەك رێگا چارە لە بەردەمی ئێمەدا مایەوە، ئەویش پەنابردن بۆ عێراق بوو.

## مەلا مستەفا لە تاران

مەلا مستەفا و هاوڕێیانی ئەویان بە فڕۆکە بردە تاران، ئەو ماوەی بیست رۆژ لە تاران لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئەوکاتە دیدارو دانوستاندنی کرد. ئامانجی دەوڵەت ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەوان چەك داماڵ بکاو لە شوێنێك لە ئێران گوایا لە دەوروبەری هەمەدان بە ناونیشانی پەنابەر، نیشتەجێیان بکا. بەڕواڵەت دەوڵەت ئامادەبوو ئەو کەسانەی کە لە عێراق حوکمی سیاسیان هەبوو بەناونیشانی پەنابەری سیاسی قبوڵ بکاو زەوی و سەرمایە بخاتە ژێر دەستی باقی کەسانی تری هۆز بۆ ئەوەی سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ بن.

مەلا مستەفا باوەڕی وابوو کە ئێمە لەگەڵ ئێراندا جەنگێکمان نییە. ئێمە لێرە خاکێکمان نییە تا لە پێناویدا بجەنگین یان لەگەڵ کەسێکدا دوژمنایەتیمان نییە تا چەك



بەروویدا هەڵبگرین، ئێرە خاکی ئێرانە دەبێ رۆژێك سوپای ئێران بێتە ئێرە و ئەو خاکە بگرێتەوەو ئێمەش دەربکاتە دەرێ. ئێمە نابێ خۆمان لێرە ئەسیر بکەین. خۆمان ئەسیری زەوییەك بکەین کەهی ئێمە نییە. بەو پێیە تەنیا یەك رێگا چارە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە. ئێمە کەڵك لە دەرفەت وەربگرین تا بەفرو سەرما تەواو دەبێ. پاشان ژن و منداڵ و پیرەمێردەکان بگەڕێنینەوە بۆ عێراق و خۆمان لە سۆڤێت ببینە پەنابەر تا لە هەلێکی گونجاودا بگەڕێینەوە بۆ عێراق و بەدوا ئامانجەکانی خۆمان بکەوین.

لە بارەی سەفەرەکەیەوە بۆ تاران مەلا مستەفا بۆی گێڕاینەوە کە ئێمەیان بردە لەشکری دووی قەسرو لەوێ پێشوازییان لێکردین. لەو ماوەیەدا دیدارم لەگەڵ قەوام سەڵتەنەو رەزم ئارادا کرد. رەزم ئارا پیاوێکی زۆر زیرەکە و قەوام سەڵتەنە پیاوێکی خۆپەرست و پایەخوازە. ئێمە لەگەڵ شاشدا قسەمان کرد. ئەو بەزاراوەی تایبەتی خۆی گێڕایەوە:

رۆژێکیان لە گەنێکیان لەسەرم ناو پارچەیەك دەسرۆکیان لە ملمەوە بەست، بالتۆشیان لە کۆگا بۆ کڕیم.

سەرهەنگ غەفاری منی بردە کۆگای ئارایشگا و گوتی: هەرچی دەتەوێ هەڵگرە. ئەو بالتۆیەی ئێستا لەبەرم دایە لەوێ هەڵمگرت. پاشان منیان بردە کۆشکی شا. لە ژووری چاوەڕێی شا هەمووان بە هێماو ئاماژە لەگەڵ یەکتریدا دەدوان و زوو زوو دەیانگوت (هس، هس) و دەرگایان بە من نیشان دەدا. گوتم: بۆچی ئێوە زمانتان نییە کەخۆتان ئاوا لاڵ کردووە و هەمووتان ئاوا (هس، هس) دەکەن؟ بۆچی بە ئاماژە دەجولێنەوە؟ دەتانەوێ بڵێن چی؟ دەی بڵێن. دووبارە ئاماژەیان بۆ کردمەوە. من دەمزانی ئەوان دەڵێن چی. بەڵام دەمویست قسە بکەن. دەی باشە خۆ شاش هەر مرۆڤە. پاشان دەرگایان کردەوە و بینیم ئەعلا حەزرەت لەوێ دانیشتووە. منیش سڵاوم کرد، و جێگایەکیان بە من نیشاندا، لەسەر کورسی دانیشتم و لەگەڵ دانیشتنمدا گوتم: ئەعلا حەزرەتا!

**زشیر شتر خوردن و سوسمار     عرب رابجائی رسیده است کار**

**کە تاج کیانی کند ارزو     تفو برتو ای چرخ گردون تفو**

دوو سەعات قسەم بۆ شا کرد. ئەو خۆشی لە من هاتبوو. پاش دوو سەعات ویستم هەستم ئەو گوتی دانیشە. منیش گوتم ئیتر هەڵناستم تا خۆت فەرمان نەکەی. دووبارە قسەم بۆ کرد. ئەو دەربارەی نیشتەجێ کردنی ئێمە لە ناوچەیەکی ئێراندا قسەی کردو منیش وەڵامیم دایەوە:

– وەڵاهی ئەعلا حەزرەت، ئێوە زۆر دڵاواو بەخشندەن من هەموو پێشنیارەکانی ئێوە قبوڵ دەکەم بەڵام دەبێ شێخ ئەحمەد بڕیار بدات، ئەو سەرۆکی هۆزە.

دەربارەی ئێوەی ئەفسەریش گوتی کە دەبێ ئێوە تەسلیم بکەمەوە، گوتم: قوربان ئێمە ئەوانمان نەگرتووە تا بیاندەینەوە. ئەوانە شەش کەس ئەفسەری لاون، کۆی هەموو تەمەنی ئەوانە ناگاتە سەد ساڵ، لە جیاتی ئەو شەش نەفەرە لاوە، من هەژدە لاو دەدەمە ئێوە، خێزانی من و شێخ ئەحمەد و باقی براکانم هەژدە لاومان هەیە، هەمووشیان لاوی بەهێز. لە جیاتی ئەو شەش نەفەرە ئەوان دەدەمە ئێوە بەڵام ئێوە قبوڵ مەکەن ئەو شانازییانەی کە شێخی بارزانییەکان تاکو ئێستا بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە، بکەینە قوربانی و تف و نەفرەتی نەوەکانی داهاتووی بارزان بۆ خۆمان بکڕین.

لە تاران مەلا مستەفایان بۆ سەردانی کارگەکانی چەکسازی، قۆرخانە، سەڵتەنەت ئاباد، هێزی ئاسمانی و دانیشگای ئەفسەری برد.

ئەو خۆی دەیگێڕایەوە کە ڕۆژێك منیان بردە دانیشگای ئەفسەری و لەوێ بە ڕەزم ئارام گوت: وەڵاهی ژەنراڵ لەو هەموو چەك و سوپا بەتوانایە من ترسام. بەڵام دەبێ هۆزی بارزان بترسێ. ئەوان لەو هەموو چەکە ناترسن. ئەوان یەك تفەنگیان پێیە. یەك پارووە نان و لەسەر ئەو چیایانە دەژین. پاشان درێژەی پێداو گوتی: ئەو دەیویست ئەو هەموو چەکە پیشانی من بدات و منیش ئاوا وەڵامیم دایەوە.

نیوەی دووەمی (مانگی دی) بوو کە مەلا مستەفا لە تاران گەڕایەوە. پەیوەندی مەلا لەگەڵ ئێمەی ئەفسەردا زۆر باش بوو. ئەو وای هەست دەکرد کە ئێمە لە کەسانی دیکە باشتر لە قسەکانی ئەو حاڵی دەبین. هەڵبەتە ئەو خۆی بە ملکەچ و ژێر فەرمانی شێخ ئەحمەد پیشان دەداو دەیگوت:



شێخ ئەحمەد ئارەزوو دەکا هەرچی زووتر بۆ بارزانی عێراق بگەڕێتەوە و لەوێ لەسەر کورسییەکەی دابنیشێ و دار بتاشێ (ئەمە نەریتی شێخ ئەحمەد بوو) و پەیڕەوانی لە دەوری کۆببنەوە و پەیتا پەیتا بڵێن ئەزبەنی، ئەزبەنی)) و ژیانێکی ئارام، ئاسودەو بێ وەی بگوزەرێنێ. بەڵام ئەو نەیدەتوانی پەی بەوەببا کە گەڕانەوە بۆ بارزان پێویستی بە لەدەست دانی چەکەکانە. ئێمەش ئەگەر چەکەکانمان لە دەست بدەین کەسانێکی لاوازو بێ چارە دەبین و ئەوکاتە دەبێ کەسانی تر لە بارەی ژیانی ئێمەوە بڕیار بدەن. بناوانی قسەکانی مەلا مستەفا لە وەڕابوو:

مرۆڤ تا چەکی لە دەستدا بێ بڕیار لە بن دەستی خۆی دایە بەڵام هەرکە چەکەکەی خۆی لە دەستدا، کەسانیتر بڕیار بۆ ئەو دەدەن. مرۆڤیش ئەو دەمە ناچارە ئەو بڕیارە هەر چەندێکیش سەخت بێت، ملی بۆ نەوی بکا. لە نێو هۆزی بارزاندا زۆران هەن کە نایانەوێ چەکی خۆیان لە دەست بدەن بەتایبەتی کە سەدو بیست کەس لە کەسانی ئێمە لە عێراق بە سێدارە حوکم دراون.

ئەو سۆڤێتی بەتەنیا جێگایەکی دڵنیا دەزانی تا بەشێوەیەکی کاتی بڕواتە ئەوێ و لە هەلێکی گونجاودا بۆ کاری حکومەتی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ عێراق. ئەو دەیگوت: من کۆمۆنیست نیم، کۆمۆنیستیشم خۆش ناوێن. من دیموکراتم. دڵم دەخوازێ لەگەڵ میللەتەکەم لە ئاشتی و سەفاو یەکسانیدا بژیم و بتوانم ڕۆژێك ئاڵای کوردستان لە نوختەیەکی کوردستاندا بەرز بکەمەوە. جا ئەوێ ناوچەی عێراق، ئێران، تورکیا بێ جیاوازی ناکا.

مەلا ئێمەی بەخۆیی دەزانی و داوای لە ئێمە دەکرد کە بەشێوەیەك قەناعەت بە شێخ ئەحمەد بکەین کە چاوپۆشی لە گەڕانەوە بۆ بارزان بکا. تاکو ماوەی یەك مانگ پاش گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە تاران پەیوەندی هۆزی بارزان و دەوڵەتی ئێران باش بوو. تەنانەت جارێك سوپا یەك کامیون گەنمی بۆ ناردن. بەڵام مەلا مستەفا بە بیانووی سەرماو ساردی هەواو گوت و بێژ لەگەڵ شێخانی بارزانییەکان، لە تەسلیم کردنەوەی چەکەکان و سازدانی چەند خێزانێك بۆ گوازتنەوەیان بۆ هەمەدان، خۆی بوارد. پاش یەك مانگ کە سوپا لە پلەبە پلە تەسلیم بوونی بارزانییەکان نائومێد بوو کەوتە سەر

دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزەکانی لە دەوروپشتی ناوچەی بارزانییەکان و هێرش کردن بۆ سەر بارزانییەکان. بارزانییەکانیش خۆیان سازو تەییار دەکردو ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە دەبوون. بارزانییەکان لەو سەروبەندەدا لە نەغەدە، شنۆ، دەشتە بێڵ و مەرگەوەڕ دامەزرابوون.

لە مەهاباد قازی محەمەد بۆ دامەزراندنی سوپا هاوکاری کرد. هەتا بە پێشوازی فەرماندەی کاروانی ڕەوانەکراو ڕۆیشت و بەو ڕێگەیەوە توانی بەر بەکوشت و کوشتار بگرێ. سوپاش هەر ئامانجی ئەوەبوو کە بەهاوکاری قازی محەمەد بنەجێ ببێ و پاشان دەستی ئەو لە دەسەڵات کورت بکاتەوە. سوپا پاش هاتنە ناوەوەی بۆ مەهاباد، قازی محەمەدی لەسەر کار لانەدا. ئەو، هەر ئاوا پێشەوا مابۆوە و لە بارەگای فەرماندەیی خۆیەوە کاروباری مەهابادی هەڵدەسوڕاند. تەنیا پاش بنەجێ بوونی سوپا بوو کە محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی دەستگیرکران، و ناجوامێرانە لە سێدارە دران، ڕەوانیان شاد بێ.!

بەهەرحاڵ پاش گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە تاران بەپێی ڕێکەوتنێك کە کرابوو بارزانییەکان نەغەدەیان چۆڵ کردو لە شنۆ، دەشتە بێڵ و مەرگەوەڕ دامەزران.

ئەو ڕۆژە 21 اسفند 1325 بوو و سێ ڕۆژی بۆ هێرشی هەمەلایەنە مابوو.

هەروەکو گوتم، هەردوولا- سوپا و بارزانییەکان خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە ئامادە دەکرد. سوپا هەندێك لە هۆزە دەوڵەت پەرستەکانی چەکدار دەکرد. گرنگترینی ئەو هۆزانە هۆزی مامەش و مەنگوڕ بوون کە سەرۆکەکانیان پارەیان لە دەوڵەت وەردەگرت. سەرەڕای ئەوەش بەشە جیاکانی تری سوپایان لە نوختەکانی دیکەوە دێنایە ئازەربایجان، و لە دەوروبەری ناوچەی داگیرکراوی بارزانییەکان دادەمەزران.

لە بەرامبەردا بارزانییەکان خەریکی پێکەوەنان و سازدانی پێگەو سەنگەری بەهێزبوون کە وێڕای بەرگری کردن لە خۆیان، کەڵك لەدەرفەت وەربگرن تا کەش و هەوا خۆش دەبێ ئینجا بەرەو ناوچەیەکی دەرەوەی ئێران بڕۆن.

هۆزەکانی کورد هەر لە جێدا هاوبەندییەکی دەروونییان لە نێواندا هەبوو و ئامادە نەبوون بەجۆرێکی پەیگیرانە لە دژی یەکتری بچنە مەیدانی شەڕەوە. ئەوە بەشێوەیەك



بوو تەنانەت لەکاتی شەڕیشدا کوردانێك هەبوون کە لەلایەن سوپاوە دژی بارزانییەکان سازدرابوون، پێشتر لەگەڵ مەلا مستەفادا پەیوەندییان دەگرت و کات و شوێنی هێرشیان پێڕا دەگەیاند. پاشان شەڕێکی بەقەستیان بەڕێوە دەبردو هەڵدەهاتن.

بارزانییەکان بە هەموو هۆزو کەس و کارەوە هاتبوونە نێو ئێرانەوە و هەموویان نزیکەی دە هەزار کەس دەبوون کە نزیکەی هەزارو پێنج سەد پیاوی جەنگاوەریان هەبوو. ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی سەرماو برسێتییەوە مردن ئێستاش لە شنۆ گۆڕستانێك بەناوی گۆڕستانی بارزانییەکان هەیە.

(بیست و چواری اسفند بوو کە بەپێی دابونەریتی باو، سەعات پێنج یان شەش بوو لەخەو هەستاین و چووینە سەر لێواری روباری شنۆ و سەرقاڵی وەرزشی بەیانی بووین کە دەنگی تەقینەوەی تۆپ بەرزبۆوە.

لە دوو یان سێ کیلۆمەتری نزیك شنۆ لە لێواری روباری ((گادر)) گوندێك هەیە بەناوی سەنگان کە بارزانییەکان لەوێ یەك ریز هاوێژو حەوت یان هەشت تفەنگچییان دامەزراندبوو. سوپا لەوبەری روباری ((گادر)) و بارزانییەکان لەمبەر بوون. لە ناکاو سوپا تۆپبارانی بە ئاراستەی سەنگان دەست پێکرد. لەبەر ئەوەی سەنگان لەسەر بەرزاییەك و بەسەر شنۆدا زاڵ بوو، ئەگەر سوپا ئەوێی داگیربکردبایە، گیرانی شنۆ کارێکی حەتمی بوو. ئەوانەی راسپێردرا بوون شنۆ داگیر بکەن، سوارانی هۆزی مامەش و مەنگوڕ بوون و (ستوان سێیەم)ێکی سوپا ڕێبەری دەکرد.

بەبیستنی دەنگی تۆپ سەرنجماندا کە ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو دەستی پێکردووە. سوپا بەڵگەیەکی بۆ هێرشی کردنە سەر بارزانییەکان نەبوو، چونکە بارزانییەکان مافی ئەوەیان نەبوو بەرگری لە خاکێك بکەن کە بەوانەوە پەیوەست نەبوو. ئەوان تەنیا چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی سەرمای زستان بوون تا پەنا بۆ جێگایەك ببەن. سوپاش ئەوەی دەزانی کەچی سەرەڕای ئەوەش هێرشی سوپا بۆ سەر هۆزی بارزان زۆر چاوەڕوان نەکراو نەبوو. من بێ دواکەوتن چەند کەسێکی کورد کە دەستەی خزمەتی تۆپەکان بوون، کۆکردەوە، تۆپەکانم خستە ڕێ و بەرەو سۆراخی شێخ ئەحمەد چووم. من ئەوم لە نێو حەوشەی ماڵەکەیدا بینی کە پەشۆکابوو. ئەو شێخ سلێمانی بۆ بەرگری لە سنگان

راسپاردبوو. بەمنیشی گوت کە بۆ یارمەتی ئەو بڕۆم. مەلا مستەفا لەوکاتەدا لە مەرگەوەڕبوو. سوپا لەلای ڕەزاییەشەوە بەرەو مەرگەوەڕ هێرشی هێنابوو.

من تۆپم بردە سەنگان و ئامادەی ئاگرباران بووم. یەکەمین شت کە بەبیرمدا هات ئەوەبوو کە تۆپی دوژمن بێدەنگ بکەم.چونکە تۆپباران بۆ کەسانێك کە نەیان دیوە شتێکی ترسناکە. تۆپباران لە نێو خەڵکدا زەندەق چوونێکی سەیروسەمەرەی خولّقاندبوو. کاتێ گەیشتینە سەنگان، سوارانی مامەش و مەنگوڕ لە قەدی شاخەکەی بەرامبەر دی سەر بەرەو خوار دەبوونەوە و چوار ناڵی بەرەو روباری (گادر) تاویان دەدا. بە یەکەم گوللە تۆپی ئێمە تۆپی سوپا خامۆش بوو. بەرواڵەت ترس و تۆقینی سەربازان هۆکاری خامۆش بوونی تۆپەکە بوو. پاشان سەرنجم لە سوارەکاندا ئەوان هێشتا لە داوێنی شاخەکە پەرت و بڵاو و دوور بوون. چاوەڕێ بووم تا لە هەلێکی گونجاودا زەربەی دووەمیان لێ بوەشێنم. زەربەش دەبێ بەشێوەیەکی کاریگەر ئاراستە بکەم تاکو نەبێتە بایسی پێکدادان و زیانی زۆرتر، و ئامانج تەنیا ترساندن و هەڵاتنی ئەوان بوو. روباری (گادر) پڕ لە ئاوبوو. من ئارامم گرت. تاکەسانی هێرشی هێنەر لە لێواری روبارەکە کۆدەبنەوە. دەمزانی ئەسپەکان بۆ پەڕینەوە لە ئاو هەمیشە دوا دەکەون و بەڕاراییی و دوو دڵی لە ئاو دەپەڕنەوە. لە ئاکامدا سوارەکان کۆدەبنەوە و بەنێو یەکدا تێکەوە داوێن. هەر ئاواش بوو. کاتێك سوارەکان لە پەنا روبارەکە کۆبوونەوە، یەك دانە گوللەی ئاگر پەخشم بەسەرسەری ئەواندا تەقاند.

گوللەی ئاگر پەخش لە هەوادا تەقییەوە. نەمدەویست کەس بکوژرێ. هەر ئەو گوللە تۆپە و دەنگی تەقینەوەی تریشقە ئاسای ئەو گوللە تۆپە بووە هۆکاری ئەوەی کەس لە مامەش و مەنگوڕ لەوێ نەمێنێ. ئەوان بە پەشۆکاوییەوە سەری ئەسپەکانیان وەرسوڕاند و ئاو زەنگی هەڵاتنیان پێداکێشا.

(لینگەو سەرت دەربازکە) ئیدی لە هۆزی مامەش و مەنگوڕ نە ئەوکاتە و بەس بەڵکو لە هیچ شەڕێکی دیکەدا شوێنەوارێکیان نەما. من بە ئاوایەکی ڕێکوپێك گوللە تۆپم لە دەوروپشتی ئەوان دەتەقاند و ئەوانم زیاتر بۆ هەڵاتن هان دەداو دنەم دەدان. شەڕ هەر لە سەرەتای خۆی لەو ناوچەیەدا کۆتایی هات.



سەعات 9ی بەیانی بوو کە هەموو شت کۆتایی هاتبوو.

دەست پێکردنی شەڕ ورەیەکی لە ئێمەدا خولّقاندبوو. چونکە ماوەی چەند مانگ بێکاری، تەمەڵ و تەوەزەل بووبووین و لە جێدا وامان بیردەکردەوە کە چارەی ئێمە لە ماوەی جەنگدا روون دەبێتەوە. یان دەکوژرێین یان رزگارمان دەبێ و یا... بە هەرحاڵ هەرچی زووتر ئەولا باشتر!

پاش ئەو ناکامییە پێش قەرەوڵانی سوپا لە گوندێك بەناوی (نەلۆس) جێگیربوون. ئێمە کەوتینە سەر بیری ئەوەی هێرش بۆ ئەو گوندە بکەین، لێرە بیست نەفەر لە بارزانییەکان لە بەرامبەر سوپادا دەجەنگان. من شەوانە تۆپەکەم دەبرد سەر جێگایەك کە (نەلۆس)ی لێوە دیاربوو، ئەوێ گوندێك بوو بەناوی (گەندولە)، من چاوەڕێی هەل بووم. ئەو گوردانەی کەسەنگانی بە بەرئاگری تۆپخانە دابوو نەخشەی دانابوو کە لە پشت سوارانی ناوچەییەوە پێشرەوی بکا. پاش پەرت و بڵاوبوونی سوارانی مامەش و مەنگوڕ بەسەر لێشێواوی (نەلۆس) یان چۆڵ کرد و لە گردێکی پشت ئەوێ جێگیربوون کە بەسەر دەشتی شنۆدا زاڵ بوو. بەڵام ئەوان بەو پێیە خۆیان لە ناوەندی ئازوخەو ئاو کە لە گوندەکە بوو، بێبەش کرد. (سەر گورد کلاشی) فەرماندەی گوردانی ناوبراو لەسەر رووی گردێکی چوارگۆشە، سەربازان رادەسپێرێ کە لەسەر لاکانی چوارگۆشەکە سەنگەر لێبدەن و دابمەزرێن، و جێگای تۆپەکانیشی لە ناوەراستی ئەو چوارگۆشەیە دانا. بەرەبەیانی ئەو رۆژە کەش و هەوا هەتاوی و رووی زەویش تاڕادەیەك وشك ببۆوە. بەڵام ئەو گڵەی کە بۆ هەڵکەندنی سەنگەرەکان هەڵیان دابۆوە، هێشتا شێدار بوو و لە دوورەوە رەش دەچۆوە. بەو پێیە ئامانجێکی تەواو ئاشکرا پەیدا بوو بوو کە لە مەودایەکی نۆ کیلۆمەتریدا - جێگەی تۆپەکان بەتەواوی ئاشکرابوو. ئەم گوردانە نزیکەی 300 نەفەر سەرباز، ژمارەیەکی زۆر ئەسپ و ئێستر، دوو دانەتۆپ، چوار دانە ریز هاوێژی گەورە، 6 دانە هاوەن و بڕێك ئازوقەشی لێبوو کە هەموو ئەوانەیان لە نێو ئەو چوار گۆشەیەدا کۆکردبۆوە. پاشان کە ئێمە ئەو گوردانەمان ئەسیر کردو ئەرشیفەکەیانمان کەوتە بەردەست، سەرلێشێواوی و زارەترەك بوونی ئەوانمان لە هەر یەك لە راپۆرتەکاندا بۆ دەرکەوت. لە راستیدا ئەوان بەچۆڵکردنی (نەلۆس) خۆیان لە ئیمکاناتی ناوچەیی بێبەش کرد. ئەوان بیست و چوار

سەعات بووکە ئاویان نەبوو، سەرەڕای ئەوەش کەروباری (گادر) بەژێر پێی ئەواندا خوڕەی دەهات زاتی ئەوەیان نەدەکرد خۆیان بگەیەننە لێواری رووبارەکە.

ئەوان هەر کە (نەلۆس) یان چۆڵ کرد، هەر ئەو بیست نەفەری بارزانییە بەبێ شەڕو لێکدان نەلۆسیان داگیرکرد. و بەسەر بەرزاییەکانی دەوروپشتی ئەو پێگەیەی کە گوردانەکەی لێ بوو، دەڕوانی، بڵاوبوون و هەر ناوەناوە، لەلایەکەوە گوللەیەکیان بە ئاراستەی گوردانەکە دەتەقاند گوردانەکە کەسەریان لێشێوا بوو وایان وێنا دەکرد کە لە هەر چوار لاوە گەمارۆدراون. تەنانەت ئەوان ئازایەتی ئەوەیان نەبووکە لەگەڵ پشتەوەی بەرەی شەڕ کە لە سۆفیان ﴿ناوەندی رێکخستن و سەرەکی هێزەکانی سوپا﴾ پەیوەندی بگرن. ئەوە لە حالێکدا کە رێگای پشتەوەیان بە تەواوی ئازادو جادەیەکی بۆ ئۆتۆمبیل خۆش و شیاوی لەسەربوو. بەهەرحاڵ کۆبوونەوەی گوردانەکە لەسەر ئەو گردە سەرنجی من راکێشا. بەسەرنجدان لە مەدای تۆپەکان، بۆ ئەوەی باڵادەستییەکی زیاترم هەبێ، بڕیارمدا خۆم بگەیەنمە نزیك ترین نوختەیەکی کە لە تواناادا بێ. بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەش دەبوایە تۆپەکان بە ناوەڕاستی دەشتەکەدا بەبەرچاوی ئەواندا بەرەو پێشەوە ببمەم. ئەم کارە بەکەڵك وەرگرتن لە پەرت و بڵاوی نەفەرەکان و سەرلێشێواوی گوردانەکە کە بەڕێوەچوو. من تۆپەکانم لە پەنا گردێك لە پەنا گوێی ئەواندا دامەزراند. دووەمین گوللە تۆپی ئێمە رێك بەسەر تۆپەکانی گوردانەدا مانای ناوەڕاستی چوارگۆشەکەدا تەقی و بەهەمان گوللە، گوردان لێك و پێك هەڵوەشاو شوێنەواری نەما. ئێمە بە دووربین تەماشامان دەکرد کە ئاپۆڕای نەفەرەکان و وڵاخەکان رادەکەن و هەریەکەی بەلایەکدا رادەکەن. بەڵام من بۆ پێشگیریی لە هەڵاتنی ئەوان گوللەیەکم لەبن پێی ئەواندا دەتەقاند و ئەوانم ناچار دەکرد کە دوبارە بگەڕێنەوە ناو چوارگۆشەکە. پاشان یەکێك لە هاوڕێیانمان مەحمود تەوەکولی، لەگەڵ دە نەفەری بارزانی، خۆی گەیاندە سەر بەرزایی گردەکەو هەموو گوردانەکەی، بێ ئەوەی یەك نەفەریش بتوانێ رابکا، دەستگیرکرد و بەرێ و رەسمێکی نیزامی بە ئاراستەی شنۆ، خستنیە رێ.

زیانی ئەوان شتێکی وانەبوو چونکە ئێمەش بەپێی توانا هەوڵمان دەدا کەس نەکوژرێ. بەڵام هەر لەگەڵ تەقینی یەکەم گوللە تۆپدا (سەرگورد کلاشی بریندار دەبێ و



پاشان خۆی دەکوژێ. دوایی لە رەوشی دادگادا یەکێك لە تۆمەتەکانی من کوشتنی خوالێخۆشبوو کلاشی بوو. هەرچەندە لە رەوشی شەڕدا نە بکوژ (قاتل)ە و نەکوژراو (کوژراو) حسێبە.

لەو شەڕەدا سەرباری چەکەکانی گوردان، حەوت ئەفسەر، حەڤدە (گروهبان) و نزیکەی 300 سەرباز ئەسیر کران... ئەم سەرکەوتنە لە هەمان کاتدا. بارزانییەکانی سەرمەست کردبوو. ئیدی بۆ گرتنی فلان گوند یان ناوچەیە یان سەنگەرە منیان بۆ شەڕگەی جیاجیا دەبرد. جارێك هەوڵێکی بێهودەیان بۆ دەست بەسەرداگرتنی گوندی سۆفیان - ناوەندی رێکخستن و هێزی سەرەکی سوپادا، کە هەڵبەتە بێ ئەنجام بوو.. ئەمە رێك یەکەمی فروردین و جێژنی نەورۆزی ساڵی 1326 بوو.

... تا ئەو رۆژە بارزانییەکان نەخشەو ئامانجێکی دیاریکراویان نەبوو. بەڵام لێرە بە دواوە بەرنامەی کار ئاشکرا بوو کە بەشەڕو پاشەکشێ و زامن کردنی پشتەوەی هۆز بەرەو سنوری عێراق پاشەکشێ بکەن. منیش لەگەڵ جەنگاوەرانی بارزانی لەمەرگەوەڕ بەرنامەی شەڕو پاشەکشێمان هەبوو کە پارێزگاری لە هۆز بکەین تا خۆی دەگەیەنێتە سنوری عێراق. بەو پێیە حاڵەتی هێرش و پەلامار بەتەواوی دەستی لێ هەڵگیراو، جەنگ، سیمای دەرەتانی هەڵقۆزتنەوەی بەخۆوە گرت. ئەم شەڕو پاشەکشێیە لەلایەنی جیاجیاوە دەکرێ سەرنج راکێش بێ.

شەوێك لەمەرگەوەڕ لەسەر چیای شێرکان کە پێگەی دامەزرانی مەلا مستەفا بوو.. دانیشتبووین. نزیکی سپێدەی بەیان بوو کە رەشاییەك لە دوورەوە بەدیاریدا کە پاشان دەرکەوت یەکێك لە پیاوانی هۆزی هەرکییە ئەو هەواڵی هێنابوو: کە بڕیار وایە ئێمە سەد سوار بەیانی زوو لە پەنای سوپاوە هێرش بکەینە سەرتان، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێمە نامانەوێ لەگەڵ برایانی کوردی خۆماندا بەرەو رووبین، ئێوە پاش نزیکەی نیو سەعاتی تر چەند نارنجۆکێك هەڵدەنە ناو ئەو شیوەی کە نزیك پێگەی دامەزرانی ئێمەیە. ئێمە هەڵدێین. پاشان ئیدی ئێوەو خۆتان و سوپا. ئەوە دووەمین جار بوو کە من بەچاوی خۆم ئەو دیمەنەم دەدی. جارێکی تریش من لە ناوچەی شنۆ لە (قەڵاتان) لای محەمەد ئاغای مێرگەسوری یەکێك لە شێخانی بارزانییەکان بووم. سوارێك هات قسەی

لەگەڵ محەمەد ئاغا کردو ڕۆیشت. محەمەد ئاغا بەمنی گوت ئەو سوارە سەر بەفلان هۆزەیە و ئەو دەڵێ: ئێمە 30 کەسین و لە فلانە نوختە دامەزراوین و داوامان لێ دەکا دوو گوللە تۆپ لەو نوختەیە بگرین بۆ ئەوەی ئەوان هەڵبێن. کارەکەش هەروابوو. من جگە لە هێرشی هەوەڵ جاری هۆزی مامەش و مەنگوڕ بۆ سەنگان، هیچ کاتێک بەشێوەیەکی جیدی کوردەکانم لە پەنای سوپاوە نەدی. هەڵبەتە پاش سەرکەوتنی سوپا بیستم کە زۆر لە سەرۆك هۆزەکان بەناونیشانی سەرکەوتووانی جەنگ خۆیان گیڤ کردۆتەوە و تەنانەت پاش ئەوە زۆر کاریان بۆ سەلماندنی دەوڵەت پەروەری خۆیان ئەنجامدا. بەڵام لە هەڵوێستی جیدیدا جەماوەری زۆرینەی کورد ئامادە نەبوون لەگەڵ برایانی کوردی خۆیاندا شەڕ بکەن.

بەهەرحاڵ سبەی ئەو شەوە، سوپا زۆر بە ڕێکوپێکی هێرشی هێنا، پێش هێرش کردن بەپێی ڕێکەوتن شەوی ڕابردوو لەگەڵ تەقینەوەی چەند نارنجۆکێك سوارانی هەرکی شەڕگەیان بەجێ هێشت. بەڵام بۆ یەکەمین جار سوپا زۆر بەرێکوپێکییەوە هێرشی خۆی دەست پێکرد. هەڵبەتە فڕۆکەکان پیگەکانی ئێمەیان بۆردومان دەکردو پاشان تۆپخانە دەستی کرد بە کوتانی شەڕگەو تانکەکان کەوتنە جولاّن و دوابەدوای ئەوانیش پیادەو فڕۆکەکانیش لە بەرزاییەکی زۆر کەمدا پارێزگارییان لێ دەکردن. بەڵام پێگەکانی ئێمە زۆر مەحکەم بوون و ئێمە بەتەواوی بەسەر بەرەی شەڕدا بالاّ دەست بووین.

ئەم تەکتیکە، مانای شەڕو پاشەکشێیە ئاگر هەڵایساندن و هەڵاتنە، هەر ئاوا درێژەی هەبوو تا هەموو هۆزو ماڵ و منداڵ مەرگەوەڕیان چۆڵ کرد.

مەلا مستەفا بۆ خۆی پاش کاروان بوو ئێمەش لەگەڵ ئەودا بووین.

شتێکی سەرنج ڕاکێش کە لەو پاشەکشێیەدا بینیم، ئاستی دان بەخۆداگرتنی بارزانییەکان لە بەرامبەر سەختییەکاندابوو. جەنگ لە (24 اسفندی 1325) دەستی پێکردو ئێستا (20ی فروردی)ی ساڵی دوایی بوو. ئێمە هاوشان لەگەڵ سنورەکانی عێراق بەسەر زنجیرە چیای زاگرۆسدا سەردەکەوتین. هەرچەندە بەرزاییەکان زیاتر دەبوون ئەستوری بەفرەکانیش زیاتر دەبوو و لە هەندێك جێگادا دەگەیشتە یەك مەتر لەو نوختانەدا بەفرەکان بەزۆری ببوونە سەهۆڵبەندان. هەوا بەڕادەیەك زیاتر سارد بوو کە



هەندێك لە ئێسترەکان شەویان ڕۆژ نەدەکردەوە و لە سەرمان ڕەق دەبوونەوە. بەڵام ئەو هەلومەرجە بۆ بارزانییەکان دەتگوت ئاساییە. ژن و منداڵ و حورمەیان لە خانوویەکەوە دەبرد بۆ خانوویەکی دیکەو بێ هەدادان خێوەتیان هەڵ دەدا، نانیان دروست دەکرد. پاش چەند سەعاتێك پشوودان. دووبارە دەکەوتنەوە ڕێ. هەلومەرجێك بووبەڕاستی بۆ ئێمە لە توانای بەرگەگرتنماندا نەبوو..

لەو ڕۆژانەدا ئیدی سوپا دەستی بە بارزانییەکان ڕانەدەگەیشت. بەڵام فڕۆکەکان زۆر ئازاریان دەداین. ناوچەکە یەکپارچە بەفر داپۆشیبوو. تەنیا شوێنەواری تێپەڕینی هۆز بەسەر بەفرەکەدا ڕەش دەچۆوە و ئەم هێڵە ڕەشە باشترین ڕێنوێنی فڕۆکەکان بوو. ئەوان بە ڕێبەری ئەو هێڵە ڕەشە، نوختەی کۆبوونەوەی هۆزیان کە لە حاڵی پشووداندابوو یان لە حاڵی جولانەوەدا، بوو، دەزانی و دەگەیشتنە سەر سەریان و بێ دەست پاراستن هەموانی دەدایە بەر دەست ڕێژ. بەو پێیە ترس و تۆقانێکی سەیریان بەرپاکردبوو. تفەنگچییان و پاسەوانانی پاش کاروان لەبەرئەوەی لە نوختە گەلێکی ئاسایشدا پێگەیان هەبوو، زیانێکیان بەر نەدەکەوت. ژنان و منداڵەکان و مەڕو ماڵاتەکان بەتوندی بەردەکەوتن..

بارزانییەکان هەر لە بنەڕەتەوە تەقەیان لە فڕۆکەکان نەدەکرد... دواجار پاش کوشتاری بەردەوامی ئەوان، ڕۆژێك شێخ ئەحمەد فەرمانیدا هەرکە فڕۆکەکان وەدەرکەوتن هەموو تفەنگچییان پێکەوە گوللەبارانیان بکەن، و بەڕێکەوت لە یەکەمین هێرشدا یەکێك لە فڕۆکەکان بەرکەوت و وردە وردە لە ئێمە دوورکەوتەوە و بەرزایی کەم بۆوە و لە نێو سەرسوڕمان و شادی بێ بڕانەوەی بارزانییەکان لە ناوەڕاستی دەشتی مەرگەوەڕ کەوتە خوارەوە و ئاگری گرت ودوو سەرنشینی فڕۆکەکە لە نێو ئاگرەکەدا کە خۆیان هەڵیانگیرساندبوو بوونە کەباب. لەوەو بەدواوە ئیدی فڕۆکەکان لە بەرزاییەکی نزمەوە نەدەفڕین، و بۆمباو شریتی ڕیزهاوێژی خۆیان هەروا بێ ئامانج بەتاڵ دەکردو دەگەڕانەوە.

ڕۆژێك کە بڕیاربوو ئەفسەرانی ئەسیر ئازاد بکەین، شێخ ئەحمەد یەکێك لەوانی بەناونیشانی بارمتە هێشتەوە. ئەو ئەفسەرە (ستوانی دووەم جهانبانی کوڕی سەرلەشکر ئەمان!... جهانبانی بو! شێخ ئەحمەد بەهۆی (ئەسڵ و نەسەب)ی ئەو ئەفسەرەوە وای گومان دەکرد دەتوانێ فەرماندەی کاروانی ڕەوانەکراو والێبکا کە دەست پارێزیی بکا.

شێخ ئەحمەد نامەی نووسی و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر فڕۆکەکان دوبارە ژن و منداڵانی ئێمە بۆمباران بکەن ئێمە ئەو بارمتەیە دەکوژین. ئەنجامگیری ئێمە ئاوا بوو کە ئەگەر بەرژەوەندییان وا پێویست بکا ئەوا بایەخێك بۆ گیانی ئەو ئەفسەرە دانانێین. کەچی هەر دەتگوت بایەخێکیان بۆ داناوە یان هەر واقیعەن لە ترسی گوللە باران کردنی فڕۆکەکان دەستیان لە گوللە باران کردنی دڕندانە هەڵگرتووە و هەروا بە بەڕواڵەت لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە بۆ چاودێری کردن و ڕوانین دەهاتن.

بەهەرحاڵ ئەم کۆمەڵەیە لە نێوان (20 تا 25ی فروردین) گەیشتینە ملەی بنکەی پاسەوانی سنوری عێراق و ئێران پاش ئەوەی کە هاوڕێ بریندارەکەمان بەرەو ئەودیوی سنور بردو تەسلیممان کرد، مەسەلەیەکی کە بەشێوەیەکی جیدی لە بەردەماندا بوو، چارەنووسی خۆمان بوو. ئێمە لەنزیك عێراق هەستمان کرد کە ئیدی ڕێگای ئێمە لە ڕێگای بارزانییەکان جیایە.

لەوکاتەدا ئیدی ژمارەی ئێمە ببوو بە هەشت کەس جگە لە (عەلی ئەسغەر)ی بریندار، (نیکلا)ش لە ئێمە جیابۆوە و لەگەڵ یەکێك لە دۆستانی ئاسوری خۆی ڕۆیشتبوو.

هەر لەو ڕۆژانەدا پاسەوانانی سنورپارێزی عێراقی پێیان بۆ نێو هۆز کرابۆوە، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا سەرقاڵی دانوستاندن بوون لەگەڵیاندا هێزەکانی عێراقیش هاتبوونە نزیك سنور و کەمینیان دانابوو. کار بەدەستانی عێراق بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئێمەدا چەند دەست پێشکەرییەکیان کرد. ئەوان وایان وێنا دەکرد کە ئێمە لە ڕێکخستن و سازدانی هۆزدا و لە سەرکەوتنەکانی ئەواندا لە ئێران ڕۆڵێکمان هەبووە و ئەگەر ئێمە لەوان جیا بکەنەوە، مەترسی هۆزی بارزان کەمتر دەبێتەوە.

دانوستاندنی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا لەسەر ئەو بنەمایەبوو. کە ئێوە دەتوانن لە عێراق پەنابەر بن و بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتی لە بارەی پەنابەرانی سیاسی، لەگەڵ ئێوەدا ڕەفتار دەکەین. ئەوان دەیانگوت کە لەم بەستێنەدا دەوڵەتی عێراق لەگەڵ ئێران ڕێکەوتنی هەیە کە تەنیا بریندارانی ئاسایی بدەینەوە بەیەکتری هەڵبەتە ئێمە بڕیارمان نەدابوو کە لە عێراق ببینە پەنابەر بەڵام وەڵامی نەرێتیشمان نەدەدا بەوان و ئێمە ڕێگەمان نەدا پەیوەندیمان بپچڕێ.



ئێمە نەخشەمان وابوو کە لەگەڵ مەلا مستەفادا ببینە (ئەشقیا- یاخی)مەلاش لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕازی بوو.

هەمان ئەو شەوە ژن و منداڵ و پیرە مێردەکان ڕێگەی عێراقیان گرتەبەر. بەڵام نزیکەی حەوت سەد چەکدار بەرەو ناوەوەی ئێران پاشەکشێیان کرد. ئەوشەوە گایەکیان سەربڕی و گۆشتەکەیان بەسەر یاخییاندا دابەش کرد. لە نێو ئەو بەشانەدا بەشی ئێمەش درا. لە پێستەکەی (کاڵە)[4] یان دروست کردن. لە بنگردەکە شیومان خوارد. شەوانە دەچووینە چیاو خێوەتی مەلا مستەفا .

من لەوێ وام هەست کرد کە ئەو لە هاتنی ئێمە خۆشحاڵ نییە، چونکە ئێستا ئێمە بەهای تەنیا تفەنگچییەکمان هەبوو بەڵام تفەنگچییەکیش کەتوانای دابین کردنی خۆراك و جێ خەوی خۆشی نییە و هەر ئانێك مایەی سەربار بوونە.

لە حاڵێکیدا کە تفەنگچییانی بارزانی لەمبارەیەوە کارامە بوون. بەکورتی دەست و پێی خۆمان ون کردبوو. بۆ نموونە هەمان شەو بە مەلا مستەفا م گوت ئێمە لە کوێ بخەوین، ئەو گوتی: باشە، لە یەکێك لەو خێوەتانە جێگایەك بۆ خۆتان پەیدا بکەن. ئەم ئاخاوتنە کورتە نیشانی دەدا کە ئێمە بەشێوەی جیاواز بیردەکەینەوە. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان هەبوو کە ئەو خۆراك و جێگاو شتی ترمان بۆ پەیدا بکاو ئەویش چاوەڕوانی ئەوەی هەبوو کە ئێمە شتێکی ئاوا لەو چاوەڕوان نەکەین.

لەو لوتکەی چیایە بارزانییەکان تەنیا سێ خێوەتیان هەبوو سەرمان بەهەر خێوەتێکدا دەکرد پڕ بوو جێگایەك بۆ ئێمە نەمابوو. من ئەو شەوە سەرما لێیدابووم و تام لێ بوو. هاوڕێیان تەنیا کارێکی کە کردیان ئەوەبوو کە لەیەکێك لەو خێوەتانەدا جێگایەکیان بۆ جێ سەری من پەیدا کرد. خۆشیان لە نێو بەفرو سەرمادا مانەوە هەر ئاوا بەسەر چیچکانەوە نوستن. ئەوە شتێکی دیارە کە خەوتن لە جێیەکی چوار هەزار مەتر بەرزیدا چ کارێکی سەختە. هەر ئەوشەوە لە پەنای خێوەتەکاندا سێ ئەسپ و دوو سەگ لە سەرما ڕەق ببوونەوە.

(4) کاڵە: جۆرێك پێڵاوی چەرمین کە زۆر زۆر سادەو سەرەتاییە و لە پارچەیەك چەرم کە سەرەکانی بەداو بەیەکەوە دەبەستنەوە دروست دەکرێ. ((وەرگێڕ)).

بەیانی کە لە خەو هەستام سەرنجم دا دەوری ملم لە گەرما دەسوتێ. پاشان دەرکەوت بەفر لە دەوری ملم کەوتووە. شەو تەنیا سەرم لە نێو خێوەتەکەدا بوو، هەموو لەشم لە دەرەوەی خێوەتەکە بوو.

سبەی ئەو رۆژە هەمووان قەناعەتمان هات کە توانای بەرگەگرتنی کێشەو گرفتی لەم بابەتەمان نییە و هەمووان پێکەوە بڕیارماندا کە خۆمان تەسلیمی عێراق بکەین. ئێمە وامان هەست دەکرد کە تا دوێنێ ئەو پێگەو بەهایەی هەمان بوو بەهۆی توانای تۆپەکانەوە بووەو ئێستا لە تفەنگچییەکی سەربار بەولاوە شتێکی تر نین و تازە ئیدی دە کەسی ئێمە بەپێی بارزانییەکیش ناگا.

سەرەڕای هەموو مەترسییەکی کە هەستمان پێ دەکرد لەڕۆژی (26ی فروردین 1326) تەسلیمی عێراق بووین.

**کوردستان-** کوردستانی گەورە لە نێو چوار وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا هەڵکەوتووە و دانیشتوانی کوردستانی بەپێی سەرژمێری ساڵی 1989 نزیك بە 24 ملیۆن کەسە.

زۆرترین دانیشتوانی کورد کە نزیکەی 12 ملیۆن کەسە لە نێو تورکیادایە و پاش ئەو ئینجا ئێران کە نزیکەی هەشت ملیۆن کەسە، و لە عێراق نزیکەی 3 ملیۆن و لە سوریا نزیکەی 600 هەزار کەس دەژین، هەروەها ژمارەیەکیش لە باشوری سۆڤیت و هەروەها ژمارەیەکی کەمیش لە لوبنان دەژین.

ئێمە لێرە لە بارەی کوردستانی عێراق دەدوێین.کوردستانی عێراق لەڕووی کانزاوە: یورانیوم، مس، زێر، و نەوتەوە یەکجار دەوڵەمەندە. خاکی کوردستان لەڕووی کشتوکاڵییشەوە زۆر لەبارەو ناوچەیەکی سەوزو بەپیت و بەرەکەتە. ئێمە پاش رووداوەکانی ئازەربایجان و تێکشکانی لەشەڕ لەگەڵ سوپای ئێران و بەشداریمان لە پاشەکشێ لەگەڵ بارزانییەکان، دواجار سەرمان لە وڵاتی عێراق هێنایە دەرێ و هەروەکو کە دەزانن ئێمە لە ناوچەی کوردستانی ئێرانەوە چووینە ناو کوردستانی عێراقەوە. ئەم دوو ناوچەیە کە پێکەوە نوساون و بەناوی کوردستانی ئێران و عێرقەوە ناودەبرێن، هیچ جۆرە لێك چوونێکیان لەگەڵ یەکتریدا نەبوو. کوردستانی ئێران وەکو وێرانەیەك دەچوو



بەڵام کوردستانی عێراق ئاوەدان و سەوز بوو و گوندەکانی بەپێی خۆی پاك ترو سەوزتر بوون لە گوندەکانی ئێران. هەڵبەتە ئێمە لەمیانی تێپەڕبوونمان بەو ناوچەیەدا دەکرا روانینێکی رووکەشانەمان هەبێ. ئێمە ئەسیر بووین بەڵام بەهەر لایەکدا دەمانندیت و چاومان دەگێڕا. ئێستا کەمێك لە بارەی مەلا مستەفا قسە دەکەین:

مەلا مستەفا ماوەیەك لە کوردستان دووربوو و لە ساڵانی دوایی جەنگی دووەمی جیهانی گەڕایەوە بۆ عێراق و چووە ناوچەی بارزان. ئەو جارێکی تریش هێزی سازدایەوە و ئامادەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عێراق بوو. ئەم جارەیان مەلا مستەفا لە نێو سوپای عێراقیشدا نفوزی پەیداکردو چەند کەسێك لە ئەفسەرانی پلە نزم و پلە بەرزی کورد کە لە نێو سوپای عێراقدا بوون و پەیوەندیگەلی مرۆڤدۆستی و نەتەوەییان هەبوو، لەوانە (عەقید عزەت عەبدول - زیز، عەقید روکن میرحاج و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی تری هێنایە نێو جولانەوەی سەربەخۆیی خوازانەی کوردستانەوە.

ئەو ئەفسەرە ئازادیخوازانە لە میانی دواین راپەڕینی چەکدارانەی بارزانییەکان لە عێراق، توانییان هاوکارییەکی بەهادار پێشکەشی جولانەوەکە (هەڵبەتە تا ئەو کاتە کە جولانەوەکە مابوو) بکەن، لەوانە لەکاتی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان ئەو ئەفسەرانە ژمارەیەك پردیان وێران کردو رێگای پێشرەوی کردنیان لە سوپا بەست.

سەرەنجام سوپای عێراق، بەکەڵك وەرگرتنی لە چەکی قورس، فڕۆکە، تۆپخانە و زرێ پۆش و تانك هێرشی بردە سەر بارزانییەکان و ئەوانی گەمارۆدا. بەڵام بارزانییەکان بە پاشەکشێیەکی رێکوپێك و تاکتیکی دروست توانییان ئەڵقەی گەمارۆدانە بشکێنن و بەرەو ئێران بکەونە رێ. سوپای عێراق تا (کانی ریش)[5] لەسەر سنوری عێراق بە دوای ئەوان کەوت. سەرەنجام لە بەرواری 9ی دیسامبری ساڵی 1945 بارزانییەکان و جەنگاوەرانیان پەنایان بۆ حکومەتی کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئێران هێنا.

[5] کانی ریش!:- وا پێدەچێ مەبەست کانی رەش بێ ((وەرگێڕ))

لەوکاتەدا (ساڵی 1945) حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان دامەزرابوون و دەستیان دابووە چاکسازیی و لە جێگای وێرانەکانی زەمانی شاو زوڵم و ستەمی شا ناوچەیەکی ئازادو ئاوەدانیان بنیات دەنا.

پاش ئەوەی هۆزی بارزان پەنای بۆ کوردستانی ئێران هێنا، کەسانی هۆز لە ناوچەی کوردستان نیشتەجێ بوون.

بارزانییەکان لەڕووی مەزهەبییەوە پابەند و مریدی خواجە بەها ئەدین نەقشبەندین. خواجە بەهائەدین لە (سۆفی و عارفەکانی) سەدەی هەشتەم و دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندیە. تەریقەتی نەقشبەندی بە تەریقەتی خواجەکانیش ناودەبرا. لە ماوەی ساڵانی 1300 تا 1307ی هەتاوی، سەران و شێخانی روحانی بارزان کۆششگەلێکی زۆریان لە پێناوی هێنانەدی رابوونی روحی و مەعنەوی لە نێو هەوادارانی خۆیاندا ئەنجام دا.[6]

مەلا عەبدولڕەحمان یەکێك لە شێخانی نەقشبەندی لە رێگەی ئاخاوتنەکانییەوە، توانی روحی بەرزی ئینسانی، عاتیفە، خۆبەختکردن لە نێو بارزانییەکاندا بێنێتەدی و لە رێگای ئامانجە سیاسییەکانەوە کە سەربەخۆیی کوردستان بوو رێك بخات و یەکیان بخا. پاش کۆچی دوایی مەلا عەبدولڕەحمان کوڕە مامەکەی خۆی کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو، بووە سەرۆکی سیاسی و سەرکردەی مەزهەبی هۆزەکە. شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی 1914 لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە زیندانی موسڵ کوژرا. ئەو باپیری شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی بوو.[7]

کاتێك هۆزی بارزان پەنایان بۆ حکومەتی کوردستانی ئێران هێنا شێخ ئەحمەد بارزانی رابەرو پێشەوای ئاینی و مەلا مستەفا برا بچوکی ئەو، رابەری سیاسی و سەربازیی هۆزەکە بوون.

شێخ ئەحمەد بارزانی لە ساڵی 1897 لە گوندی بچوکی بارزانییەکان هاتە دنیاو پاش کوژرانی (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) بوو بەڕابەری مەزهەبی و روحانی هۆزی

---

(6) توێژینەوە و نووسینی بەڕێز رەزا نازمیان کە زەحمەتێك و کۆششێکی زۆری لەمبارەیەوە کردووە.

(7) شێخ عەبدولسەلام برا گەورەی شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی 1914 لە موسڵ لەگەڵ دوو لە یاوەرانی لە سێدارە درا. ((وەرگێڕ))



بارزانی. لە بارەی باوەڕو ئاینی شێخ ئەحمەد دەنگۆی ئەوەش بڵاوبۆوە گوایە ئەو بە ئاینی مەسیحەوە پەیوەست بووە و تەنانەت خواردنی گۆشتی بەرازیشی حەڵاڵ کرد بوو. دەوڵەتی بەریتانیاو بەکرێگیراوەکانی بەردەوام لەپەی سەرکوتکردنی هۆزی بارزان دابوون. لە ساڵی 1932دا هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق زەربەی سەختیان لە هۆزی بارزان داو لە ئاکامی بەرهەڵستیدا هۆزی بارزان تێکشکا. شێخ ئەحمەد و یارانی نزیکی لە شارەکانی موسڵ، حیللە، ناسریە و دیوانیە بەندی بوون. لە ساڵی 1945دا گەورەترین نەبەردی بارزانیەکان لە دژی حکومەتی عێراقی دەستی پێکرد. ئەم نەبەردە ماوەی نزیك بە دوو ساڵ درێژەی هەبوو. لە سەرەتای ئەم نەبەردەدا شێخ ئەحمەد بارزانی دەستی لە سەرۆکایەتی سیاسی و سەربازیی هەڵگرت و بەرپرسیاری سیاسی و سەربازیی هۆزی بە مەلا مستەفا بارزانی سپاردو شێخ ئەحمەد لە پایەی روحانی و مەزهەبی هۆزدا مایەوە.

بارزانییەکان لەو نەبەردەشدا وەك دێتەوە بیرم تاڵاوی تێکشکانیان چێشت و سەریان لە ئێرانەوە هێنایە دەرێ. پاش سەرکوتکردنی راپەڕینەکانی ئازەربایجان و کوردستان، مەلا مستەفا لەگەڵ حەوت سەد کەس لە شەڕوانانی هۆزدا چووە نێو خاکی عێراقەوەو پاش چل رۆژ جەنگ و پاشەکشێ لە رێگای کوێسانەکانی ئێران و تورکیاوە لە (خوردادی 1346) لە یەکێتی سۆڤێت بوونە پەنابەر.

شێخ ئەحمەد یەك رۆژ پێش ئێمە پەنای بۆ عێراق برد. ئەو لە تەمەنی 79 ساڵیدا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی عێراقماڵئاوایی لە ژیان کرد. روحی شاد و بیرەوەری نەمر بێ!

پاش کودەتای عەبدولکەریم قاسم و روخانی رژێمی پاشایەتی لە عێراق و لە سێدارەدانی رابەرانی سیاسی بەغدا یان باشتر وایە بگوترێ (بەکرێگیراوان و نۆکەرانی ئیمپریالیزمی بەریتانیا) عەبدولکەریم قاسم رابەری ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق داوای لە بارزانییەکان کە تا ئەو کاتە لە یەکێتی سۆڤێت پەنابەربوون، کرد کە بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان.

(مەلا مستەفا) و هاوەڵانی کە ماوەی یازدە ساڵ لە یەکێتی سۆڤێت بوون، لە ئوکتوبەری ساڵی 1958 گەڕانەوە بۆ عێراق. پاش گەڕانەوە بۆ عێراق، (مەلا مستەفا بارزانی) هەنگاوگەلێکی کاریگەری بە قازانجی کوردەکانی عێراق نا. لەوانەش لە کوردستانی عێراق زمانی کوردی وەك زمانی رەسمی راگەیانراو لە قوتابخانەکان و

فەرمانگەکان و شوێنەکانی تردا، زمانی کوردی بووە زمانی ڕەسمی. کەسانی لێهاتوو و پسپۆڕی کورد لە نێو ڕژێمی حکومەتدا قبوڵ کران و ژمارەیەك لەوانە لە پێگەو پلە باڵاکانی حکومەتدا بەرپرسیاری گەورەیان هەبوو. وێڕای ئەوە مۆڵەتی کارکردن بەسەرۆکایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) درا بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزب بڵاوکرایەوە.

(مەلا مستەفا) ئارەزووی دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستانی هەبوو. ئەو، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پەنای بۆ هەر شتێك دەبرد. هەر کەسێك لەهەر گۆشەیەکی دنیاوە ئەگەر لەسەر ڕێگای هێنانەدی سەربەخۆیی کوردستان هاوکارییەکی بگەیەندبایە، ئەو بەوپەڕی ئارەزووەوە قبوڵی دەکرد. ئەو چەندان جار بە ئێمەی دەگوت هەر حکومەتێك لە ڕێگای سەربەخۆیی کوردستاندا کۆمەکمان پێ بکا ئێمە بەتەواوی ئارەزووە ئەو کۆمەگە قبوڵ دەکەین، جا ئەو حکومەتە بەریتانیا، ئەمریکا، یا سۆڤییێت.. بێت بۆ ئێمە جیاوازی ناکا. ئێمە دەمانەوێ میللەتی کورد لە کۆت و بەندی زوڵم و ستەم ڕزگار بکەین.

وەبەڕاستی (مەلا مستەفا) تا کۆتایی تەمەنی پڕ لە کوێرەوەری خۆی لە ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا قارەمانانە، شەرەفمەندانە و بەلە خۆبوردوویی و خەڵك پەروەری لە چیاو دەشت و دەر، سەرماو گەرما، بە ڕووت و سکی برسییەوە شەڕی کردو سەرەنجامیش بووە قوربانی بەندو بەستی سیاسی شا و سەدام. دکتۆر سوهراب بەنی سلێمانی شیبانی کە ماوەیەك لە ئێران بەرپرسی بەڕێوەبردنی کاروباری بارزانییەکان بوو و لەگەڵ (مەلا مستەفا)شدا پەیوەندییەکی نیزیکی هەبوو، ئەویش هەر لەو بەستێنەدا گێڕانەوەی هەیەو دەڵێ کاتێك مەلا مستەفا لە ئێران بوو، کەوتبووە نێو هەلومەرجێکی ئاواوە کە دیسانەوە دەبوایە زەرووزیان بدا، و دڵی بە ئومێدێکی دورە دەستەوە بەست و جا بۆ دامەزراندنەوەی هۆزی بارزان یان لانی کەم بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ لە دەربەدەری و بێ ماڵ و منداڵی ڕزگاریان بکا، داوا لە شا دەکا کە لە بارەی گەڕانەوەی هۆزی بارزان بۆ عێراق لەگەڵ بەرپرسانی عێراق دانوستاندن بکا.



بەو ئاوایە کە ئێمە دەزانین بە ناوبژیوانی وڵاتانی میسر، ئەردەن و جەزایر لە شەشەمی مارتی ساڵی 1975 لە کۆنفرانسی جەزایر ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان عێراق و ئێران بەسترا کە بەپێی ئەو بڕیارنامەیە، شا، لە پشتیوانی مەلا مستەفا دەستی هەڵگرت و لە واقیعدا مەلا مستەفا و هاوەڵانی بوونە قوربانی یاریگەلێکی سیاسی. بڕیاری لەوەش پەست و سوکتر ئەوە بوو کە شا وادارbوو بەوەی کە تێکۆشەران و جەنگاوەرانی کورد وێرا بەو زانیارییانەشەوە کە هەیان بوو کە بریتی بوون لەو زانیاریانە کە تایبەت بە ڕەوشی جولانەوەی سەربەخۆیی خوازانەی کوردستان بوون، تەسلیمی دەوڵەتی عێراق بکەنەوە. لە بەرامبەردا عێراق واز لە بانگەشەی خۆی لە بەرامبەر سەروەری عێراق بەسەر ئاوی شەتی عەرەبەوە (ڕوباری ئەروەند) بهێنێ و ڕازی بوو کە هێڵی تالوکی شەتی عەرەب سنوری نێوان عێراق و ئێران بێت. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بەرواری 1975/3/6 دا بەستراو بە ڕێککەوتننامەی جەزایر ناوبانگی دەرکرد.

بەو پێیە مەلا مستەفا بارزانی پاش تەمەنێك تێکۆشانی قارەمانانە، زیندانی، دوورخرانەوە و دەربەدەری دوورودرێژ بۆ نێو خانوویەك لە عەزیمیەی کەرەج، گیرسایەوە.

هەر لەو سەروبەندانەدا یەکێك لەرۆژنامەکانی تاران، لە عەزیمیەی کەرەج چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەم جەنگاوەرە شکست خواردووە و ئەم قارەمانە جەنگاوەرەدا کە هەموو شتێکی لە دەست دابوو، ئەنجام داوە کە غەمێکی گیان ئەنگێو لە نێو دڵی ئینساندا پێکدەهێنێ. مەلا مستەفا لەو دیدارەدا گوتویەتی من ئیتر ڕابەر نیم، کاری من تەواو بووە.

لەوەو پاش مەلا مستەفا ماوەیەك لە عەزیمیەی کەرەج ژیانی بەسەر برد و پاشان بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان چووە ئەمریکا. ڕۆژی (10ی أسفندی 1357) لە ئاکامی سەکتەی دڵ بەیەك دنیا هیواو ئارەزووەوە چاوی ژیانی لێك نا و دڵی پڕ لە ئومێدی ئیدی لێی نەدا. ڕوحی شاد و بیرەوەرییەکانی زیندوو نەمربێ.

بەمەرگی (مەلا مستەفا بارزانی چیرۆکی سەربەخۆیی کوردستانیش لەو زەمەنەدا بەمێژوو سپێردرا. بەڵام بێ دوودڵی جارێکی تریش ئاگری بن ژێلەمۆ

داگیرسایەوەو لە نێو نێڵەی مەشخەڵی سـوتێنەری خۆیـدا جـەللادان نـابوت دەکـا، کوردستانی ئازادو ئاوەدان دێتەدی.

ناوی مەلا عەبدولڕەحمان. شێخ عەبدولسەلام. شـێخ ئەحمـەد و مـەلا مـستەفا بارزانی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەبنە زیـوەری جوان کردنی بیرەوەرییە هەست هەژێنەکانی کوردستان. نابێ گومان لە مەدا هەبێ.
ئەمە حوکمی مێژووە.

## پاشكۆكان و بەڵگەنامەكان

ئەوەی لە لاپەڕەكانی پێشوو دەربارەی پەلامارو هێرشی سوپا بۆ سەر بارزانییەكان باس كرا، بابەتگەلێك بوون كە ئێمە خۆمان لە نێو رووداوەكانیدا بووین و شایەت و بینەربووین بەسەریانەوە.

پاش تێپەرینی زەمەنێكی دوورودرێژ، بە ماندووبوون و هەوڵدانی یەكێك لە دۆستان، بیرەوەرییەكان و بەڵگەنامە رەسمییەكانی كە بە هێرش و پەلامارەكانی سەر بارزانییانەوە پەیوەست بوون و لەلایەن لەشكرەكانی رەزاییەو كوردستان و هەمەدانەوە بەڕێوەچوبوون، بەردەست بكەوێ.

من پێم وایە بە ئامانجی رۆشن كردنەوەی زیاتری رووداوەكانی ئەو زەمانە و هەروەها توێژینەوەی وردتر، وا باشترە كە كۆشش و ماندووبوونی زیاتری لەگەڵدا بكرێ و بابەتەكان و بیرەوەرییەكان بخوێندرێنەوە.

نامەكانی فەرماندەكانی سوپای ئێران، دانوستاندنەكانی سەرۆكایەتی ئەوكاتەی ئەركانی سوپا، جەخت كردنەوەی خودی شا لەسەر سەركوتكردن و رێگەگرتن بە بارزانییەكان، هەر هەموویان باس لە ترس، لاوازی و زەبوونی سوپا دەكەن لەسەركوتكردنی دووسەد- سێ سەد نەفەر مرۆڤی رووت و برسی كە بەگوێرەی وتەكانی فەرماندەكانی سوپای ئێران هەر رۆژێك بە لەشێكی سەرمابردوو و بەپێی بریندارەوە، ئایا پارووە نانێك هەبووبێ بیخۆن یان نا... بەردەوام قارەمانانە و بەتواناو شەهامەتێكی لە وێنا بەدەر هێڵەكانی بەرگری سوپایان دەشكاندو بە ئاراستەی ئامانجی خۆیان رێگایان دەبڕی.

ئەمە گاڵتە نییە، و بەهەق جێگای باوەڕ نییە لە سەرمایەكی پرزە بڕدا لە چەندین پلە لە خوارووی سفرەوە، بە پێی پێخواس و بریندارەوە، بەسكی برسییەوە، لە بەرامبەر پیاوكوژانی شادا پێدابگرن و لە بەرزاییەكانی چیاكانی وڵاتانی ئێران، عێراق و توركیاوە تێبپەڕن و بچنە نێو خاكی یەكێتی سۆڤێتەوە و لەوێ ببنە پەنابەر.



لە واقیعدا دەتوانرێ ئەم پاشەكشێ قارەمانییە و تێپەڕبوون بەنێو بەرزایی چیاكاندا لەگەڵ پاشەكشێی هەزار كیلۆمەترییی ماوتسی تونگ لە وڵاتی چین بەراورد بكرێ.

پیاوانی قارەمانی بارزانی لە سەختترین هەلومەرجدا سێ سەد كیلۆمەتر رێگایان لە ژێر بۆمبارانی فڕۆكەكان و ئاگر بارانی تانك و تۆپخانە و هێزی پیادەو سوارەو زرێپۆشدا دەبڕی.

لەلای خۆمەوە بە ناردنی گەرمترین سڵاو بۆ ئەو پیاوە گەورانە یادی شكست و ریسوابوونی فەرماندەكان و هێزەكانی سوپا، دەكەمەوە.

پاش كۆتایی هاتنی سەركەوتووانەی پاشەكشێی بارزانییەكان و گەیشتنیان بە خاكی یەكێتی سۆڤێت، لەسەر فەرمانی شاو سەرۆكایەتی ئەركانی سوپا، هەیئەتێك بەسەرۆكایەتی (فەریق شاهبەختی) ئەركی بەدوواداچوون و لێكۆڵینەوە لە تێكشكانی ئابڕووبەرانەی سوپا، پێكهات.

هەموو فەرماندەكانی سوپا كە بەجۆرێك و شێوەیەك لەو رەوشەدا بەشداربوون، تەنانەت سەر لەشكر هومایونی فەرماندەی هێزەكان كەوتنە ژێر باری لێپرسینەوە، بەڵام ئاكامەكەی چی بوو؟ بەرزكردنەوەی پلەكانیان بوو - (ئیحسانی).

## پاشکۆی (1)

### چەند رووپەڕێك لە بیرەوەرییەکانی سەرهەنگ بیگلەری:

رۆژی (25ی ئازەر 1325) ئێمە لە بەرەی شەڕی سەقز بووین، من شرۆڤەی روداوەکانم بەتێروتەسەلی نووسیوە. پێم وایە پەسندە چەند بابەتێکیش لە مبارەیەوە لەسەر زمانی فەرماندەی کاروانی هێزەکانی سوپاش بگێڕمەوە: عەقید بیگلەری لە نامەیەکدا بەناونیشانی ((سەرکردەکانی فیداییەکان و کەسانی دیموکرات لە ناوچەی سەقز))، دەنووسێ:

هەڵبەتە تائێستا زانیاریتان بەدەست کەوتووە کە شاری تەورێز تەسلیم بەهێزی سوپا بووە و تیمسار[1] سەرتیپ[2] هومایونی فەرماندەی گەورەی لە شکری کوردستان لە شاهین دژ تێپەڕیوەو چووەتە نێو میاندواوە، و تیمسار میر حوسێن هاشمی ئەویش، لەگەڵ کاروانە رەوانەکراوەکان چووەتە نێو تەورێزەوە و ئیدی بەرهەڵستێك لە ئارادا نییە. ئاغای دکتۆر جاوید پارێزگاری ئازەربایجان، دوو رۆژ پاش پێشگای شایانە بەتیلگراف داوای هاتنی سوپای پێشکەش کردووە پاش ئەوەی کە ئەو کەسانەی لە قافلانکوە بەرگرییان کردووە لە سێدارە دراون، بەو پێیە بۆ ئەوەی ئەو چەندانەی کە لە دەوروبەری سەقزن، دووچاری چارەنووسێکی شوم نەبن، بەرژەوەندی ئێوە لەوەدایە کە بێ دواکەوتن لە پادگانی[3] سەقز ئامادە بن و باپەندبوونی خۆتان لە بەرامبەر فەرمانەکانی دەوڵەتدا رابگەیەنن و لە حاڵی ئەماندا بن و ئێمە بەتەواوی ئارەزووەوە وە پێشوازیتان لێ دەکەین. بەدەر لەم حاڵەتە دڵنیابن کوردانی نیشتمان پەروەر

(1) تیمسار: وشەیەکی رێزلێنانە بۆ ئەو ئەفسەرانەی پلەیان لە سەروو پلەی (سەرهەنگ: عەقید)ەوەیە.
(2) سەرتیپ: لیوا.
(3) پادگان: بنکەی سەربازی.



رێگە نادەن یەك تاکەکەسیش لە ئێوە بەسەلامەتی بگاتە نێو ئازەربایجان هەروەها سەرەڕای ئەمەش هێڵی گەڕانەوەتان بەتەواوی گیراوە و سوپاش بە لێبڕاوانە هەڵدەستێ بەکاری بەدوواداچوون.

ژمارە 292-25/9/22 سەقز یاریدەدەری لەشکری کوردستان عەقید بیگلەری.

هەر وێڕای ئەمە زێدەتر لەسەری دەڕوا کە رۆژانی دوایی مانەوە لە سەقز زانیاری لە بارەی شەرەنگیزانەوە دەگاتە دەست کە ژمارەی ئەوانە روو بەزیادبوونە و چەندین فەوج لەسەر بازان و ژمارەیەك لە فیداییانی ئازەربایجان، بۆ هاوکاری کوردەکانی دەوری سەقز هاتوون. هەر بۆیە بەهێزی ئاسمانی کە لە ژێر دەستدا هەبووە و هەموو رۆژێك کاری پشکنین لە جادەی سەرا، بۆکان، و میاندواو بەڕێوە دەچوو.

رۆژی 25 لە بۆکانەوە کەوتینە جوڵان، شەو لە بورهان بووین... پاش چوونە نێو مهاباد. یەکسەر بەفەرماندەی پادگانی مهاباد دیاری کرام.

... چەند رۆژێك سەرقاڵی دادگایی کردنی ئەفسەران و سەردەستەکانی هەڵاتووی سوپا بووین کە ژمارەیەکیان بەحوکمی سێدارە حوکم دران.

### ئامادەکارییەکان بۆ ئۆپەراسیۆنگەل دژی بارزانییەکان

رۆژی چوارەمی مانگی ئوسفەند کاتژمێر 30 . 7ی بەیانی بۆ ئاشنایی ئەو ناوچەیە کە ئەگەری ئەوەبوو ئۆپەراسیون دژی بارزانییەکان لە وێدا بەڕێوە بچێت لە مهابادەوە کەوتمە جوولان. کاتژمێر 5 . 10 چوومە نێو حەسەنلو و بۆ پشکنینی پادگانەکانی رادەهنە و تازەکەند کەوتمە جوولان.

کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنجەمی ئوسفەند لە حەسەن لو کەوتمەڕێ و کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ چوومە ناو نەغەدەوە.. رۆژی شەشەمی ئوسفەند چووم بۆ دامەزراندنی فەوزیە لە (قەڵاچوق).

... بەرلەوەی بچمە سەر شرۆڤەکردنی کورتە مێژووی ئۆپەراسیونەکانی کاروانەکانی باشور، پێشەکییەك کە بووە هۆکاری ئۆپەراسیۆنەکانی دژی بارزانییەکان، شرۆڤە بکەم.

... مەلا مستەفا پاش پاشەکشێ لە شەڕگەی سەقز توانی هەموو دەستەکانی خۆی بەبێ هیچ کەموکورتییەك سەرباری هەندێك کەسانی قاچاغ کە گومان لە ناسنامەیان دەکرا و لەگەڵ حەوت کەس لە ئەفسەرانی هەڵاتووی سوپا، دوودانە تۆپی75ی بوفورس لەگەڵ چوارسەد گوللە تۆپ، نزیکەی دووسەد فیشەکی بڕنەو، دوو هەزار نارنجۆکی دەستی، سەد دانە ئەفتومات و ژمارەیەك تفەنگی بڕنە و و ریزهاوێژی سوك و قورسی (سەرەڕای ئەو چەکانەی کە پێشتر هەیبوو) لە ئەمباری قازی محەمەد لە مهاباد کۆبکاتەوە و بەخێرایی و لە کارزانییەکی سەرنج راکێش تا بەرواری 25/9/26 لە نەغەدە و شنۆ و دێهاتەکانی ئەو دەوروبەرە دابمەزرێن (دیسپلین و لێڕاهاتوویی و دەست و بردییەك کە لەم پاشەکشێیەدا لە بارزانییەکان دیترا، کە توانییان ئەسپاب و تەقەمەنی خۆیان لەگەڵ تەواوی خێزانەکانی خۆیان کە لە گوندەکانی دەوروبەری شاهین دژ ومیاندواو بوون، لەو ماوە کەمەدا لەگەڵ خۆیاندا ببەن، نیشانی دەدا کە تا چ رادەیەك لە کاری خۆیاندا لە کارزان و خاوەن تاقیکردنەوە بوون).

بڵاوبوونەوەی تاکتیکی ئەوان بەو پێیە بوو کە (مەلا مستەفا) لەگەڵ هەموو ئەفسەرانی عێراقی لەگەڵ 600 کەس لە باشترین تفەنگچییانی خۆی لە نەغەدە ناوەندێکی بەرگری پێکهێنا و پاش کاروانەکانیشی لە دێهاتەکانی رۆژهەڵاتی نەغەدە تا خەتی حەسەن لوو عطاالله بڵاوکردەوە و سێ میحوەری مهابادیان کە لە نەغەدە بەکۆتا دەهات، چاودێری دەکرد. باقی تفەنگچییانی دیکەی بارزانی لەگەڵ (شێخ ئەحمەد) و براکانی تری (مەلا مستەفا) لە شنۆو دێهاتەکانی تری شنۆو رۆژئاوای نەغەدە بوون و خێزانەکانی ئەوان دامەزرابوون. بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد دەردەکەوێ کە هەلومەرجی سروشتی ناوچەکە، پێداویستی وەرز، کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوە ناوچەییەکان و باری تاکتیکی بەتەواوی تێبینی رەچاوکراوە. چونکە خاڵی گرنگی هاتووچۆی نەغەدە کە بەسەر رێگاکانی هاتووچۆی سنوری خانە - شنۆ- رەزاییە- مهاباددا دەڕوانێ بەتوندی داگیرکراوە و بەربەستێکە لەلای مهاباد رەزاییەوە بۆ ئەم ناوەندی بەرگرییە لە



بەرچاوگیراوە. خێزانەکانیش لە ناوچەی پڕ بەرەکەتی رۆژئاوای نەغەدە و دەشتی شنۆ لە دێهاتەکانی پشتی ئەم خەتی بەرگرییەوە، خواردەمەنییان دابین دەبێ. هێزی سەرەکی ئەوانیش لە شنۆ دەروازەی چیاکانی سنور ئامادەیە تا لاکانی لاهیجان[4] و مەرگەوەڕ لە پشتی شەڕگەیەکەوە کە پێکیان هێناوە، لە بەرامبەر عەشیرەتەکانی ئەو سنورانەدا بپارێزن و چاودێری بکەن.

## بڵاوبوونەوەی هێزەکانی سوپای شاهەنشایی

هێزی کوردستان کە کاروانی یەکەمی لە بەرواری 25/9/16 کە پێکهاتبوو لە فەوجێکی لیوای 32ی کرماشان و یەك فەوجی هەمەدان، یەك فەوجی سوارەی لوڕستان، لەگەڵ یەك کەتیبە لە لیوای 4ی سوارە (تێکڕا 3 کەتیبە شمشێر، 3 دەستە ریزهاوێژ). لەگەڵ دوو تانك و یەك دەستە تۆپی 75ی لە بەرایی تەکاب. کاروانی دووەم لە بەرواری 25/9/22پێکهاتبوو لە یەك فەوج لە لیوای کرماشان و یەك فەوج لە لیوای 4ی سوارەی کوردستان، یەك فەوج لە لیوای 10ی پیادەی سنە، دوو سەربازهەڵگر، یەك تۆپی 75ی لە بەرایی سەقزەوە کەوتبوونە جووڵان. پاش پێشڕەویکردنێکی پەلاماردەرانە لە ماوەی نێوان تەکاب مهاباد و سەقز مهاباد کە دە رۆژ لەسەر یەك لە لێك دان و پێدادان لەسەر زەوییەکی شاخاوی لە پێچەکانی گەرووی سورسات و گەرووی بورهان لە نێو بەفرو قوڕی زستاندا رێگایان پێوابوو. پاش دامەزراندنی چەند بنکەیەکی سەربازیی لە شاهین دژ و میاندواو لە کاروانی یەکەم و ئینجا لەسەراوبوکان لە کاروانی دووەم، رۆژی 25/9/26، کەسانی خوارەوە لەگەڵ ئەرکانی فەرماندەیی گەیشتبوونە مهاباد، یەك فەوج لە لیوای 12ی کرماشان یەك فەوج لە لیوای 10ی سنە، یەك فەوج لە لیوای 32ی کرماشان، یەك فەوج سوارەی لوڕستان، 6 دانە تۆپی 75ی، چوار تانك کە تێکڕا نۆسەد سەرنێزە 250 شمشێرو شەش تۆپ و چوار تانك بوو، لە

---

[4] لاهیجان: ناوی گوندێکە.

بەرامبەردا هەلومەرجی گشتی ناوچەکە لە ژێر دەستی فەرماندەی هێزدا بوو. (ئەو هەموو هێزە سازو خاوەن کەرستەو ئەسپابە بۆچی؟ تەنیا بۆ 200 کەس تفەنگچی رووت و برسی بارزانی!! ئیحسانی).

بەرەبەیانی رۆژی 29 (مەلا مستەفا) لەگەڵ عەقیدی دووەم غەفاری هاتە مهاباد.. هاتنی (مەلا مستەفا)... کاریگەری زۆر باشی لەسەر ورەی هەموو عەشایری کوردستان دانا... ناردنی (مەلا مستەفا) بۆ تاران و گوزەراندنی کات، دەرفەتی دەدا بەفەرماندەیی کە لە هەلومەرجی تاریك و نادیاری مهاباد و عەشیرەتە گومان لێکراوەکان، زۆرترین کەڵك لە هەلۆێستەکە وەربگرن و دەست بکەن بەکۆکردنەوەی چەکە شاردراوەکان لە نێو شاری مهاباد، و چڕکردنەوەی دەستەکان بەتوندوتۆڵی تەواو بکەن و پاشان لەکات و ساتی خۆیدا لە حاڵی پێویستدا بەدڵنیاییەکی تەواوەوە بچێتە ناو کاری لێبڕاوانەوە.

چوونی (مەلا مستەفا) بۆ تاران و ئاشنابوون بە پایتەختی وڵاتی شاهەنشاهیی و دامەزراوە ناوەندییەکان، بۆ کەسێك کە جگە لە چیاکان و گوندەکانی سەرسنور جێگایەکی تری لەم وڵاتەدا نەدی بوو، جێگای ڕاڕایی نەبوو کە شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر وورەی ئەو دادەنا. (مەلا مستەفا) پاش گەڕانەوە لە تاران دەیگوت: منیان بۆ سەردانی کارگەکانی چەکسازیی برد. من گوتم وەڵڵا من ترسام بەڵام هۆزی بارزان لەم شتانە ناترسن). (ئیحسانی)

**لە تاران پێشنیاریان بۆ (مەلا مستەفا) کردبوو:**

1- مانەوە لە ئێران و قبوڵکردنی (تابعیەت) بۆ خۆی و هۆزەکەی.
2- مانەوەی ئەو کەسانەی کە لە عێراق حوکم دراون و گەڕانەوەی ئەوانیتر بۆ وڵاتی خۆیان.
3- بەجێهێشتنی خاکی ئێران بەتەواوی هۆزو خێزانەکانەوە پاش تەسلیم کردنەوەی ئەو چەکانەی کە لە ئێران بەردەستیان کەوتووە، و گەڕانەوە بۆ عێراق لە ماوەیەکدا بەلایەنی زۆرەوە تا یەکەمی مانگی (ئوسفەندی 25).



... (مەلا مستەفا) لە بەرواری 25/11/9 لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری لە تارانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان.

پێشتر گوترا کە (مەلا مستەفا) بەڵێنی دابوو کە تۆپەکان تەسلیم بکاتەوە. (عزەت) ناوێکی لە هۆزەکەی خۆی، لە تارانەوە ناردەوە و فەرمانیدا تۆپەکان تەسلیم بکەنەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە تۆپەکانیان تەسلیم نەکردەوە، و لە بەرامبەر بنکە پاسەوانییەکانی سوپاشدا سەنگەربەندییان کردووە و بنکەی پاسەوانییان لە شین ئابادی سنوری خانە، دامەزراند. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا فەرماندەی لەشکر سەرقاڵی هەڵگرتنی ئەوبەربەستانە بوو کە لە حاڵی دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی دژ بە بارزانییەکان، ببنە بەربەستی سەرکەوتن. ئەو کارانەی بەڕێوەچوون بەم ئاوایەی خوارەوە بوون.

1- دادگایی کردنی بە پەلەی ئاژاوەگێڕانی مهاباد و سەقزو بەسزا گەیاندنیان.
2- پاك کردنەوەی مهاباد لە کەسانی گومانلێکراو و کۆکردنەوەی چەکەکانیان.
3- چەك داماڵینی هەموو هۆزە گومانلێکراوەکان.
4- دامەزراندنی هێڵی پەیوەندی و هاتووچۆ لەو ناوچەیەی کە ئەگەری هەبوو بەرپاکردنی ئۆپەراسیۆنی تێدا بەڕێوە ببرێ.
5- تەواوکردنی ئازوخە و ئەسپاب و چڕکردنەوەی و نزیك کردنەوەی هەندێك یەکەی پاڵپشتی لە ناوچەی کار.
6- هێنانە کایەی متمانەو دڵنیایی لە نێو دڵی خەڵکدا لە ڕێگەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی جوانەوە.

**دواجار بارزانییەکان بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ نەهێنا.**

1- لە بنەڕەتەوە و بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکەکانی بارزانییەکان بەهۆی رووداوگەلی جۆراوجۆرەوە کە لە ژیانی خۆیاندا رووبەڕوویان ببۆوە، بەگیانی بەدگومانیی و بەدبینییەوە لەهەر هەڵۆێستێکیان دەڕوانی.

2- له نێو ئەواندا کەسانێك هەبوون کە بیروباوەڕی جیایان هەبوو کە هەر کامیان مەرام و بیرێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. بۆ نموونە ئەفسەرانی حوکم دراوی عێراقی کە لە ئاکامی خیانەتیان لە سوپای خۆیان، سزای سێدارەیان لە بەردەم خۆیاندا دەدی، ئەوانە لە بنەڕەتدا مانەوەی خۆیان لە بوونی ئاژاوەدا دەدی و حەزیان نەدەکرد سەرانی بارزانییەکان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا ڕێك کەوتن بکەن چونکە ڕێك کەوتن لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا ملکەچی بۆ قانون دەگرێتە خۆی و قانوونیش ئەوەیە کە ئەوانی بە مردن حوکم داوە و ئەوانیش لە بەری هەڵاتوون. سەرباری ئەفسەرانی عێراق ژمارەیەك بکوژو تاوانبارو ئاژاوەگێڕ لە نێو ئەواندا بوون.

3- له نێو بارزانییەکاندا ژمارەیەك کەسانی گومانلێکراوی ئەرمەنی و موهاجیرو کەسانیتر هەبوون کە هەمیشە خەریکی کاری هاندان و خراپەکاری نانەوە بوون.

4- ئەفسەرانی هەڵاتووی ئێرانی لە بابەتی تەفرەشیان و ئیحسانی لەوانیتر زیاتر راڕایی و بێ متمانەییان دەنایەوە..

5- ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەت و تایفەی خۆ وڵاتی کە لە رابردووی خۆیان دەترسان.

6- بەکرێگیراوان و جاسوسانی عێراقی لە نێویاندا بوون کە هەڵبەتە ئەوانە حەزیان نەدەکرد دەوڵەتی شاهەنشایی پێگەیەکی باش لە نێو کوردەکاندا پەیدا بکا.

7- لایەنگرانی نهێنی قازی محەمەد.

8- پایەخوازی و خۆخوازی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفاو هۆگریی کەسانی بارزانی بەچەك کە چەك دانانیان تا لە سێدارەدان بەخراپ تر دەزانی. هەروەکو تێبینی دەکرێ بەربەرەکانیی لەگەڵ هۆکارەکانی سەرەوە کارێکی دژوار بوو. دواجار وا پێویست بوو کە ئۆپەراسیۆن دژی بارزانییەکان دەست پێبکا. بۆ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆن بارزانییەکان لە ناوچەیەکی بچووکتردا کۆبوونەوە. لەوکاتەدا (مەلا مستەفا) بەرەو مەرگەوەڕ کەوتەڕێ تا بڕیاری کۆچکردنی هۆز لەوێ رابگەیەنێ و دەیانگوت کە لەمەرگەوەڕەوە لە خاکی ئێران دەچێتە دەرێ.



بەڵام دەرکەوت (مەلا مستەفا) لە مەرگەوەڕ سەرقاڵی بەندوبەستە لەگەڵ تەها هەرکی و زیرۆ هەرکی و رەشید بەگ نوری بەگ و شکاکەکان.

## ئۆپەراسیۆنەکانی کاروانەکانی باشوور

**ئەلف:** ڕێکخستنی هەردوولا لە رۆژی پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان 25/12/23بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:

1- **هێزەکانی سوپای شاهەنشایی:**

دامەزرانی هێزەکانی کاروانی باشوور لە رۆژی 25/11/23 بەشێوەی خوارەوە بوو:

1- یەك فەوجی پیادەی لیوای 12ی کرماشان بە فەرماندەیی رائید کەبیری لە تازەکەند لەگەڵ دوو سەربازهەڵگر و یەك دەستەی 75ی بە ئاراستەی چاودێری وەزنە- قەرەبلاغ — یونسلی - حەلەبی- کەویك.

2- فەوجی 2ی لیوای 32ی کرماشان بەفەرماندەیی عەقید زرێپۆشی لەگەڵ یەك تۆپی 105 و چوار سەربازهەڵگر لە نەغەدە.

3- فەوجی سوارەی لیوای 5ی لورستان بەفەرماندەیی عەقید ئەنساری لە قەڵاجوق و هەنهەنە.

4- فەوجی پیادەی هەمەدان بە فەرماندەیی رائید کلاشی لەگەڵ پەیوەست بوونی یەك کەتیبە تۆپی 75ی، و یەك دەستەی هاوەن لە سۆفیان (یەك سریەی ئەم فەوجە) لە شین ئاباد بوو).

5- سەرەڕای ئەم هێزانەی سەرەوە، دەستەیەك سوارەی عەشایریی کە لە عەشیرەتگەلی جۆربەجۆری دیبوکری، شاروێران قەرەپاپاخ، عەباسی و مەنگوڕ پێکهاتبوو. لە ژێر دەسەڵاتی کاروانەکانی باشووردا بوو کە لەم پێگانەی خوارەوە دامەزرابوون:

1- ژمارەیەکی 300 نەفەری سوارەی مەنگوڕ لە ژێر سەرپەرشتی مولازمی یەکەم نەوبەهار لە نەلۆسی، حەسەن ئاباد، دەگورجی.

2- ژمارەیەکی 200 نەفەری سوارەی دیبۆکری و شارویرانی بەسەرپەرشتی نـەقیب محسنی لە قەلاجوق.

3- ژمارەیەکی سەدکەسی لە قەرەپەپاخ لە تازەکەندو کاریز.

**2- بڵاوبوونەوەی بارزانییەکان:**

1- ژمارەیەکی 150 نەفەری تفەنگچی هەڵبژاردە چەکدار بە تفەنگ، ریزهاوێژی قورس و سووك و ئافتومات و نارنجۆك لە وەزنەو قەرەبلاغ.

ژمارەیەك تفەنگچی سێ سەد نەفەری بەتفەنگ و ریزهاوێژی قورس و سوك و ئافتومات و نارنجۆك لە سیر ئاباداو ئالوگوز قەڵاتان.

- ژمارەیەك تفەنگچی سەد کەسی لە دە شەمس لەگەڵ تۆپێکی 75ی.

تێکرای ئەو هێزە سێ قۆڵییە لە ژێر فەرماندەیی ئەحمەد ئاغـای مێرگەسـور کە یەکێك لە سەرۆکە دیارەکانی بارزانییەکان بوو، دامەزرابوو.

2- ژمارەیەك تفەنگچی 200 نەفەری بەفەرماندەیی کوڕی شێخ ئەحمەد لە بوش ئاباد سەرکیس.

3- ژمارەیەك تفەنگچی سەد نەفەری بەفەرمانـدەیی کـوڕی مـەلا مـستەفا لـە سینگان.

4- پاشماوەی بارزانییەکانی تر کـە نزیکـەی 500 نەفـەر بـوون لەگـەڵ خـودی شـێخ ئەحمەد، شێخ سلێمان، ئەفسەرانی عێراقی و ئەفسەرانی ئێرانی لە شنۆ بوون.

سەرەڕای ئەوە لە زۆربەی دێهاتەکاندا ژمارەیەك تفەنگچی لەگەڵ خێزانەکانی بارزانییەکان هەبوون.

**بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆن:**

ئۆپەراسیۆنەکانی کاروانەکانی باشور لـە ژێـر فەرمانـدەیی خۆمـدا وەك لـە خوارەوە راڤەکراوە بەڕێوەچوو:

کاتژمێر 25/12/23 فەرماندەی فیرقە بە تەلەفۆن فەرمانیدا کە ئۆپەراسیۆن لە تەواوی شەڕگەکاندا لە بەرەبەیانی رۆژی 24ی دژی بارزانیەیکان دەستپێبکا.



کاتژمێر 21 و دە دەقیقە ئەرکانی ئۆپەراسیۆنەکانی کاروانەکانی باشـور لـە نەغەدە پێکهات، و بڕیاری خوارەوەی وەرگرت و فەرمانی جێبەجێکردنی دەرکرد:

1- لە یەکەمین تێسرەواندندا وەزنە و قەرەبلاغ و بەرزاییەکانی خان تاووس، وێڕا بەوەرگرتنی ئامادەباشییەکی تەواو کە سەد لەسەد ئەو سـەر کەوتنـە بـەدی بهێنێ. لە ژێر چنگی بارزانییەکان بێنێتـەدەرێ و هەرەشـەکردن لـە جـادەی نێوان مهاباد- رەزاییە بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێنێ.

2- دەهلیە و سلدوز لە دەستی ئەوان بێتە دەرێ و بەرەو پشتی دەربەند بڕەتێنرێن.

3- لەلای نەڵوسەوە هەندێك خۆدەرخستن ئەنجام بـدرێ تـاکو پـشتەوەی شـەڕگە کـە بەکردەوە بارزانییـەکان لەسـەر سـێ خـەتی سـلدوز هەرەشـە دەکـەن، سـەرنجی بارزانییەکان بۆ ئەو نوختەیە کێش ببێ و نـەتوانن لـەلای سـلدوز و وەزنـەوە کـە ئامانجی بنەرەتییە، خۆیان بەهێز بکەن. بۆ ئەم مەبەسـتە (عەقیـد روکـن عـەلی ئەکبەری غەفاری کە لە ئەفسەرانی ئازاو بەرپرسـیارە، بـە فەرمانـدەی کـاروانی تازەکەند هەڵبژێردراوە و رائید کەبیری لەگەڵ فەوجی ئەوێ و دەسـتەی 75 و دوو نەفەرهەگری جەنگیی و 100 نەفەری قەرەپاپاخ بەو سپێردراوە.

فەرمان کراوە بـە عەقیـد ئەنـساری کـە بەکـەڵك وەرگـرتن لـە تـەواوی سـوارانی عەشیرەتەکانی دیبوکری و شاروێرانی و سوارەی لوڕسـتان لەگـەڵ یـەك سـەربازهەڵگر و پشتەوانیی تۆپهاوێژی 105ی کورت و یـەك کەتیبـەی 75 بـۆ گـرتنی قـوراو دهلیـز و سلدوز هێرش بکەن.

فەرمان بە رائید کلاشی کراوە 300 نەفەر سوارەی مـەنگوڕ هـەڵبگرێ و لـەلای سینگانەوە دەست بەکاربێ. لە حاڵێکدا بەرگری نەبوو قەڵای ئەوێ داگیر بکا.

## داگیرکردنی قەلعەخان و تاووس و وەزنێ

عەقید غەفاری کاتژمێری 22 بەرەو تازەکەند جولاوە، و لە شەوێکی بارانیدا کە تا بەرەبەیان بەتوندیی باران دەباری لە جولانەوەیەکی شەوانەدا لە ڕێگەی ژمارەیەکی تێکەڵاو لە پیادەکانی قەرەپاپاخ و سەربازانی کرماشان، قەلعەخان و تاووسی بێ ئەوەی لەگەڵ دوژمندا رووبەڕوو بێ، داگیرکردووە و سپێدەی رۆژی 24 بەهاوکاری تۆپخانە و جولانەوەی سەربازهەڵگرەکان کە لە نێو قورولیتەدا بەدژوارییەکی بێ بڕانەوە وە بەرەو پێش دەچوو، هێرش بۆ سەر وەزنە دەستی پێکرد. ئاوایی وەزنە، وێڕای لێدانی زیانێکی قورس لە دوژمن کە شەش نەفەریان (وێڕای ئەو دەمارگیرییە کە بۆ بردنی تەرمەکانی خۆیان هەیانە) لەو جێیە بەجێمابوو، داگیرکرا لەو دەمەدا ژمارەیەك لە بارزانییەکان کە لە شەیتان ئاباد بوون لەگەڵ دەنگی تۆپەکاندا بۆ بەهاناهاتنی وەزنێ رایان کردو لە قەلعەکوروك خان، تاووسیان خستە ژێر هێرشی خۆیان و تفەنگدارانی قەرەپاپاخیان بۆ دواوە شکاندەوە. جێگر ئەفسەر تەیموری کە لە شەوی پێشوودا. ئازایەتییەکی زۆری نواندبوو شەهید بوو. بەڵام سریەی سێیەمی فەوجی کەبیری لە ژێر فەرماندەیی مولازمی یەکەم ناسری پور کە ئاراستەی جوڵانی ئەو قەلعەخان و تاووس بوو، لەکاتی خۆیدا دەگاتە ئەوێ و شەرەنگێزان پەرت و بڵاو دەکا و قەلعە مەحکەم دەکا و سەربازهەڵگری نەقیب رەجەبیون ئەویش خۆی دەگەیەنێتە قەلعە، و سریەی پیادە بەهێز دەکا و وەزنە و خان تاووس بۆ هەمیشە لە ژێر چنگی بارزانییەکان دەردێنن.

پاش چەندین جار لە رۆژانی داهاتوودا ئۆپەراسیۆنی بارزانییەکان بۆ گرتنەوەی وەزنە و خان تاووس بە چەند هێرشێکی سەخت دەستی پێکرد، بەڵام هەرجار فەوجی ئازای رائید کەبیری وێڕای زیان لێدانی قورس ئەوانی دەشکاندەوە.



## گەمارۆدانی نەلوس و شەهید بوونی رائید کلاشی

گوندەکانی ئارنە، قەڵاتان، پیاچیگ و قەڵای چواربت لە ناوەندی شەڕگە کەوتوونەتە ژێر رکێفی عەقید ئەنساری و سوارانی عەشایری لەوێدا دامەزراون. لەلای نەڵۆس سوارانی مەنگوڕ بەچاپوکییەوە لە رووبار پەڕیونەتەوە بەڵام بێ ئەوەی سەرنج و پشکنین لە گوندەکانی لای چەپی خۆیان بدەن هەر بە حاڵی سوارییەوە خۆیان دەگەیەننە نوختەی دوو سەد مەتری قەڵای سینگان. لە ناکاو یەك جێ دەکەونە بەر گوللەبارانی توندی تفەنگ و رێژهاوێژەوە و پاش ئەوەی چەند کەسێکیان لە دەست دەدەن بۆ دواوە دەشکێنەوە و لە کاتی پاشەکشێش دا لەلای چەپیانەوە لە گوندەکانی حەسەن ئابادو پوش ئابادەوە دەکەونە بەرپەلاماری گوللە بارانەوە و بەئاراستەی بەرزاییەکانی باشور لە چاو وون دەبن. بارزانییەکان کە بە غافڵ گیرکردنی سوارانی مەنگوڕ وورەیان بەرزبۆوە پەلاماری خۆیان بۆ سەر نەڵۆس فراوان دەکەن و لەگەڵ هێزی رائید کلاشی کە پێکهاتبوو لە یەك فەوجی پیادە، ریزهاوێژی قورس، یەك دەستەی تۆپی 75ی و یەك دانە تۆپی هاوەن رووبەڕوو دەبن. ناوبراو ئاوایی چۆڵ دەکا (ئەم کارە هەڵەیەکی سەربازی بوو) و پەنا دەباتە بەر بەرزاییەکانی باشوری نەڵۆس. بارزانییەکان بە وەرگرتنی هێزی پاڵپشتی لە شنۆو ئەو هێزانەی کە لە شەڕگەی سڵدوز پاشەکشێیان پێکرابوو، گوشاری خۆیان زیادکردوو هێزی رائید کلاشی تا بەرەبەیانی رۆژی 25 گەمارۆ دەدەن.

لەو کاتەدا رائید کلاشی داوای هاوکاری کردووە. لە نەغەدە هیچ جۆرە هێزێکی یەدەگ کە رەوانە بکرێ نەبوو و تەواوی یەکەکان لە خەتدا بوون و جگە لە سریەی پیادە لە فەوجی رائید زرێپۆشی کە لە نەغەدە پاراستنی پاسگای فەرماندەیی و تۆپخانەی بەئەستۆوە بوو. ناچار فەرمان بە فەوجی پیادەی رائید زرێپۆش درا کە فەوجی سوارەی لوڕستان لە قەڵاجوق بگوڕێ، و فەوجی سوارە کاتژمێر 5ی رۆژی 25 بۆ بەهێزکردنی نەڵۆس بکەوێتە جووڵان.

عەشیرەتەکانی شارویرانی کە تاکو خۆرئاوای رۆژی 24 قەڵای چواربت لە ژێر دەستیان دابوو، خائینانە پاش رووداوی نەلۆس هەر هەمان شەو قەڵای ناوبراو بەجێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ گارنە. لە ئەنجامدا بارزانییەکان دەسبەجێ قەڵای چواربت و ئەو بەرزاییانەی کە بەسەر جادەی نەغەدە - خانەدا دەیڕوانی داگیر دەکەن و بەیانی رۆژی 25 عەقید ئەنساری بەمەبەستی خۆلادان لە پێك هەڵپڕژان و گەیشتنی بەپەلە بۆ هانای نەلۆس و ئەنجامدانی ئەرکی راسپێردەی خۆی بەجولانەوەیەکی وەرسوڕانەوە بە ئاراستەی سەروکانی سۆفیان دەست پێشکەری دەکا و لە ئەنجامدا نەیتوانی کە لەکاتی خۆیدا بگاتە نەلۆس.

فەرمانی جولانی فەوجی رائید مەساوات بۆ بەهێزکردنی کاروانەکانی باشور لەلایەن فەرماندەی فیرقەوە بۆ مهاباد دەرچووبوو و فەوجی ناوبراو بەرەو نەغەدە جولانی خۆی خستبووە رێ.

عەقید غەفاری کاتژمێر 13 رۆژی 25 لە وەزنە ئامادە دەبێ و لەگەڵ فەوجی پیادەی رائید مەساوات کە لە کاتژمێر 5 . 15ی هەمان رۆژ چووە ناو نەغەدەوە، لەگەڵ دوو سەربازهەڵگر، یەك دەستەی 105ی کورت بۆ بەهێزکردنی شەڕگەی سۆفیان بەڕێ کرا.

عەقیدی ناوبراو لەگەڵ کاروانی بارکراوی خۆیدا کاتژمێر 16 گەیشتە گارنە و کاتژمێر 5 . 16 تۆپخانەی ئەو کەوتە کار. رێگای شوسە بەهۆی بارزانییەکانەوە گیرابوو، و لە ئەنجامی پشکنین بە سەرباز هەڵگرو زرێپۆش دەرکەوت کە ئەوێ بەمەحکەمی داگیرکراوە بۆیە عەقید بڕیاردەدا بۆ خۆلادان لەهەر جۆرە کارێك کە دڕدۆنگی لە سەرکەوتنی ئەودا بێنێتەکایەوە و ساتمەیەکی نوێ بۆ وی پێك بهێنێ، هێرشی خۆی و کردنەوەی رێبازگەکە بۆ بەرەبەیانی رۆژی 25/12/26 دوادەخات.

بەیانی رۆژی 26 دەمی سپێدە هێرش کردن بە هاوکاری تۆپخانە و هاوڕێیەتی ئۆتۆمبیلی سەربازهەڵگر، بەخۆ دەرخستن لە قۆڵی راست و هێرشی بنەڕەتیی لە قۆڵی چەپەوە لەلای چواربتەوە، دەست پێدەکا، لە کاتژمێر 11 قەڵای بت داگیر دەکرێ، و دوژمن، وێڕای پێکەوتنی زیانێکی قورس لە چاو وون دەبێ.



لێرەدا بوێرییەکی وا لە بارزانییەکان دەکەوێتە بەرچاو کە رەنگە لە مێژووی سەربازیدا هاوتای نەبێ. (ئەمە دانپێدانانێکی شەریفانەیە - ئیحسانی) چونکە دوو کەس لەوانە لە نێو سەنگەری خۆیاندا بەئەندازەیەك بەرگرییان نواند کە پتر لە 200 گوللە یان لە (تاقیلەکە)دابوو تەنانەت لوولەی تۆپی 37ی ناقیلەکە کون بووبوو وە بەزنجیرەکەی بەسەر ئەواندا تێپەڕی و کۆتایی بە بەرگری هێنا. لێرەدا هەم فیداکاری نەقیب رەجەبیون و مولازمی یەکەم ئاقارخ و هەم فەرماندەکانی نەفەر هەڵگرەکان و گوللە بارانی یەکجار وورد و کاریگەری نەقیب روکنیا فەرماندەی 105ی کورت شایانی سەرنج و وەبیرهێنانەوەیە. بەگیرانی چواربت رێگای چەورێژی خانە ئازادکراو، عەقید غەفاری فەوجی مەساواتی لەگەڵ یەك سەربازهەڵگر بۆ پاراستنی بەرزاییەکانی چواربت بەجێ هێشت و خۆشی لەگەڵ دوو سەربازهەڵگر و دەستەی 105ی کورت و دوو دەستە ریزهاوێژ و یەك دەستە پیادە لە فەوجی مەساوات بە فەرماندەیی نەقیب قەرەباغی ناردە سۆفیان و کاتژمێر 17 گەیشتە ناو سۆفیان و دەرکەوت کە لە کاتژمێر 15ی رۆژی پێشوو کۆتایی بەچارەنووسی رائید کلاشی و نەفەرەکانی فەوجەکەی ئەو لە نەلۆس، هاتووە.

## شەهیدبوونی نەقیب قەرەباغی

لە ئەنجامی رووداوەکەی نەلۆس وورەی سوارانی عەشایری کە رۆژی 24 تا خەتی دەربەند پێشڕەوییان کردبوو، هاتبووە خوارێ و بەخۆ دەرخستنێکی سەرەتایی کە لەلایەن بارزانییەکانەوە کرا گوندە داگیرکراوەکانی سلدوز تا خەتی قەڵاجوق و هەنهەنە و گوران ئاباد چۆڵ کران و لە ئەنجامدا دێهاتەکانی کە لە خۆرئاوای ئەم خەتەوە هەڵکەوتوون، کەوتە بەردەستی بارزانییەکان. سەرەڕای دەست پێشکەرییەکی چەند جارە بۆ سەر بەرزاییەکانی چواربت کە بۆ هەردوولایەی زیان لێکەوتنەوە بوو. بەتایبەتی بەنارنجۆك بۆ سەر پێگەی ریزهاوێژی قورس، شەوانە هێرش دەکرا و ریزهاوێژەکە لەکارکەوت بەڵام بەهۆی بەرگری بوێرانەی سەربازەکانەوە هێرشەکان تێك دەشکان و بەرەو دواوە دەشکێنرانەوە.

لە شەڕگەی سۆفییان رۆژی 28 دەست کرا بە هێرش و بەهۆی ئەوە کە ئەو رۆژە هەوا باران و قوڕ بوو سەربازهەڵگر، دەیدەتوانی بەباشی کاربکا و نەقیب تەوانکەران پێگەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو و لە ئەنجامی ئاگرباران کردنی ئەواندا نەفەرەکانی نەقیب قەرەباغی و خۆشی، بەرکەوتن و نەقیبی ناوبراو کە بەشەهامەتێکی بێ هاوتاوە دەیویست خزمەت بە سوپاو وڵاتی خۆی بکاو شانازیی بەدەست بهێنێ لەگەڵ چەند کەس لەسەربازەکان شەهید بوو و کەسانی ئەم هێرشە گەڕانەوە بۆ پێگەکانی یەکەمجاری خۆیان.

## گیرانی کەڵات ماران و گارنە

شەوی یەکەمی (فەروەردین 26) ژمارەیەك لە بارزانییەکانی پاسگای عەلیاوا بە مەبەستی دەست بەسەردا گرتنی گارنە کەوتنە جولان بەڵام سوارانی شارویران خیانەتێکی لاوەکییان کردو بێ پێکدادان چیای کەڵات ماران و گارنە یان چۆڵ کردو بەرەو بلاغچی هەڵاتن و لە ئەنجامدا چیای کەڵات ماران کە یەکسەرە جادەی چەورێژی خانە و رێگەی پەیوەندی سۆفیان و هەروەها خودی شارۆکەی نەغەدە (ناوەندی فەرماندەیی) دەخستە بەر هەڕەشە، کەوتە بن دەستی دوژمن.. گوشارێکی کە لەلایەن بارزانییەکانەوە دەکەوتە سەر بەرەی سۆفیان، هەرکات سەربازگەی ناوبراوی وادار دەکرد پێوستی بەبەهێزبوون هەبێت، لەلایەکی دیکەوە عەقید ئەنساری لەیەکێك لە راپۆرتەکانیدا بە بێتەل هەواڵیدا کە ئەگەر سۆفیان لە زەرفی ئەمشەودا بەیەك فەوج بەهێز نەکرێ چارەنووسی سۆفیانیش دووچاری هەمان چارەنووسی کلاشی دەبێتەوە.

... سریەی یەکی فەوجی 22ی کرماشان بە فەرماندەیی رائید یەمینی تا خۆرئاوای رۆژی 25/5/29 چۆتە ناو نەغەدەو کاتژمێر 7ی بەیانی رۆژی (26/1/1) ویڕا بە بەهێزکردنی دوو سەربازهەڵگر، یەك دەستە تۆپی75 لە ژێر فەرماندەیی عەقید غەفاری، بۆ هێرش کردن و گرتنەوەی چیای کەڵات ماران و ئازادکردنی جادەی چەورێژی خانە و رێگای ئامادەکاری سەربازگەی سۆفیان



کەوتۆتەرێ. هەینی کاتژمێر 7 هێرش پێدەکا و پاش بەرگرییەکی سەرسەختانەی دوژمن کاتژمێر 5 ـ 17 چیای کەڵات ماران داگیرو مەحکەم کرا.

عەقید بیگلەری فەرماندەی ئۆپەراسۆنی دژی بارزانییەکان لەوکاتە بۆ پلەی عەمید پلەی بەرزبۆوە.

## گەیشتنی هێزی یاریدە و هێرشی گشتی

تۆپهاوێژی 105ی درێژ گەیشتە ناو نەغەدە و لە گوللەبارانییەکانی رۆژی یەکەمی (فەروەردینی 26)دا بەشداری کرد. لە بەرواری (26/1/3 دوو فەوجی رەوانەکراو لە ناوەندی ژێر فەرماندەیی عەقید مەجیدی، داخڵی ناو نەغەدە بوو. داخڵبوونی ئەوانە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر وورەی خەڵك بەتایبەتی عەشایری خۆ وڵاتی دانا.

کاتژمێر 7ی بەرەبەیانی رۆژی (26/1/5) هێرش بەپشتیوانی دوو تۆپخانەی 105 مەودا کورت و درێژ، تۆپێکی 75 و چوار سەربازهەڵگر و سێ فەوجی پیادە بە هاوکاری و بەشداریی کاریگەری فڕۆکە لە سلدوز.. بەتەواوی توانیاوە دەستی پێکرد. بەرهەڵستی دوژمن لە میراواو قەڵای میراوا سەرسەختانە بوو، بەڵام دواجار سەرباز هەڵگرە جەنگییەکان بە لێدانی زیانی قورس لە دوژمن پێشڕەوی کردنی پیادەیان ئاسان کردو کاتژمێر 15 قەڵای تان و کاتژمێر 17 بەرزاییەکانی پیرناسریان خستە ژێر دەستی خۆیان. لەرێگەی فەوجەکانی پیادەی رائید حەمیدی و رائید لەشکری لەم پێکدادانەدا مولازمی یەکەم رەئوفی بریندداربوو و ژمارەیەك سەرباز کوژران و شەهید بوون و لە دوژمنیش لاشەی دە کەس لەوێ بەجێ ماو نزیکەی 30 کوژراو بریندداریشیان هەبوو کە لەگەڵ خۆیاندا بردبوویان.

.... لەگەڵ کاتژمێر 5 ـ 11 دەستەکانی پیادەی عەقید مەجیدی گەیشتنە سەر بەرزاییەکانی پادار، دوژمن بە دەرفەتی تەواو و دڵنیایی لە قۆڵی چەپی خۆیەوە، فەوجەکانی بە ئاگربارانی توندەوە لەنێو بەردەلانەکاندا راگرت و سەرباز هەڵگرەکان بەهۆی لێژی نشێوەکەوە لەکاتی خۆیدا نەگەیشتن و لەسەر داوای

عەقید مەجیدی فەرمان درا بەپارێز لەوێ خۆیان بگرن و پێگە داگیرکراوەکان جێگیر و مەحکەم بکەن و بەیانی ڕۆژی دواتر درێژە بەهێرش بدرێ.

بەرەبەیانی ڕۆژی نۆیەم سەر لەنوێ بەپشتیوانی تۆپخانە و هاوڕێیەکی تۆپخانە و فڕۆکە کە بۆ یاریدە بەڕێکرابوون، دەست بە جولان کراو سەرەتا لەلایەن دوژمنەوە بەسەختی بەرهەڵستی دەکرا بەڵام پاش گەیشتنی سەرباز هەڵگرو ئاگری خەستی تۆپخانە و شەهامەتی یەکەکانی ژێر فەرماندەیی عەقید مەجیدی، دوژمن پاشەکشێی کردو یەکەکانی پیادە لە کاتژمێر 18 قوڵلەیان داگیرکرد. ئەم قوڵلەیە بەناوی دەشتی شنۆو دەشتە بێڵ ناوی هەبوو.

دوژمن هێشتاش زنجیرەی بەرزاییەکانی پاداری لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کەندوێڵ تا سێ ڕۆژ بەدەستەوە نەداو لێکدان درێژەی هەبوو.

## داگیرکردنی شنۆ

پاش داگیرکردنی نەڵوس دێهاتی باشوری ڕوباری گادەر، هەر لەخودی خۆیانەوە گیران و لەلایەن یەکەکانی خۆمانە و عەشایرەوە داگیرکران.

ڕۆژی 14ی فەروەردین بەگەیاندنی کەرەسەو تەواوکردنی پێداویستییەکانی جەنگی بەڕێکرا.

ڕۆژی (15ی فەروەردین) وێڕای سەرباز هەڵگرەکان و گشت سوارانی مەنگوڕ، بەدووداچوون و کەڵك وەرگرتن لەپێگەی دروستی شنۆ دەستی پێکرا، کاتژمێر 18 شنۆ بەلێکدان و پێکدادان لەبەرزاییەکانی باکوری ئەوێوە کەوتە ژێر چنگی کاروانەوە. سەربازهەڵگری سوپای شاهەنشایی و یەك دەستەی سوارە لە فەوجی سوارەی لوڕستان هەوەڵینی ئەو یەکانە بوون کە چوونە نێو شنۆوە.

کاروانی عەقید مەجیدی ئەویش لە قۆڵی کەندەوێن پاش لێکدان و پێکدادان، ئەحمەد ئاغای مەرگەوەڕییان بە ئاراستەی ئاق بلاغ بۆ دواوە شکاندەوە.

بارزانییەکانی شنۆ لەگەڵ هەموو سەرۆکەکانی خۆیاندا کە سێ ڕۆژ پێشتر دەستیان بەچۆڵکردنی کردبوو لە قۆڵی گەلاس بەرەو ئاراستەی سنوری تالار کشانەوەو تێکشکان.



... ڕۆژی (30ی فەروەردین) لە ئاکامی لێدان و گوشاری پەیتاپەیتادا دوایین کەسی بارزانی لە ڕوباری گادەرچای کە بەگادەریش ناودەبرێ پەڕینەوە و بەیانی ئەو ڕۆژە لەسەر هێڵی دالامپەر کەسنوری نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێرانە پەڕینەوە و بەرواڵەت ئۆپەراسیۆنی بارزانییەکان کە ماوەی 15 مانگ درێژەی کێشا، کۆتایی هات.

لەو ماوەیەدا سوپای شاهەنشایی ئێران بە زیانی بیست ئەفسەر (8 کوژراوو 12 ئەفسەر) و نزیکەی 80 پلەدارو 120 سەرباز شەهید و ژمارەیەك کوژراو لە کوردەکانی لایەنگری دەوڵەت کە لە نێو ڕیزی سوپاییاندا دەجەنگان، توانی هەموو هۆزو خێزانەکانی بارزانی کە تیرەیەکن لە هەرکییەکانی عێراق... لەخاکی وڵات بکاتە دەرێ.

***

هەموومان دەزانین کە جارەهای جار (مەلا مستەفا) ڕایگەیاندبوو کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەخاکی ئێرانەوە نییە تا لە پێناویدا بجەنگین. ئەو گوتبووی کە ئێمە عێراقین و سورین لەسەر ئەوەی کە پاش توانەوەی بەفری کوێستانەکان خاکی ئێران بەجێ بێڵین و بۆ وڵاتی خۆمان بۆ عێراق بگەڕێینەوە. کەوابوو دەبێ لە دەوڵەتی ئێران و بەتایبەتی سوپای شاهەنشایی! بپرسین کە ئەو هەموو لە دەست چوون و زیان و زەرەری ماڵی و مەعنەوی بۆ چ مەبەستێك بووە؟ ئەوان لە بەرامبەر کوژراوانی هەردوولا بەرپرسیارن و وەڵامێکی مەنتیقییان پێ نییە.

دوای پاشەکشێی بارزانییەکان کە ماوەی 13 ڕۆژ لە نێو سەرما، بەفرو بۆرانێکی لە باوەڕکردن نەهاتوو لە ناوچە کوێستانییەکانی ئێران بوون، هەموو ڕۆژێك لەلایەن فڕۆکەکانی ئێرانەوە هەروەکو نوقڵ و نەبات بۆمبایان بۆ هەزاران ژن و منداڵی بارزانی هەڵدەڕشت و بێبەزەییانە وەبەر دەستڕێژییان دەدان، گەیشتنە سنوری عێراق. هەروەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا شرۆڤە کراوە. ژمارەیەکی کەم لە کەسانی بارزانی کە لە حکومەتی عێراق بە سێدارە حوکم درابوون بەسەرپەرشتی و فەرماندەیی (مەلا مستەفا) خۆیان نەدایە دەست دەوڵەتی عێراق و بەچەکەوە چوونە نێو خاکی عێراقەوە و لە نەبەردی بوێرانە و نا بەرامبەر لەڕووی هێزی ئینسانی و کەرەسەی سەربازییەوە، بەردەوام بوون.

## کۆتایی ئەم رووداوە لە نووسینی عەمید بیگلەریدا دەخوێنینەوە:

رۆژی (6ی خورداد) کاتژمێر 14 لە ناکاو سوارێك لە ئارەقدا شەلاڵ خۆی گەیاندە ئەرکانی فیرقەی رەزاییەو رایگەیاند کە بارزانییەکان دووبارە هاتوونەوە نێو خاکی ئێرانەوە. ئەم جارەیان کۆمەڵێکی نزیکەی چوار سەد کەس، بەڵکو زیاتر کە تەنیا هەڵبژاردە بوون و ژن و منداڵ و شتگەلی دیکە کە دەست و پێیان بگرێ لەگەڵدا نەبوو. پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە رۆژی (30ی فەروەردین) کە بارزانییەکان بە فەرماندەیی (شێخ ئەحمەد بارزانی) برا گەورەی (مەلا مستەفا) کە پیاوێکی روحانی و جێگەی ئیمان و رێزی لە رادەبەدەری هۆزی خۆیان بوو چۆتە نێو خاکی عێراق و تەسلیم بە پاسەوانانی سنورو سوپای عێراق بووە و بەرەو کوێستانەکانی عێراق رێگایان گرتۆتە بەر بەڵام سەرانی هۆز بەتایبەتی (شێخ ئەحمەد) لەسەر بڕیاری دەوڵەتی عێراق دەبوایە لە بەغداد نیشتەجێ ببێ. **(مەلا مستەفا) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر... لە لاوانی بارزانی لە خۆبەدەستەوەدان خۆ دەبوێرن... لە واقیعدا شتێکی زۆر سەیرە ئەمە چ هێزێکە لەو پیاوە دایە کە پاش چوار ساڵ دەربەدەری کە دوو ساڵ لەگەڵ یەکەکانی سوپای عێراق لە جەنگدا بووە و دوو ساڵەکەی تریش لە ئێران یان لە حاڵی ئامادەیی بۆ جەنگ یان لە حاڵی جەنگدا بووە، کەچی دیسانەوە شوێنکەوتووانی ئاوا کوێرانە بەگیان و دڵ فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن، و چاوپۆشی لە ژن و کوڕو هۆزو بنەماڵەی خۆیان دەکەن و لە چیاکانی پڕ لە لێڕو جەنگەڵی بارزان لەگەڵ (مەلا مستەفا)دا هاو ئاهەنگی دەکەن و خۆیان پەنا دەدەن.**

دەوڵەتی عێراق بەهۆی ئەوەی کەوا دانوستاندن لەگەڵ (مەلا مستەفا) بەبێ ئەنجام دەبینێ دەکەوێتە سەرباری سەرکوتکردنی... ماوەی 20 رۆژ سێ گروپ فڕۆکەی جەنگی ئەوانی بۆمباران کردبوو و لەریشەوە دەری هێنابوون پاش ماوەیەك بیروراوێژکردن بڕیاردەدەن داخڵی خاکی ئێران بن و بەم (چوونە دەرەوە و دووبارە هاتنەوە بۆ ناو ئێران 34 رۆژ درێژەی کێشا) شێوەیەی خوارەوە کە شرۆڤە کراوە کاربکەن:



1- ئەگەر دەرەتان هەبوو کە دڵنیایی وەربگیرێ بەبێ چەك دانان لەوێ نیشتەجێ بن...

2- ئەگەر وەرگرتنی دڵنیایی لە توانادا نەبێ بەرێ پێوانی شەوانە خۆیان بگەیەننە ناوچەی چیاکانی ماکو...

3- ئەگەر هیچکام لەوانە دەرەتانی نەبوو خۆیان بگەیەننە خاکی سۆڤێت و پاش دووبارە خۆسازدانەوە سەر لە نوێ بگەڕێنەوە...

لەبەر ئەوەی کوردانی ناوچەیی هەندێك لەڕووی ترس و هەندێکی تریان لەڕووی دەمارگیرییەوە بۆ بارزانییەکان هاوکارییان دەکردن، مانای بێ بەرامبەر نانیان دانێ (خواردنی بارزانییەکان لە ماوەی 20 رۆژ رێپێوان بەنێو خاکی ئێراندا تەنیا نانی رووت بوو و بەس ئەویش بەبڕێکی کەم) و رێنوێنیان کردن، و نهێنییەکانیان دەپاراستن، مانای لەکاتی خۆیدا زانیارییان نەدەدا بەئێمە. بەو پێیە پشت ئەستوری (مەلا مستەفا) بەکوردە ئێرانییەکان کارێکی بێ مەنتیق نەبووە.. (مەلا مستەفا) دەیزانی کە لە سنوری دالانپەرداغ چوار فەوجی پیادە کە بەتۆپخانەو تانك بەهێز کراون، دامەزراون و پەڕینەوە لە روبار، گادەر چای و نەبەرد لەگەڵ ئەو چوار فەوجەدا یەکجار دژوارە، بڕیارێکی بوێرانە دەدا، مانای کە لە هەمان ناوچەی دالانپەر داغەوە بچێتە ناو خاکی تورکیاو پاش کوشتارو چەك داماڵینی پاسگایەکی تورکی سێ رۆژ لەو سەر زەوینە شەوانە رێپێوانە دەکاو لە نزیك ئاوایی ئەنبێ، ناوەندی ناوچەی تەرگەوەڕ و دەشت سەردێنیتە دەرو لەو جێیەوە کە سنوری سێ دەوڵەت بەیەك دەگەن نزیکەی 50 کیلۆمەتر هەورازتر بوو ماوەی سێ رۆژ ئەم کۆمەڵە لە نێوان شەش سەد تا حەوت سەد نەفەرە (ژمارەی بارزانییەکان شەش سەد یان حەوت سەد نەفەر نەبووە - ئیحسانی) لە نێو خاکی تورکیا مانەوە و وێڕای ئەوەش کە پاسگایەکی 8 کەسی تورکەکانیان لە بەین بردبوو، تورکەکان بێدەنگەیان لێکردو ئاگاداری ئێمەشیان نەکردەوە.

هەرکە بارزانییەکان گەیشتنە ئاوایی بێ پاسەوانی ئەنبێ چەند کەسێك کە یەکێك لەوانە نوری بەگ سەرۆکی خێڵی بەگزادە کە تیرەیەکن لە هەرکی، سواری

ئەسپ دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە رەزاییە و راپۆرتیدا کە بەرەبەیانی رۆژی (2ی خورداد) 26 لە بارزانییەکان هاتوونەتە نێو خاکی ئێران و لە ئاوایی ئەنبێ شەو ماونەتەوە و بۆ چاووڕاو رایانگەیاندووە کە هاتووین تەسلیم ببین بەڵام ئەو خۆی باوەری وابوو کە لەوانەیە ئاسوری و کوردەکانی ئێران لێیان جیاببنەوە و دووربکەونەوە. بەڵام بارزانییەکان کە چوار سەد نەفەری هەڵبژاردە و چەکدار بەتفەنگ و ریزهاوێژی سوك وریزهاوێژی دەستی و نارنجۆك، هەروەها یەك دانە ریزهاوێژی قورس کە لە ئێستر بارکراوە، ئەوا تەسلیم نابن.

فەرمان درا فەوجی شەشی پیادەی ئازەرباد لەگەڵ یەك تۆپخانە و سەربازهەڵگر، جەنگیی هەرچی خێراتر بەرەو سنور بکەوێتە جوڵان و لەسەر هێڵی مەوانا کە ناوەندی تەرگەوەڕ بوو بەربەستێك پێك بهێنێ و وێڕای بەربەست کردنی بارزانییەکان بۆ تێپەڕبوون بەرەو باکور، ئەوان سەرکوت و تارومار بکا.

کاروان کاتێك دەگاتە مەوانا کە لەوێوە تا رەزاییە 40 کیلۆمەتر مەودای هەیە، بارزانییەکان شەوەکی کەوتبوونە رێ وکاتژمێر 9ی بەیانی لە مەواناوە تێپەڕی بوون. فەرماندەی هێز فەرمان دەکا کە کاروان لە هەمان جێدا رابوەستێ و چاوەڕێی فەرمان بێ.

رۆژی (6ی خورداد) هەواڵ گەیشتە پایەمەزن شاهەنشا کەئەوکاتە لە تەورێز بوو، و بەپێی داواکاری فەرماندەیی عەقیدی دووەم نەفیسی ئازەر لە تەورێزەوە بەرەو خۆی بچێ و لە دۆڵی قتوور کەڵکی لێ وەربگیرێ..

ئەم هێزانە پلەبەپلە لە (خوی) مۆڵی خواردوو لەلایەکی ترەوە کاروانێکیش کە لە فەوجی سوارەی فەوزیە و یەك سریەی پیادە لە هەمان فەوجی 6ی ئازەرپادی شاپور مۆڵ دەبوو بۆ حاڵێك کە پێگەی قتوور سەرەنگون ببێ. ئەم کاروانە بە درێژایی دەریاچەی رەزاییە، باشور و خۆرئاوای شاپور، لەسەر چیا زۆر حەستەمەکانی چوارستون سەنگەر بگرن، هەڵبەتە نەخشەیەکی یەکجار بەرزبوو وە ئەگەر پێگەی چوار ستون چۆڵ نەکرابایە تێپەڕبوونی بارزانییەکان یەکجار دژواربوو.

پاش تێپەربوون لە روباری شەهرچای ئیتر تا دۆڵی قتوور بۆ رێگرتن بەتێپەڕبوونی بارزانییەکان پێگەیەکی گونجاو نەبوو. بارزانییەکان شەوانە



رێپێوانیان دەکردو رۆژانە لە نێو تیشە شاخەکان لە چاو وون دەبوون و دۆزینەوە و بۆمبارانی ئەوان تاڕادەیەك لە تواناداا نەبوو.

رۆژی (10ی خورداد) شاهەنشا فەرمانیدا کە ئۆپەراسۆن بێ دواکەوتن دەست پێبکا.

نەخشەی گشتی فەرماندەیی ئەوەبوو کە کاروانێکی زەڕبە وەشێن لەشاری شاپور پێك بهێنێ و پا ئەوەی کە بارزانییەکان لە دۆڵی قتوور یان پێگەی چوارستون راوەستان ئەم کاروانە لە قۆڵی راست و پشتی سەریانەوە هێرشیان بکاتە سەر.

عەقید نیساری کە فەرماندار سەربازیی رەزاییە بوو هەمان رۆژی (11ی خورداد) بەرەو قتوور جووڵاو سەنگەری بەرگری لەسەر روباری قەتور بەچوار سریە پێك هێنا. درێژی شەڕگەی ئەم چوار سریەیە لە سنوورەوە تا دەریاچەی رەزاییە نزیکەی 50 کیلۆمەتربوو. لەبەر ئەوەی رێبازگەی ناچاری بەرووی چیاکانی باشوری ماکو سنوردار بوو، دەرەتانی بەرگری بەتەواوی لەبەردەست و ئومێدەواربوو بە تایبەتی کە پانایی شەڕگەش لە 21 کیلۆمەتر بەولاوە زیاتر نەبوو.

فەرماندەیی هێز بە ئامادە بوونی من و هەموو کەسانی هێزو ئەفسەرانی تر لە خوی پێکهات و بڕیاربوو عەقید نیساری هەروا بەحاڵی پیادە بەرەو باکور بجوڵێ و خۆی بگەیەنێتە ماکو. یەکێك لە هۆکارەکانی وەرگرتنی ئەم بڕیارە نەبوونی ئامێر بوو. هیچ کاتێك لە بیر ناکرێ کە بۆ گواستنەوە و گوێزانەوەی سێزدە سریەی پیادە کە سەرجەمی هەموو هێزی کوردستان بوو و پێنج تۆپی 75 و سێ فەوجی سوارە تەنیا 16 کامیون لە ژێر دەسەڵاتدا بوو. ئەوەبوو کە کاروانی عەقید نیساری بەپیادە لە بیراهەوە بەرەو ماکو لە میحوەری سیەچەشمەوە کەوتەڕێ کە وێڕای ئەوەش بۆ ئەسپاب دان بەتفەنگدارانی ناوچەیی بەفەرماندەیی عەقید زاڵتاش، هاوکاری و کۆمەك بکا.

کاروانی عەقید سەردادوەریش بڕیاربوو بۆ ماکو بگوازرێتەوە و کاروانی زەڕبەوەشێن لەوێ پێك بهێنێ. بەهەمان ئامێرەکانی گواستنەوە کە باسی لێکرا جوولآن دەستی پێکرد.

کاروانێکی یەك سریەیی بەفەرماندەیی نەقیب یاسائی لە سیەچەشمەی بوو، بڕیار بوو ئەویش بەپێی توانا ئۆپەراسۆنی ئازەردەر ئەنجام بدا.

**رۆژی (16ی خورداد) هەلومەرج بەم جۆرە بوو:**

خەتی بەرگریی بازرگان شوت سازو ئامادەیە. کاروانی زەڕبە وەشێن وردە وردە خەریکە دەگاتە ماکو.

بارزانییەکان کە بەتەواوی لە چەندایەتیی و چۆنایەتیی هێزی کوردستان زانیارییان هەبوو، تێگەیشتن کە لە باشووری ماکو هێڵێکی بەرگریی یەکجار بەهێز پێکهاتووە و ئەوان دەبێ لەو هێڵە بپەڕنەوە تا داخڵی چیاکانی ماکو بن و لەلای بازەوە زانیارییان وەرگرت هۆزی جەلالی کە مایەی ئومێدی ئەوان بوو ئیدی لە ناوچەی خۆی نییە و بەرەو کوێستان کەوتوونەتە جوولآن و هەموو ئاواییە کوردنشینەکانی لێواری روباری (ئاراس)یان چۆڵ کردووە. بەگریمانەی ئەوەی کە بارزانییەکان لە هێڵی بەرگریی تێپەڕ بن لەو ناوچەیەدا سەرگەردان دەبن و لەوانەیە نەتوانن بگەنە رووباری ئاراس هەر بەو بەڵگانەوە ئەوان لە ناکاو هێڵی رێ رۆیشتنی خۆیان گۆڕێ، کەوانە کە تاڕادەیەك هاوشان بەسەر لێواری سنوری تورکیاوە رێیان دەبڕی لەناوچەی چاڵدیران لە ناکاو ئاراستەی خۆیان گۆڕی و بەرەو پەل دەشت لادەدەن و لە ئەنجامدا لەبەرئەوەی لەناوچەی کوردنشین دەڕۆنە دەرەوە زانیاری راستتر دەگەیشتە دەستی لەشکر.

کاتێك هەواڵی گۆڕانی ئاراستەی بارزانییەکان بەرەو پەل دەشت گەیشتە فەرماندەی کاروان، دیسانەوە فەوجەکانی باشوری ماکو جێگاکانی خۆیان بۆ ناوچەی شوت نەگوازنەوە چونکە مەترسی ئەوە هەبوو ئەوانە کە هەڵبژاردە بوون دیسانەوە ئاراستەی خۆیان بگۆڕن. لەسەر ئەو بنەمایە رۆژی (16ی خورداد)



فەرمان درا بە عەمید سەردادوەر کە کاروانی زەڕبە وەشێن بۆ شووت، بگوازێتەوە، لەڕووی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە، شوت پێگەیەکی گرنگی هەبوو چونکە خاڵی گرێدانی هاتوچۆی نێوان قەرەزیائەدین و پەل دەشت و ئینجا جلفاو ماکو و سیەچەشمە بوو.

فەرماندەیی کاروان، فەرمان بەعەقید زاڵتاش کە لە ناوچەی بیچیق و چاڵدێران بوو و لەگەڵ 20 تفەنگداردا لە جولآنەوەدابوو، درا، کە ئێوە ئەوەندە لە بارزانییەکان نزیکن، دەسبەجێ رووبەڕوویان بن و ئەوان رابگرن و راپۆرت لەسەر هەڵوێست بدەن تا لە رێگای کاروانی زەڕبەوەشێن بۆ سەرکوتکردنی ئەوان دەست پێشکەری بکرێ بەڵام عەقید زاڵتاش لەڕووی کێشانەکردنی تفەنگدارانی کەم نرخی خۆی لە ماوەی سێ رۆژدا کە دوابەدوای بارزانییەکان دەجوولا لە 15 کیلۆمەتر لە پشتەوەی بارزانییەکان نزیکتر نەبۆوە.

ئەعلا حەزرەت همایون شاهەنشا کە لەو دەمەدا لە هەرێمی ئازەربایجان بوو رۆژی (16ی خورداد) بەتیلگراف فەرمان دەدا کە ئەگەر فەرماندەی کاروانەکان تاکو 48 کاتژمێری تر رووبەڕووی بارزانییەکان نەبنەوە بەتوندی سزا دەدرێن. کاروانەکانی عەقید نیساری، عەقید زاڵتاش، نەقیب یاسائی و یەك کاروانی بچووکی دیکە ئەگەری رووبەڕووبوونەوەیان هەبوو بەڵام وا پێدەچێ کە خۆیان لاداوە.

رۆژی 18ی خورداد تیلگرافێکی تر لە ئەردەبیلەوە بۆ لەشکر لێ دەدرێ کە شاهەنشا بڕیاری فەرمووە هەر فەرماندەی کاروانێك ئەگەر لەگەڵ بارزانییەکان رووبەڕوو ببێ بەرزترین پاداشی پێ دەدرێ.

رۆژی 18ی خورداد، عەسر، فەرماندەی هێز لە شووت ئامادە بوو و بەعەقید سەردادوەر رادەگەیەنن کە بەپێی زانیاری و ئەنجامگیریی ئەوان، بەدڵنیاییەوە بارزانییەکان لە پەلیدڕەوە کە لە 15 کیلۆمەتری باشوری شوت هەڵکەوتووە، داخڵی دەشتی شوت دەبن، مانای بەرەو رووی ئێوە دێن. بەو پێیە ئێوە راسپێردراون بۆ تەواوکردنی کاروان لە شوت رابوەستن و کاتێك زانیاری گەیشت کەئەوان بەرەو پەلیدرە دێن، ئێوە بەرەو ئەوێ بجولێن و ئەو دۆڵە بگرن و ئەگەر

دەرەتان بوو ئەوان سەرکوت و قەڵاچۆیان بکەن. بەڵام ئارەزوویان دەکرد بێ ئەوەی زیانێك بە سەربازان بگا ئەوان سەرکوت و قەڵاچۆ بکرێن لێرە روانینی سەرلەشکر (لیوا) هومایونی وەك هەمیشە راست بوو.

رۆژی 19ی خورداد کاتژمێری 6 بەیانی زانیاری بەعەقید سەردادوەر دەدەن کە جولانەوەی بارزانییەکان بە ئاوایەکە کە ئەمڕۆکە حەتمەن دەگەنە یەلی درە. ئەمە بەڵگەی ناوێ کە لە باکوری ئاوایی شوت تێدەپەڕن.

کاروان لە کاتژمێر 8ی بەیانی لە شوتەوە کەوتە جووڵان. بەکردەوە فەرماندەیی کاروان بەئەستۆی رائیدی پیادە نەسرەت!.. والی بوو کە فەرماندەیی فەوجی بەئەستۆوە دەبێ لەبەرئەوەی بڕیار وابوو لە کاتژمێر 9 فەرماندەیی هێز لە شوت ئامادە ببێ و راوێژ بەڕێوە بچێت. سەردادوەر لە چاوەڕوانیی دیدار لەگەڵ فەرماندەی هێز لە شوت دەمێنێتەوە کاتژمێر 9ی بەیانی لیوا هومایونی لە شوت ئامادە دەبێ و فەرمان دەردەکا کە عەقید سەردادوەر دەسبەجێ بکەوێتە جووڵان. ناوبراو بەخێرایی بۆ جێگای خۆی دەکەوێتەرێ و پاش بڕینی 12 کیلۆمەتر لە ناکاو دەنگی تەقەی گوللەباران کە هەرچەند بەرەو پێشتر دەڕوا زیاتر دەکەوێتە بەرگوێ. ماوەیەك کە زیاتر دەڕواتە پێشەوە سەرنج دەدا کە رائید والی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی شایستە کاروان بەڕێوەببات و رابەرایەتی بکا. کەسانی جۆربەجۆری کاروان هەر کامیان لەلایەکن. ژمارەیەك لەپێشەوە لەگەڵ دوژمن تێك گیراون و ژمارەیەکی تر لە گۆشەو پەنایاندا بێکارو بێچارە ماون.

چاوی فەرماندەی بێ نرخی سوارە دەکەوێ و دەبینێ کە بەجۆرێك دەست و پێی خۆی وون کردووە کە تەنانەت ناتوانێ هەڵوێستەکە روون بکاتەوە. لەوێ بەرەوبەرزاییەکی دیکە دەچێ کە تۆپخانەکەی لێیە. نەقیب کوپال فەرماندەی ئاگر هاوێژی تۆپخانە کە ئەفسەرێکی بوێر بوو بەچەند رستەیەك عەقیدی ناوبراو لە رووداو ئاگادار دەکاتەوە، ودەردەکەوێ کەکاتێك بارزانییەکان داخڵی یەلی درە بوون، چاویان بەجووڵانی کاروان، کە لە چوار تانك پێکهاتووە، دەکەوێ و دەسبەجێ خۆیان لە نێو بەردەڵانەکانی چیادا لە زەوی دەدەن و بەشارەزاییەکی



سەرسوڕهێنەر کە لە خۆ شاردنەوە هەیانبوو خۆیان نەدیو دەکەن و لە بۆسەدا خۆ مات دەکەن.

فەرماندەی کاروان رائید والی لە جیاتی ئەوەی کە بۆ ناسین و تێك گیران لەگەڵ دوژمن کەڵك لە کەتیبەی سواران وەربگرێ، لەبەرئەوەش کە بارزانییەکان خۆیان دەرنەخستبوو فریوی ئەم بێدەنگییەی ئەوان دەخواو بەهەردوو سریەکەیەوە و بەدوو قۆڵی ئاوەڵاوە بەرەو پێشەوە دەچێ و لەناکاو دەکەوێتە بەر باری ئاگربارانێکی توندەوە.

لە نەبەردێکدا کە لە کاتژمێر 11ی بەیانی تاکو 4ی دوای نیوەڕۆی 19ی خورداد روویدا، 50 کەس لەدەست دەدەن کە 24 لەوانە کوژراووو ئەوانی دیکەش بەتوندی بریندار دەبن، بەجۆرێك کە هەندێك لە سەربازان سێ گوللە و چوار گوللەیان پێوەبوو. سریەی نۆیەم کە لە قۆڵی راست بوو تاڕادەیەك لە بەین چووبوو. بەتایبەتی کە نەقیب بخردنیا فەرماندەی سریە لە ئەنجامی تەقینەوەی نارنجۆکدا چاوەکانی خۆی لە دەست دابوو.

لەو کاتەدا عەقید سەردادوەر فەرمان بەنەقیب کوبال دەدا کە بەتۆپەکان ئاگرباران دەست پێبکا. بە تەقاندنی 25 گوللە تۆپی 75 و نزیکەی هەمان ژمارە لە هاوەنی 81، بارزانییەکان کە راوەدووی سریەی لێك بڵاوبوویان دەنا، راگرت، و تا هەوا تاریکی کرد گوللەباران لە هەردوولا درێژەی هەبوو.

کاتژمێر 2ی دوای نیوەرۆ لە گەرمەی شەڕدا لە رێگەی پەیکەوە (بێتەل نەبوو) لەلایەن عەقید سەر دادوەرەوە راپۆرت دەگات و بەشێك لەژێر فەرماندەیی عەقید غەفاری لەگەڵ ئامێرێکی سەرباز هەڵگری جەنگیی بۆ یاریدەی سەردادوەر دەنێرن. ئەم فەوجە لە تاریکی شەوی 19 لەسەر 20 لە جادەی نێوان ماکو و شوت گیرۆدەی بارزانییەکان بوو و بە نارنجۆك زیانێکی بەرچاویان لە نەفەرەکانی نێو کامیونەکان کە سەربازیان هەڵگرتبوودا.

لەکاتی پەڕینەوە لە جادە بنکەیەکی ژاندارمری (پۆلیس) ئازایانە لەگەڵ بارزانییەکاندا جەنگابوو و توانیبووی دوو ریزهاوێژی سووك بەدەسکەوت بگرن لەگەڵ چەند نەفەرسەرباز کە بەدیل گیرابوون ئازاد بکەن، بەڵام بارزانییەکان لە

تاریکیدا جادەی نێوان شوت- ماکۆیان بڕی بوو و لە قەرەتەپەوە داخڵی چیاکانی ماکۆ دەبن. بەو پێیە ئەو بەشەی کە بۆ یاریدەدان چوبوو بەرهەمێکی نەدا کاتێك بارزانییەکان داخڵی چیاکانی ماکۆ دەبن دیسانەوە نەخشەیەکی یەکجار باش لەلایەن فەرماندەیی هێزەوە بڕیار دەدرێ، دوو کاروانی بەهێز هەر کامیان لە چوار فەوجی پیادە، سریەیەکی سوارە، چوار سەربازهەڵگری جەنگیی، یەك دەست تۆپخانە لەگەڵ کەمترین باروبارگە پێکهات و ئەوان لەسەر شێوەی مەنگەنە لە دوو لای چیاکانەوە دەستیان کرد بەجوولان و لە جێگایەك کە پاشان دیاری دەکرێ بەیەك بگەن. بەو پێیە هەمان شەوی بیستەم و بەرەبەیانی ڕۆژی 20 فەرمان بەگشت یەکەکان درا کە بێن بۆ ماکو. فەوجەکان بەرەو لای باشور پێگەیان گرتبوو. بڕیاربوو لە ڕووباری زەنگمار بپەڕنەوە و ڕووبە باکوری ماکۆ بەرگری بکەن فەرماندەیی دەیویست ڕۆژی 21 کاروانەکان بخاتە جوولان، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمیسیونێك لە تارانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئۆپەراسیونانەی کرابوون و بەپێی باوەڕی ناوەند ئەوەندە بەس نەبوو کە بچێتە ناو ماکۆوە و دەیانویست لێکۆڵینەوەیەك لەگەڵ فەرماندەکاندا بکەن هەروەها فەریق شابەختیش دەیویست نمایشی سەربازیی بۆ 8 فەوجی ڕەوانەکراو ئەنجام بدا.

ڕۆژی 23ی خورداد پاش نمایشی سەربازی کۆمەڵەکان بە دوو کاروان کەوتنە جوولان. کاروانی یەکەم بەفەرماندەیی خۆم کە پێکهاتبوو لە لیوای 6ی پیادەی ئازەرپاد، یەك فەوج لە کرماشان، یەك فەوج لە ئاهن لەگەڵ دەستەی تۆپخانە و چوار سەربازهەڵگر و هاوەن لە میحوەری ئیربید و هاسن و لێواری ڕووباری ئاراس تاکو قەرەقویون، کاروانی دووەم بە فەرماندەیی عەمید زەنگەنە بەهەمان کەرەسەگەلی کاروانی یەکەم لە میحوەری قەرەتەپە، هاسن، فەحیزو قەرەسو.

لەو ماوەیەی کە ئەو دوو ستونە لە ماکو بوون، بچووکترین زانیارییان لەسەر بارزانییەکان نەبوو، تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە پاش ڕووداوەکەی شوت دوو ڕۆژ لە هاسن کە جێگایەکی یەکجار دڵگیرو پڕ بەرەکەت بوو، پشوویان داوە و سەرقاڵی حەساندنەوە و تیماری پێکانی خۆیان بوون.



ڕۆژی 26ی خورداد ئەو کاروانەی لە ژێر فەرماندەیی من دابوو گەیشتە قەرەقویون. ئەم ئاواییە کوردنشینە بەڵام هاوینان کەسی تێدا نیشتەجێ نییە و هەموو دانیشتووەکانی دەچنە کوێستان. دەوروبەری کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆ پیاوانی پاسەوانانی گەڕۆك زانیارییان هێنا کە لە دووری چوار کیلۆمەترێکەوە بەسەر حەسارێکدا کەوتوون کە 50 تا 60 مەتر بەگوریس چوار دەوری کراوەو بڕێکی زۆر چەك و چۆڵەو ئەسپاب بەستراون و لەوێ دانراوە. بێ ڕاوەستان لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەفسەران سەردانی جێگاکەم کردوو دەرکەوت بارزانییەکان لە ئەنجامی جوولانی خێرای کاروانەکەمان، وێڕای بەجێ هێشتنی نزیکەی 250 دانە تفەنگ و ژمارەیەك تەماتیك و ریزهاوێژی قورس و چەند دانە ریزهاوێژی سوك و ژمارەیەك نارنجۆك لە روباری ئاراس پەڕیونەتەوە و چوونەتە نێو خاکی سۆڤیێتەوە تەرمی یەکێك لە بارزانییەکانیش لە لێواری روباری ئاراس بەجێ مابوو.

**لە کتێبی (بیرەوەرییەکانی سەربازێك) نووسینی عەمید حەیدەرقولی بیگلەری**

## پاشکۆی (2)

### هەندێك بەڵگەنامەی سوپا لە بارەی بارزانییەکانەوە:

هەلومەرج و چۆنییەتی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ وڵاتی شاهەنشایی. بەروار 26/3/6 کاتژمێر 7ی ڕۆژی 26/3/6 زانیاری گەیشتە ئەرکانی لەشکری ڕەزاییە کە ژمارەیەك بارزانی هاتوون و 20 سەر مەڕیان بەتاڵانی بردووە. هەروەها لەسەرکردەی هێزی عێراقیشەوە زانیاری هات کە بارزانییەکان بەرەو تورکیا هەڵاتوون و لەوانەیە بێنە نێو خاکی ئێرانەوە. کاتژمێر 13 کوڕانی نوری بەگ هاتنی بارزانییەکانیان بە خوشکییێی 6 کیلۆمەتری باشوری ئەنبێ دوپات کردەوە و کاتژمێر 14 زانیاری گەیشت کە بارزانییەکان بە ئاراستەی خوشکێ پێشڕەوی دەکەن. لە تێکڕای ئەو زانیارییانەوە دەرکەوت کە بارزانییەکان لە سنوری تورکیاوە لە ڕێگەی بەردە سورچاو - هاتوونەتە نێو خاکی ئێرانەوە و ژمارەیان لە دەوروبەری چوار سەد کەس دایە. نەقیب عادل زەرابی لەگەڵ ڕەشید بەگدا دەسبەجێ لە ئەرکان ئامادەبوون و فەرمانی وەرگرت کە لەگەڵ سەد تفەنگداردا بچێت بۆ مەوانا. ناوبراوان کاتژمێر 18ی هەمان ڕۆژ لە ڕەزاییەوە کەوتنە جوڵان و کاتژمێر 23 لەرنێ، و کاتژمێر 30 . 5 بەیانی گەرووی گردەبلیچیان داگیرکردو لە هەمان کاتدا کاروانێکی پێکهاتوو لە دوو فەوجی پیادە (فەوجی ئەسفەهان و فەوجی دووی ئازەرپاد)، یەك دەستە تۆپخانە، چوار سەرباز هەڵگری جەنگیی، یەك دەزگای بێتەل بە فەرماندەیی سەردادوەر پێکهات و ڕاسپێردەیان دایە کە کاتژمێر 4ی ڕۆژی 3/7 بۆ جوولان ئامادەبن.

کاتژمێر 14ی ڕۆژی 26/3/6 فڕینێکی پشکنەریی بەسەر بەرزاییەکانی سنورو گوندەکانی کە ناویان برا بەڕێوەچوو بەڵام بەهۆی هەورو هێڵەوە ئەنجامی پشکنینەکە نەرێنی بوو.

کاروانی ناوبراو کاتژمێر 4ی بەیانی 26/3/7 بە 18 کامیونەوە بەرەو لەرنێ کەوتەڕێ و لە کاتژمێر 17 لە لەرنێ جێگیربوو. بەرەبەیانی ڕۆژی 8 کاتژمێر 8



بەرەو مەوانا کەوتنە ڕێ و لەوێ جێگیربوو. ئەرکی ڕاسپاردەی ئەم کاروانە ئەوەبوو بەخێرایی بگاتە بەزسیمنا و بە مەبەستی تێك گیران و پێشەوەبڕی لە بارزانییەکان لە ڕێگای بەرەو باکور چونیان بوو.

کاتژمێر 12ی ڕۆژی 26/3/7 نوری بەگ هاتە تیلگرافخانە و نامەیەکی کە مەلا مستەفا بۆی نووسیبوو باسی ئەوە دەکا کە لە نێوان ئەو و دەوڵەتدا ناوبژیوانی بکاو هەروەها نامەیەك لە مەلا مستەفاوە بەهەمان ناونیشان گەیشتە ئەرکان، و وەڵامیشی درایەوە کە بێ ئەم لاو ئەولا بەرەو ڕەزاییە بێت و خۆی تەسلیم بکا. بەڵام لە بەرئەوەی لە نووسراوەکانەوە ئەنجامگیریی ئەوە کرا کە نیازی ناوبراو خافڵاندن و کەڵك وەرگرتن لەوەختە. دووبارە جەخت لە کاروانی بەڕێکراو کرایەوە کە لە جوڵانی خۆیان بەرەو مەوانا بۆ تێك گیران لەگەڵیاندا پەلە بکەن تا لە ئاکامی گوشاردا بتوانن زووتر بە ئەنجام بگەن.

دواین فڕینی پشکنەری فڕۆکەکان ڕۆژی 26/3/6 کە لە دەوروبەری تەلۆ و ئەنبێ بەڕێوەچووبوو باسی لەوە دەکرد کە چەند کەسانێکی گومان لێکراو لەو نوختانەدا بەرچاو کەوتوون بەڵام هەر بەبینینی فڕۆکەکان خۆیان شاردۆتەوە و نزیکەی 15 کەسیش لەسەر بەرزاییەك لە نێو سەنگەردا بینراون بەڵام مۆڵ بوونی شەرەنگێزان نەکەوتۆتە بەرچاو و سەرەڕای ئەوەش کە فڕینی فڕۆکەکان لە نزمترین بەرزاییدا بەڕێوە دەچوو بەڵام ئەوان تەقەیان لە فڕۆکەکان نەدەکرد.

دواین زانیاری لە کاتژمێر 21 لەلایەن کاروانی ناوبراو باس لەوەبوو کە (مەلا مستەفا) کاتژمێر 20ی ڕۆژی 7 ئەنبێی بەجێ هێشتووە و بەرەو خانکێ ڕۆیشتووە و ژمارەیەك لە کەسانی خۆی بۆ نازلوچای ڕەوانە کردووە. بەو پێیە بۆ فیرقە روون بۆوە کە مەبەستی بارزانییەکان چوون بەرەو باکورو دەست تێکەڵکردن لەگەڵ عەشیرەتە جۆربەجۆرەکانی باکورو ڕۆژئاوای ڕەزاییەیە. بەیانی ڕۆژی 26/3/6 کە کاروانی بەرێ کراو بەناوی کاروانی تەر\گەوەر لە مەوانا مۆڵ ببوو، ڕایگەیاند کە مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ نوسیوە کە من بۆ خۆ تەسلیم کردن هاتووم ، بەڵام با یەکێك لە ئەفسەران و کەسێك لە سەرۆکی عەشیرەتان بۆ ناوبژیوانی دیاری بکرێ .

بەڵام بەباشی دەرکەوت کە مەلا مستەفا مەبەستی وەخت گوزەراندن و تەفرەدان و خۆیەدوا خستنە و مەبەستی بەڕێ کەوتنە بەرەو باکور . کاتژمێر 21 ڕۆژی 8 هەموو بارزانییەکان لە (نازلووچای)یەوە یە ئاراستەی باکور تێپەڕین . زانیاری ڕۆژی ناوبراو لە کاتژمێر 9/20 باسی ئەوە بوو کە بارزانییەکان گەیشتونەتە سیرۆ و سەریەك .ئەم زانیارییانە لەلایەن کاروانی تەرگەوەڕەوەگەیشتوەو لەلایەن رائید سوڵح جو سەرپەرشتیاری سوارە گەلی شکاك پشتڕاست کرایەوە و هەروەها ئەوەی گوت کە لەلایەن بارزانییەکان نیازیان وایە لە سەرویکە وە بەرەو هوسین بڕۆن. ئەم زانیارییانەی -ی پێشەوە بەکاروانگەلی مۆڵ بوو لە ماکۆ ، قەرەزیا ئەدین ، خۆی ، قتوور ، سییەچەشمە و شاپور و عەقید فولادوەند رابگەیێن و فەرمانیان پێدرا ووریا بن . ڕۆژی 9ی مانگ، فەوجی 2ی لیوای بەهادر و یەك دەستە تۆپخانەی 57، کاتژمێر 8 لە (خوی) ەوە بەرەو دۆڵی قەتوور کەتنە ڕێ و ڕاسپێردەیان پێدرا بۆ ئەوەی لەگەڵ فەوجی 3 ی لیوای 10 کە لە قتوور مۆڵ بو بوو، بۆ بەستنی ڕێبازگەکانی دۆڵی قتوور دەست پێشکەریی بکەن. وێرا بەوەش یەکەگەلی پشتەوانیش بەدوای یەکەوە دەگەنە ئەوان .فەوجی 2ی لیوای 23 لە شنۆ ئامادە بوو و کاتژمێر 21ی ڕۆژی 9-3-26 چووە نێو ڕەزاییە و کاتژمێر 16 ی هەمان ڕۆژ بەرەو شاپور کەوتە ڕێ. بارزانییەکان ڕۆژی 9ی مانگ بەرزانییەکانی گەلی شێخان و کەرتەش و گوندی سیرۆیان گرت و ژمارە یەکیشیان بەرەو گوندی سینا ڕەوانە کراون . وێرای ئەوەش هەمان ڕۆژ ژمارەیەك تفەنگدار بە سەرپەرشتی ئەسعەد بەرزانییەکانی گەلی جیهانیان - کە بۆ پاشەوەی ئەوان گرنگ بوو ـــــ دا گیردەکەن. لە ماوەی ڕووداوەکانی سێ ڕۆژەدا فڕینی پشکنەریی بە دوای یەکدا بە یانیان و عەسران ئەنجام درا بەڵام بە زۆری بەهۆی دژواری هەواوە ئەنجامێك لەو فڕینە پشکنەرییانە وەدی نەهات و تەنانەت لە هەوای خۆشیش دا لە بەرئەوەی بارزانییەکان ڕێ ڕۆیشتنی خۆیان شەوانە ئەنجام دەدەن و لە باری خۆشاردنەوە دا ئەو پەڕی وردەکاریی و لێوە شاوەیی تەواویان هەیە، فڕۆکە پشکنەرەکان بە زۆری وابوو کە نەیان دەتوانی بەووردی جێگاکانی ئەوان دیاری بکەن. لە هەموو ئەو



زانیارییانەوە کە تاکو کاتژمێر22ی ڕۆژی 9 -3- 26 ئەنجامگیری کراون ڕوون و ئاشکرا بوو کە مەرامی بارزانییەکان ڕۆیشتن بەرەو سنوری باکور و چوونە نێو چیاکانی ماکۆیە، و ئەو نامانەش کە دەیان نێرن بۆ مەبەستی خافڵاندن و وەخت بەسەربردنە. بارزانییەکان ڕۆژی 9ی مانگ لە سیرۆ و بەردۆك بەڕێ کەوتن و بەردۆکی خواروویان داگیرکردو بەرەو بەردۆکی سەروو دەڕۆن. لە بەرزاییەکانی ئاغچەگوڵ ماوەی دووکاتژمێر لەنێوان بارزانییەکان و شکاکەکان بە سەرپەرشتی رائید سوڵح جو کە لە بانەکانی باکوری ئاغچەگوڵ مۆڵ بوو بوون، لێکدان و پێکدادان ڕووی دا. پشکنینی هەوایی کاتژمێر 9/20 تا 12ی ڕۆژی 10 ی مانگ، باسی لە چالاکیی سووارەی عەشیرەتەکان لە بانەکانی باکور و باکوری ڕۆژ ئاوای گونبەت دەکرد بەڵام شوێنەوارێکی لە بارزانییەکان نەدیوە. فەرماندەیی هێزلە کاتژمێر 18 ی ڕۆژی 9ی مانگ پاش هەڵسەنگاندنی هەل و مەرج بڕیارێکی بەوجۆرەی خوارەوەی دا و پاش ڕانانی لەبەر پیشگای پیرۆزی شاهانە دا پیادەکردنی بڕیارەکە هەمان کات دەست پێدەکا. ئێستا نەخشەی پێشنار کراو پێشنیار و پەسند کراوی فیرقە کە لە کاتژمێر24-ی ڕۆژی 26/3/9 بە تەواوی یەکەکانی هێز ڕاگەیەنراوە و جێبەجێ کراوە.

1- ڕێگابەستن لە بارزانییەکان لە دۆڵی خوی - قتوور- سنور بەهۆی کاروانێکی پێکهاتوو لە چوار فەوجی پیادەی فەوجەکانی 3ی لیوای 10، فەوجی 2ی بەهادر، فەوجی2ی لیوای 32، فەوجی3ی ئاهن، یەك تۆپی 57ی چیایی، چوار سەربازهەڵگر، یەك دەزگای بێتەل.

2- بەدواکەوتنی بارزانییەکان بەهۆی کاروانی تەرگەوەڕ کە پێکهاتووە لە فەوجەکانی ئەسفەهان و 2ی ئازەرپاد، یەك دەستە تۆپی 75ی چیایی، دوو سەربازهەڵگر، یەك دەزگای بێتەل لەژێر فەرمانی عەقید سەردادوەر. ئەم دوو کاروانە لە ژێر فەرمانی عەمید بیگلەری جێگری فیرقە دادەنرێن. عەقید قزلئایاغ و کەسانی پێویست بۆ بەئەستۆگرتنی ئەرکانی کاروانەکان دیاری کران و ناسێنران.

فەوجی سوارەی فەوزیە (بێ لە یەك کەتیبەی سوارە) بەهۆی یەك تۆپی چیایی بەهێز دەکرێ و لە شاپور بنەجێ دەبێ و دەزگایەکی بێتەلی دەدرێتێ. هێزی یەدەگی گەڕۆك لە شاپور پێك دێت و ئەو ئەرکەشی پێ دەسپێردرێ کە جگە لە چاودێری کردنی گشتی ناوچەی شاپورو شکاك، لە کاتی پێویستدا بۆ ئۆپەراسۆن سازو ئامادە دەبێ.

3- کاروانی ماکو پێکهاتووە لە فەوجەکانی 1ی لیوای 12ی کرماشان و فەوجی 2ی لیوای 27، یەك دەستەی هاوەنی ئەسفەهان، تۆپی 75ی کرماشان، دەزگایەکی بێتەل، لە ژێر فەرماندەیی عەقید موزەفەریدا ئەرکی پێ دەسپێردرێ تا رێبازگەکانی پول دەشت و سنوری بازرگان کە پێشتر بەسەرکردنەوەی کردووە لە ژێر چاودێریدا بگرێ.

4- لە سیەچەشمە فەوجێك لە لیوای بەهادرو یەك دەزگای بێتەل - لە قەرەزیائەدین فەوجی 2ی لیوای 12 و لیوای سوارەی کوردستان (بێ لە فەوجێکی سوارە) بە مەبەستی یەدەگی گەڕۆك لە (خۆی) لە مۆڵ بووندایە و سەرجەمی کاروانەکانی سێ و چوار لە ژێر فەرمانی عەمید زەنگەنەی فەرماندەی لیوای رەزاییەدا دەبن و رائید روکن بەهاروەند لەگەڵ کەسانی پێویستدا بۆ بەئەستۆگرتنی ئەرکانی کاروانەکان دیاری کراون.

فەوجی رائید زرێپۆش کاتژمێر 12ی رۆژی 26/3/10 بەکامیون بەرەو خوی چوون و چوار سەربازهەڵگر، بۆ قتوور بەڕێ کران.تەواوی یەکەکان و فەرماندەکانی کاروان ئاگادارکرانەوە کە نەخشەی ناوبراو لە کاتژمێر 12ی رۆژی 26/3/11 بخرێتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە.

(مەلا مستەفا) بەداخەوە رانەوەستا. عەمید بیگلەری و عەقید نیساری رۆژی 26/3/10 رووبە ئەرکی راسپێردراوی خۆیان بەڕێکەوتن و عەمید زەنگەنە بەرەبەیانی 11ی مانگ رەزاییەی بەجێ هێشتووە.

فەرمانەکانی دیکەی تەواوکاری لە بارەی جێگیربوون لەسەر هێڵی قتوور بریتی بوون لە زیادکردنی فەوجی رائید زرێپۆش بۆ پاڵ دوو فەوجەکەی پێشوو.



بارزانییەکان لە کاتژمێری 3 رۆژی 26/3/12 تا کاتژمێر 14ی هەمان رۆژ لە هەبلوران راوەستان و پاشان لە میحوەری ئاشنگ و بریشخۆرانەوە کەوتنە رێ. لەگەڵ خۆرهەڵاتی رۆژی 13 گەیشتنە راویان و لەوێ چەند کەسێکی سەر بەپیاوانی عەشیرەتانیان، کە لەلایەن کاروانەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ناردرابوون، گرت و هەندێك وڵاخی سواری و بڕێك ئازوخەیان لەو گوندانەی ناویان هات کۆکردبۆوە و کەوتبوونە رێ- رۆژی 26/3/15 بارزانییەکان گەیشتوونە سەگ مەناوا و لەو رۆژەدا لەبەر ئەوەی هێزەکانی بڵاوبوو لەسەر هێڵی قتوور هەرگا بۆ شوێن هەڵگرتنی بارزانییەکان دەکەوتە رێ بەدەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە بۆیە فەوجی 2 و 3ی ئازەرپاد و فەوجی بارسووك کردنی خزمەتی لیوای 9 کە رۆژی 12ی مانگ رەوانەی خۆی کرابوو بەکامیون بۆ شوت گوازرایەوە تا لەوێ رێگا لە بارزانییەکان ببەستن و رووبەڕوویان ببنەوە.

رۆژی 15 خورداد تیمسار سەرکردایەتی هێزو فیرقەی چوار لە رەزاییەوە کەوتە جوڵان و هەر ئەو رۆژە گەیشتنە ماکو و عەقید روکن غەفاری لە شنۆ بانگ کرا ناوبراو کاتژمێر 18ی رۆژی 26/3/16 گەیشتە ناو رەزاییە و بێ دواکەوتن بەرەو ماکۆ جووڵاو هەمان رۆژ بەپلەی ئەرکانی ئۆپەراسیۆنەکانی ماکو دیاریکرا.

رۆژی 16 کاروانی قەرە زیائەدین بەرەو چیای سگار، و کەتیبەیەکی سوارەو یەك دەستەی ریزهاوێژ لە لیوای سوارەی کوردستان بەرەو فەرهادخانی کەوتە جوڵان و فەرمان بە کاروانی سیەچەشمە درا کە هێزی پێشەوەی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوە رەوانەی پێشەوە بکا. یەکەکانی هێڵی قتوور و فەوجی رائید زرێپۆش بەکامیون بەرەو ماکو رۆیشتن و فەوجی 27ی بەهادر و فەوجی 3ی ئاهن لە ژێر فەرماندەیی عەقید فولادوەند ئەرکی بەدواکەوتنیان پێسپێردرا فەوجەکانی ئەسفەهان، فەوجی 2ی کرماشان، فەوجی 2ی لیوای 27 بۆ شاری

باشکەند و کشمیش تەپە، موسا ئاقبلاغ، خندور و قزلّداغ ناردران و شوێنەکانی پێشوویان گرت و هێزی پێشەوەی خۆیان بۆ رووبەڕووبوون بەرەو پێشەوە نارد.

هەر ئەو رۆژە عەمید زەنگەنە لەگەڵ فەرماندەی لیوای بایەزید لە بازرگان دیداری کردو رەوتی بارزانییەکانی لەڕووی زانیارییەوە بۆ شرۆڤەکردن، بارزانییەکان کە بەرۆژ لە بەرزاییەکاندا خۆیان دەشاردەوە و شەوانەش بەدرێژایی لێوارەکانی چیاکانەوە رێگایان دەبڕی، بەرەو بلەسوری گەورە و بچووك و سیرپاگوڵ و لەوێشەوە بەرەو یەکماڵەی سێ کیلۆمەتری باشوری شێخ مەملو لە دەڤەری سیەچەشمە هاتوونەتە پێشەوە.

عەقید زاڵتاش لەگەڵ 150 دانە تفەنگ و ژمارەیەك فیشەك و چەند کەس لە (عەریفان) بۆ چەکدارکردنی تایفەی میلان کەوتنەڕێ. رۆژی 17ی مانگ بارزانییەکان شەوەکی چوونە ناو شوێنێکەوە لە پەنا قەرەدەرە، و لەبەر ئەوەی گریمانەی ئەوە هەبوو کە بەرەو کورەلەر بڕۆن و دەبوایە بە ناچاری لە هێڵی بازرگان- ماکو- خندور- قزلّداغ بپەڕنەوە. کاروانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە لە هێڵی ناوبراو جێگیربوون: بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە مەیدان وەرگیرا، عەقید نیساری لەگەڵ دوو فەوجی پیادە، فەوجێکی تۆپی 75ی، فەوجێکی سوارە، یەك دەستەی ریزهاوێژ لە کلیتی سەروو لە حاڵەتی بەدواکەوتندا بن، عەقید لەشکری لەگەڵ فەوجێك و کەتیبەیەکی سوارە و دوو سەربازهەڵگر، لە بەرزاییەکانی سگار، فەوجێکی پیادە و کەتیبەیەك تۆپی 75ی، دوو سەربازهەڵگر، لە سیەچەشمە، فەوجێکی پیادە، دوو سەربازهەڵگر، کەتیبەیەك تۆپی 75 لە هێڵی ساری ئۆجاق و کشمیش تەپە، یەك فەوج لە بەرزاییەکانی سگەر، دەستەیەك تۆپی 75ی چیایی لە خەندرو دوو فەوجی پیادە و یەك تۆپی 75ی، دەستەیەك سوارە، سێ سەربازهەڵگر، لەگەڵ عەقید سەر دادوەر لە شوت. بەم نەخشەیەوە کار ئەنجام دانی فەرماندەیی وێرا بەو رێکخستنەوە ئەوەبوو ئەگەر بەر لە



دەربازبوون لە هێڵی ناوبراوی پێشوو، پێکدادان روویدا، ئەوا تەفرو توانایان بکەن و ئەگەرنا لەناوچەی کورەلەردا گەمارۆ بدرێن.

بە هۆی دووریی ناوچەی ئوپەراسیون لە رەزاییەوە ئەرکانی ئوپەراسون کە لەبەرواری 16ی مانگ لە ماکو پێکهات، فەرمانەکان و بڕیارەکانی خۆی راستەوخۆ بەیەکەکانی هێز دەگەیەنێ و چۆنییەتی ئۆپەراسیۆنیش راستەوخۆ بە راپۆرت دەداتەوە بە ئەرکانی سوپا.

**سەرۆکی ئەرکانی فیرقەی 4 ئازەربایجان**

**عەقید فەیوزی**

## ئەرکانی هێزی کوردستان

**روکنی** ⁄2

**ژمارە 36788 /د** **بەروار 26/3/7**

**رەزاییە** **کاتژمێر /21**

**راگەیاندنی ژمارە (1)**

هەلومەرجی 24 کاتژمێری رابردوو و فیرقەی چواری رەزاییــە بــەم شـێوەیەی خوارەوەیە:

1- کاتژمێر 2ی رۆژی شەشەم هەواڵ بە ئەرکانی فیرقە گەیشت کە هەر ئەو رۆژە ژمارەیەك هاتوونەتە جرمێ و 20 سەرمەڕیان بردووە.

2- دەسبەجێ لە فەرماندەیی هێزی عێراقەوە زانیاری هات کەوا بارزانییەکان لە عێراقەوە بۆ ناو تورکیا هەڵاتوون و لەوانەیە بێنە ناو خاکی ئێرانەوە.

3- کاتژمێر 13 کوڕانی نوری بەگ هەرکۆ بــەگ (بــەگزادە) هــاتن بــۆ ئــەرکانی سوپا و هاتنی بارزانییەکان یان بۆ (خوشکێ)ی شــەش کیلۆمــەتری باشــوری (ئەمبێ) راگەیاند.

4- کاتژمێر 14ی هەمان رۆژ کوڕەکەی نوری بەگ رایگەیاند کە بارزانییەکان لە (خوشکێ) وە بەرەو ئەمبێ خەریکی پێشەوە چوونن.

5- لە تێکڕای ئەو رووداوانەوە دەرکەوت کە ئەوان لە سنوری تورکیا لە رێگــەی بەردەسورچای هاتوونەتە نێو ئێران و ژمارەی ئەوان نزیکەی 400 کەسە.



6- دەسبەجێ لە کاتژمێر 14 فڕینێکی پشکنەریی بەسەر بەرزاییــەکانی ســنورو گونــدەکانی ســەرەوە ئــەنجام درا بــەڵام بــەهۆی هــەورو هێڵــەوە ئــەم فڕینــە پشکنەرییە هیچ ئەنجامێکی لێ وەرنەگیرا.

7- دەسبەجێ نەقیب عادل زەرابی لەگەڵ رەشید بەگ و کوڕانی نــوری بــەگ بــۆ ئەرکان بانگ کران. فەرمانی رەوانــەکردنی 100 تفەنگــدار بــۆ مــەوانا درا. ناوبراوان کاتژمێر 18 کەوتنە رێ و هــەتا کاتــژمێر 23 لــەرنێ، و کاتــژمێر 30 . 5یش گــەرووی (گــردەپیچ) یــان گــرت. هــەر ئەوکاتــە کاروانێــك کــە پێکهاتبوو لە دوو فەوجی پیادە (فەوجی ئیسفەهان و فــەوجی 2ی ئازەرپــاد) دەستەیەکی تۆپخانە و چوار (سز)، یەك دەزگای بێتەل و بەرەبەیانی ئەو رۆژە لەگەڵ 18 کامیون بەرەو لــەرنێ کەوتنــە رێ و هــەتا کاتــژمێر 30 . 17 لــە لەرنێ مانەوە و بۆ رۆژی پاشتر لە مەوانا جێگیر دەبن.

8- ئەمڕۆ کاتژمێر 12 نوری بەگ هات بۆ تیلگرافخانە و و نامەیــەکی هێنــابوو کە (مەلا مستەفا) بۆی نووسیبوو و بۆ ئەوەی ناوبراو لە نێو ئەو و دەوڵەتــدا ناوبژیوان بێ و پەنای بۆ ئەو بردبــوو کاتــژمێر 16ش نامەیــەك کــە لەلایــەن (مەلا مستەفا) بۆ فیرقە هاتبوو گەیشتە ئەرکانی سوپا، بەو نیشانە کە نیــاز لە گەڕانەوەم خۆ تەسلیم کردنە بە دەوڵەتی شاهەنــشا وەڵامــی درایــەوە کــە دەسبەجێ بێ ئەملاو ئــەولا بــەرەو رەزاییــە (ورمــێ) بــەڕێ بکــەوێ. بــەڵام بەبۆچوونی فیرقە نیازی نــاوبراو هەڵخەڵەتانــدن و وەخــت تێپەڕاندنــە. بۆیــە فەرمان بەکاروانی رەوانەکراو درا کە لە جووڵانی خۆی بــەرەو مــەواونا پەلــە بکا بۆ ئەوەی لە ژێر گوشاری زیاتردا بتوانێ زووتر بە ئەنجام بگا.

9- دواین فڕینی پشکنەریی رۆژی پێشوو هەواڵی ئەوە دەدا کــە لــە دەوروبــەری تەلۆ و ئەمبێ کەسانێکی گومانلێکراو بینراون کە هــەر لەگــەڵ دەرکــەوتنی فڕۆکەکاندا خۆیان شاردۆتەوە و نزیکەی 15 کەسیش لە پیاوانی شــەڕەنگێزان

له باشوری تەلۆ لەسەر بەرزاییەکان لەناو سەنگەردا بینران بەڵام مۆڵ بوونێکی گرنگی شەرەنگێزان بەرچاو نەکەوتووە. وێڕای ئەوەش کە فڕینەکە لە ئاستێکی نزمدا بووە بەڵام ئەوان تەقەیان لە فڕۆکە نەکردووە.

10- دواین زانیاری کە کاتژمێر 21 لە کاروانی تەرگەوەڕ گەیشت، (مەلا مستەفا) کاتژمێر 20 ئەمبێی بەجێ هێشتووە و بەرەو خانکێ ڕۆیشتووە و ژمارەیەك لە پیاوانی خۆی بۆ نازلوچای ناردووە، بەو پێیە نیازی ئەوان ڕۆیشتن بە ئاراستەی باکوورو دەست تێکەڵکردنە لەگەڵ عەشیرەتە جۆربەجۆرەکانی باکورو ڕۆژئاوای ڕەزاییە.

**فەرماندەی فیرقەی 4 و هێزی کوردستان - لیوا هومایونی**
**سەرۆکی ئەرکانی فیرقەی 4 و هێزی کوردستان - عەقید فەیوزی**



**وەزارەتی جەنگ**

**ئیدارە: نووسینگەی ئەرکانی سوپا**

خولاو: بەروار: 1326/3/21

ژمارە: 2/2042 لکاو:

**تیمسار فەریق شابەختی:**

لەسەر فەرمانی شاهانە ئاگادارتان دەکەین کە بەو جۆرەی ئاگادارن بارزانییەکان لە 3/6 هاتوونە نێو خاکی ئێرانەوە و پەیتا پەیتا لەشکر (فیرقە)ی چوار ئاگادارکرایەوە کە بەدوایان بکەوێ و سەرکوتیان بکات بەڵام فیرقەی 4 تەنیا لە 3/19 توانی لەگەڵ ئەو شەرەنگێزانەدا ڕووبەڕوو بوەستێت. لە کاتێکدا ژمارەی هێزی فیرقە بۆ بەدواکەوتنی ئەو شەڕەنگێزانە دە بەرامبەری ئەوان بوو و هەموو جۆرە ئامێرێکی ئۆتۆمبیل و شتی تر لەبەر دەستی فیرقەدا بوون بەڵام بارزانییەکانبە جۆرێکی گشتی پیادەبوون شێوەی ڕێ ڕۆیشتنی پەلەیان نەبوو و تەنانەت ئەعلا حەزرەت همایون شاهەنشا پاش ئاگاداربوونی لە ڕووداوەکان فەرمانی پیرۆزی خۆی فەرموو کەوا پێویستە لە زەرفی 48 کاتژمێردا ئەم کارە بەکۆتا بگەیەنرێ. ئەمە بەهیچ جۆرێك نەهاتەدی. هەتا ئەوەی لە بەرواری 19ی مانگدا لە دەوروپشتی شووت لەگەڵ شەرەنگێزاندا ڕووبەڕووبوونەوە و لە ئەنجامی ئەم کردەوەیەدا کە فیرقە هەواڵی داوە 31 کەس کوژراون و 35 کەسی دیکەش بریندازبوون و بارزانییەکانیش توانیویانە سەرەڕای ئەم پێشهاتەش دیسانەوە بەرەو باکور بڕۆن. لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لەهەموو ڕوویەکەوە شایانی گرنگی پێدانە. بۆیە بەپێی فەرمانی شاهانە بڕیارە کومیسیونێك لە ژێر سەرۆکایەتی تیمسارو ئەندامێتی لیوا خەسرەوانی، عەمید گورزەن، عەمید وەسووق لەو شوێنە پێکبهێنرێ بە ووردی لە گشت لایەنەکانی ڕووداوەکان بکۆڵرێتەوە:

1- بۆچی فیرقە دەسبەجێ دەست پێشکەری نەکردووە؟

2- بۆچی کاروانەکان بەو ئامێرانە کە لەبەردەستیدا بووە نەیتوانیوە دەست پێشکەری بکا؟

3- کەمتەرخەمی لەم ئۆپەراسیۆنەدا لەسەر شانی کێیە؟

4- هۆکاری ئۆپەراسیۆنی دوایی چی بووە و کەمتەرخەمی لەلایەن کێوە بووە؟

بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە و بەڕاشکاوی دیاری بکرێ کە لەم ئۆپەراسیۆنەدا کەمتەرخەمی لەلایەن کێوە بووە. ئەم پێشهاتە کەسایەتیی و پایەی سوپای لەبەر چاوی دراوسێکان و هەتا لەبەردەمی عەشیرەتەکانی خۆ وولاتیش هێناوەتە خوارێ و بێتوانایی یەکەکانی سوپای بەتەواوی سەلماندووە. بە زووترین کات ئەنجامەکەی رابگەیەنن بۆ ئەوەی بگاتە بەر شەرەفی پێشگای شاهانەوە.

**سەرۆك ئەرکانی سوپا**
**لیوا رەزم ئارا**



**رەزاییە**
**بەروار** 26/3/9
**کاتژمێر** 24

**ئەرکانی هێزو فیرقەی رەزاییە**

**روکنی** 3

**ژمارە** 644 / **ھ**

**قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆن**

فەرمانی ئۆپەراسیۆنی ژمارە 1

**1- بارودۆخی گشتی:**

**ئەلیف:** زانیاری لە بارەی دوژمن: بەپێی راگەیاندنی لکاو (ژمارە 2) پوختەی ئەوەی کە لە بارەی بارزانییەکانوە بەدەست هاتووە ئەوان نیازیان وایە بەخێرایی خۆیان بگەیەننە سنوری ماکو- بازرگان.

**بێ:** هێزی خۆمان بەشێوەی خوارەوە مۆڵ بوونە:

ماکۆ: دوو فەوجی پیادە. دەستەی هاوەن، تۆپی 75ی، کەتیبەی سوارە، یەك دەزگای بێتەل.

سیەچەشمە- یەك فەوجی پیادە، دەستەی تۆپی 75ی، دوو سەربازهەڵگر، یەك دەزگای بێتەل.

قەرەزیائەدین- یەك سریەی پیادە، یەك سریەی ریزهاوێژ لە فەوجی 2ی لیوای 12.

قتوور- یەك فەوجی پیادە.

نێوان رێگای خوی و قتوور- فەوجێکی پیادە، یەك دەستەی هاوەن، یەك دەستە تۆپی 75ی، کەتیبەیەکی سوارە.

شاپور- یەك فەوجی پیادە (بێ لە یەك سریە)، یەك فەوجی سوارە.

تەرگەوەڕ- دوو فەوجی پیادە، یەك دەستە هاوەن، دوو سەربازهەڵگر، یەك دەستە تۆپی 75، یەك دەزگای بێتەل.

مەرگەوەڕ- دوو فەوجی پیادە، یەك دەستە هاوەن، دوو سەربازهەڵگر یەك کەتیبەی سوارە، یەك دەزگای بێتەل.

شنۆ- یەك فەوجی پیادە، یەك دەستە هاوەن (یەك فەوج لەم کاروانە کاتژمێر 2ی رۆژی 26/3/9 گەیشتە رەزایییە) فەوجی سوارەی لیوای 5ی لوڕستان بەیەك دەزگای بێتەلەوە ئەمڕۆ لە سنوری خانە (خانێ)وە گەیشتە نەغەدە.

2- **ڕێکخستنی فەرماندەیی:**

**ئەلیف:** بەستنی رێگای دەربازبوونی بارزانییەکان بەرەو باکور، لە دۆڵی خوی-ەوە هەتا قتووری سەر سنور.

**بێ:** بەدواکەوتنی دەسبەجێی بارزانییەکان لە باشوورەوە بەهۆی کاروانی تەرگەوەڕ، ئەمەش بەبەهێزکردنی کاروانی ناوبراو. لە پیادەکردنی ئەم روانینەی سەرەوە رێکخستنی خوارەوە پەیڕەو دەکرێ.

**ئەلیف:** -کاروانی دۆڵی قتوور کە پێکهاتووە لە 4 فەوجی پیادە، یەك دەستە هاوەن فەوجی 3ی لیوای 10 کە لە قتوورە- فەوجی 1 لیوای بەهادر، فەوجی 2 لیوای 32 فەوجی (لیوای ئازەرپاد)، 4 سەربازهەڵگر، یەك تۆپی 75ی چیایی (تۆپخانەی فەوجی کوپال)، یەك دەستەسوارە لە لیوای سوارەی کوردستان، یەك دەزگای بێتەل بەفەرماندەیی عەقیدی پیادە نیساری و یاریدەدەریی جێگریی عەقیدی پیادە فولادوەند.

ئەرکی پێسپێردراوی ئەوەیە کە نێوان خوی و قتوور و گشت نوختەکان ئەو پێگانەی کە هەیە بەجۆرێك داگیر بکات.

**بێ:** کاروانی مەرگەوەڕ کە پێکهاتووە لە فەوجەکانی 2-3ی لیوای 6ی ئازەرپاد، فەوجی 2ی ئەسفەهان، یەك دەستە هاوەن لە لیوای ئازەرپاد، دوو سەربازهەڵگر، یەك دەستە تۆپی 75ی، یەك دەزگای بێتەل بە فەرماندەیی عەقید روکن سەردادوەر.



ئەرکی پێسپێردراو- بەدواکەوتنی بەپەلەی بارزانییەکان و گەیاندنی ئەوان بە ناوچەی قتوورچای بەنیازی تێسرەواندنی زەبری سەخت و نابوت کەرانە لێیان. و سەرکردەی ئەم کاروانە لە 125 نەفەر سوارەگەلی شکاك بەسەرپەرشتی رائیدی سوارە سوڵح جۆ و 100 نەفەر لە سوارەگەلی هەرکی و بەگزادە بەسەرپەرشتی مولازمی یەکەمی سوارە (ئەردەلان) لە پێشەکی کاروانی ناوبراودا دادەنێ بۆ ئەوەی لەکاتی رووبەڕووبوون لەگەڵ بارزانییەکان سودیان لێ وەرگیرا. هەردوو ئەم کاروانە لە ژێر سەرپەرشتی عەمید بیگلەری یاریدەدەری سەرکردەی فیرقەی 4ی رەزاییەدا دەبێ. و ناوبراو دەبێ ئەرکانی خۆی لە ئەفسەرانی ئەرکانی فیرقەو میرە و بێتەل پێك بهێنێ و بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە بەرپرسانی پەیوەندیدارەوە بکاو دوو ئۆتۆمبیلی سەربازهەڵگر و دەزگایەکی بێتەل لەژێر دەستی ناوبراودا دابنێ.

ج- لیوای سوارەی فەوزیە (بێ لە یەك دەستەی سوارەو یەك دەستە ریزهاوێژ) کە لە کاروانی مەرگەوەڕدا ئەرکی پێسپێردراوە، بە فەرماندەیی فەرماندەی فەوج لە شاپور مۆڵ دەبێ و هێمنیی ئەو ناوچەیە دەپارێزێ و لەکاتی پێویستیشدا پشتیوانی لە یەکێك لە کاروانەکان بەپلەی یەکەم کاروانی پێشگری باشوورو بەپلەی دووەم کاروانی قتوورچای دەکات و وەکو هێزێکی یەدەگی جوولاو لە ژێر سەرپەرشتی کاروانگەلی ناوبراودا دەبێ.

د- کاروانی مەرگەوەڕ بەو شێوە پێکهاتووەی کە هەیەتی (فەوجەکانی نادری و ئاهەن، دەستەیەك هاوەن، دوو ئامێری سەربازهەڵگر، و یەك دەزگای بێتەل، و یەك دەستەی سوارە و یەك دەستە ریزهاوێژی لیوای فەوزیە، ئەرکی بەستنی رێگاکانی دالامپەر و بەرسینان لە باشوری مەرگەوەڕ پێسپێردراوە.

هـ- کاروانی سیەچەشمە پێکهاتووە لە فەوجی 1ی لیوای بەهادر (بێ لەیەك سریە) سریەیەك لە روزئابادە)، یەك دەستە تۆپی 75ی، دوو سەربازهەڵگر یەك دەزگای بێتەل لە ژێر فەرماندەیی رائید یاسائی ئەرکی پێسپێردراو:

پێكهێنانی هێڵی دووەم لە پاشكۆی ناوچەی قتوور و ڕێ بڕینەوە لەهەر بەرەو پێشەوە چوونێكی بارزانییەكان كە لەوانەیە بەرەو باكوور ئەنجام بدرێ.

و- كاروانی ماكو: پێكهاتووە لە فەوجی 1ی لیوای 12، فەوجی 2 لیوای 27، دەستەیەك هاوەنی ئەسفەهان، تۆپی75ی و نەقیب ڕەئیسیان، دوو سەربازهەڵگر، یەك دەزگای بێتەل لەژێر فەرماندەیی عەقیدی سوارە مزەفەرییدا.

ئەركی پێسپێردراو: بەستنی هەموو ڕێبازگەكانی نێوان بازرگان و پول دەشت كە تاكو ئێستا بەسەركراونەتەوە بە مەبەستی پێكهێنانی هێڵێكی بەربەست كەری كۆتایی.

ز- كاروانی قەرە زیائەدین: پێكهاتووە لە یەك فەوجی دوو سرییەی لیوای 12ی كرماشان، فەوجی ناوبراو یەك سرییەی خۆی كە لە (خوی) مۆڵ بووە بانگ دەكا بۆ قەرەزیائەدین. سەرجەمی هەر سێ كاروانی پێشوو (سیەچەشمە، ماكو، قەرەزیائەدین) لە ژێر سەرپەرشتی عەمید زەنگەنەی سەركردەی لیوای ڕەزاییەدا دەبێت. ناوبراو ئەركانی خۆی لە نێو ئەفسەرانی ئەركانی لیوای ناوبراودا هەڵدەبژێرێ. یەك دەزگای بێتەل و دوو سەربازهەڵگر لە ژێر دەستی ناوبراودا دەبن.

ح- كەتیبەكانی سوارەگەلی كوردستان كە لە ماكو و سیەچەشمە و خۆی جێگیربوونە لە قەرە زیائەدین كۆدەبنەوە و وەك یەدەگی جووڵاو لە ژێر سەرپەرشتی كاروانگەلی باكووردا دەبن، دەزگایەكی بێتەلیان پێ دەدرێ.

### 4- سپێری هێز:

فەوجی پیادەی بارسوك كردنی خزمەت- دوو سەربازهەڵگر، یەك دەستە تۆپی 75ی نەقیب فەرسیو، تۆپی 105ی بەرزی ئامێری. هێزی سپێریش لە كاتی پێویست و لە شوێنی دیاریكراودا سودی لێ وەردەگیرێ.



5- داگیركردنی پێگەی قتوور چای و هەموو گواستنەوە و جێگۆڕییەك دەبێ تا كاتژمێر 12 ڕۆژ بەكۆتایی هاتبێ.

6- كاری فڕۆكە: پۆلی هەوایی بەپێی فەرمانگەلی پشكنەریی كە ڕۆژانە دەردەچن بەیانیان و عەسران خەریكی فڕینی پشكنەریی دەبن، و ئەركەكانی فڕین و بۆمبابارانكردن بەگوێرەی بارودۆخ جێبەجێ دەكرێ.

7- پەیوەندی: پەیوەندی كاروانەكان بە ناوەندی هێزو ئەركانی فیرقە لە ڕێگەی بێتەل دەبێ، هەروەها ئەو كاروانانەی كە لە جادەی ڕەزاییە- شاپور- خوی- قەرەزیائەدین- ماكۆن وێڕای بێتەل سود لە تیلگراف و تەلەفۆنیش وەردەگیرێ. پەیوەندی نێوان كاروانگەل و یەكەكانی هەر ستونێك دەبێ بەهۆی هەموو ئامرازگەلێكی پەیوەندییەوە كە لە ژێر دەستیاندایە بەتایبەتی ئاوێنەو چرا و تەتەری نێوان سریەكان، ئەنجام بدرێ.

**فەرماندەی هێزو فیرقە 4ی ئازەربایجان**

**لیوا هومایونی**

**سەرۆكی ئەركانی هێزو فیرقەی 4**

**عەقید روكن فەیووزی**



عەلی ئەسغەری ئیحسانی





عەلی ئەسغەری ئیحسانی
مەشهەد، مرداد 1324
دواین وێنەی ئەو
پێش دەست پێکردنی راپەڕینی خوراسان



عەلی ئەسغەری ئیحسانی
تیرماه 1376
تاران



عەلی ئەسغەری ئیحسانی





ئیحسانی سالی 1377

# گرامیداشت خاطره بارزانی‌های فقید



ملا مصطفی بارزانی



ادریس بارزانی



ملا مصطفی بارزانی




ملا مصطفی بارزانی





محمد قاضی رئیس جمهور ا کردستان



سیف قاضی وزیر جنگ جمهوری کردستان





زندان شماره ۲ قصر ۱۳۳۲

لەراستەوە بۆ چەپ ئیحسانی، زەریەخت، ئەرتەشیار، ئیوای، تەفراشیان



تهران، زندان قصر ۱۳۳۰

لەراستەوە بۆ چەپ: تەفراشیان، زەریەخت، ئیوای، ئیحسانی، ئەرتەشیار